# پرسی کورد گۆڕاوە،
# تورکیا هێشتا
# لەرابردودایە

کۆمەڵە وتاری چەند ڕۆژنامەنوسێکی تورك

محەمەد عەلی بیراند
جەنگیز چاندار
ئەحمەد ئاڵتان
محەمەد ئاڵتان

وەرگێڕانی : مامەند ڕۆژە


- ❖ ناوی کتێب: پرسی کورد گۆڕاوە، تورکیا هێشتا لەرابردودایە
- ❖ نوسینی: چەند ڕۆژنامەنوسێکی تورك
- ❖ وەرگێڕانی: مامەند ڕۆژە
- ❖ تایپی کۆمپیوتەر: سۆران بورهان – لەیلا حەسەن پور
- ❖ دیزاینوبەرگ:
- ❖ مۆنتاژ: جەلیل حسێن
- ❖ ژمارەی سپاردن:
- ❖ تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ❖ لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)

# پێشەکی وەرگێڕ

تورکیا جگە لەوەی وڵاتێکی دراوسێمانە، گەورەترین بەشی وڵاتەکەشمان لەدەرەوەی خواستی دانیشتوانەکەی خراوەتەسەر ئەم وڵاتە. بەدرێژایی سەدەی رابردو پرسی کورد لەم وڵاتەدا ناوە—ناوە ئەم وڵاتەی توشی قەیران کردوە. بەڵام لە چارەکە سەدەی رابردوەوە تاوەکو ئێستا پرسی کورد بەگەرموگوڕی زیندوبۆتەوەو بۆتە پرسی هەرەسەرەکی ئەم وڵاتە . شۆڤینیزمی تورك هەمیشە بەسەرسەختی بەرپەرچی پرسی کوردستانی داوەتەوە. شۆڤینیزمی تورك بەدرێژایی سەدەی رابردو تەنها لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە نا، بەڵکو لەلایەن ئەکادیمیی‌و رۆژنامەنوسانیشەوە وەکو ئایدیۆلۆژیای رەسمی کەڵکی لێوەرگیراوە. رۆژنامەنوسانی ئەکادیمیی‌و رۆژنامەنوسانی نەژادپەرست، بەتێزوتیۆری نازانستی‌و ناواقیعی حاشایان لەبونی گەلی کوردو پرسی کوردستان کردوە.






لەچارەکە سەدەی رابردودا، دوابەدوای ئەوەی بزاڤی رزگاری نیشتمانی کوردستان گەشەی کردەوە لەناو ئەکادیمیی‌و رۆژنامەنوسانی تورکدا بانگێکی جیاواز هاتە بەرگوێ. ژمارەیەك ئەکادیمیی‌و رۆژنامەنوس پەیدابون کە بە ویژدانی زانستیەوە ئاوڕیان لە پرسی کورد دایەوە. ئەمانە پرسی کوردیان کردە مژاری توێژینەوەو وتارەکانی خۆیان. هەر لەبەر ئەمەش لەلایەن ئایدیۆلۆژیای رەسمیەوە روبەڕوی گەلێك گیروگرفت بونەوە. پیاوێکی ئەکادیمی وەکو ئیسماعیل بێشکچی چەندین ساڵ لەتەمەنی خۆی لەزیندان بەسەربرد. پەیامی بێشکچی چروسکەیەك بو لە شەوەزەنگی کەمالیزمدا.

سەرەڕای ئەوەی بێشکچی لەبەر توێژینەوەکانی سەبارەت بە پرسی کورد سەد ساڵ حوکمدرا، بەڵام ئەم رۆحە مەزنە بۆ چرکەساتێکیش نەکشایەوەو بەپێچەوانەی سەرکردە ترسنۆکەکانی کورد بەرگری لە ئامانجەکانی گەلی کورد کرد. بۆیە لەم پانزە ساڵەی دواییدا نەمامەکەی بێشکچی بەریگرت‌و ویژدانە زیندوەکانیتری بەدوای خۆیدا هێنا. نوسەرو رۆژنامەنوسی وەکو ئورهان پامۆك، ئەحمەد ئاڵتان، محەمەد ئاڵتان، جەنگیز چاندارو محەمەد عەلی بیراندو حەسەن جەمال بازنەی ئایدیۆلۆژی رەسمیان پچڕی‌و بەچاوێکیتر سەیری پرسی کوردستانیان کرد.

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لەو وتارە رۆژنامەییانەی کە رۆژنامەنوسانی بەناوبانگی تورك وەکو محەمەد عەلی بیراند، جەنگیز چاندار، محەمەد ئاڵتان، ئەحمەد ئاڵتان، حەسەن جەمالو هتد، لە رۆژنامەکانی میللیەت‌و پۆستاو

حوریەتو گازەتەم—نەت...دا نوسیویانە. دیارە وتاری هەندێك رۆژنامەنوسی نەژادپەرستی دژە کوردیشمان وەرگێڕاوە. مەبەست لەمەش ئەوەبو کە تەنها رای پۆزەتیڤی رۆژنامەنوسان وەرنەگێڕین، بەڵکو رای رۆژنامەنوسانی دژەکوردیش بگوێزینەوە. هەروەها لە دواهەمین بەشی کتێبەکەشدا دو چاوپێکەوتنی تازەی ئیسماعیل بێشکچیشمان وەرگێڕاوە کە هیوادارین بوبێتە گوڵی سەرتۆپی ئەم کتێبە. بێشك پرسی کورد لەباکوری یەکێك لە بەژانترین پرسەکانی مرۆڤایەتی ئەم سەردەمەیە. هەر خزمەتێك بۆ گواستنەوەی بیروڕای ئەو رۆژنامەنوسە تورکانەی کە بایەخ بە پرسی کورد دەدەن، پایەکانی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم لەقدەکات.

## داوا دەکەم ئورهان پامۆك زیندانی بکرێت!




### محەمەد عەلی بیراند

ئێمەمانان تاکو سەرمان نەدرێ بەدیواردا راستییەکان قبوڵناکەین. ئاشکرا دەبیینین کە ئەم بارودۆخە باش ناڕوات. لەهەموشی خراپتر ئەوەیە کەگفتوگۆی مەترسییەکان دەکەین و میدیاکانیش بیروڕاکان رادەگەیەنن و تەنانەت زەنگی ئەلارمیش لێدەدەین. واتە بەئەنقەست کۆمەڵێك روداو لێکدەدەینەوە، بەڵام پێی هەڵناسورێین.

بۆ نمونە ئەو داوانامەیەی لەسەر ئورهان پامۆك براوەتە دادگا... دادوەر چۆنی شیکردبێتەوە، ئەوا شیکردۆتەوە، بەڵام ئەمە پشتی بەمادەی ٣٠١ی یاسای کۆماری تورکیا بەستوە، (مادەی ٣٠١، ئەو کەسەی سوکایەتی بەتورکایەتی و کۆماری تورکیاو پەرلەمان بکات، بەگوێرەی یاسا لە٦ مانگ تا وەکو ٣ ساڵ سزا دەدرێت).

هەمومان دەمانزانی ئەم مادەیە سەرئێشەمان بۆ دروستدەکات. لەم دانوسانەدا هەمیشە گفتوگۆمان لەسەر ئەوەدەکرد کە سەرئەنجام دەکەوینە بۆسەی مادەی ٣٠١وەو پێماندا دەتەقێتەوەو گرفتمان بۆ دروستدەکات و تەنها خۆشمان نا، بەڵکو ئەو دۆستانەی یەکێتی ئەوروپاش کە دەیانەویست یارمەتیمان بدەن، ئەمەیان بیر خستبوینەوە. پێیان گوتبوین کە چوارچێوەی مادەکە یەکجار فراوانەو پێویستە ئامانج و زمانەکەی رونبکرێتەوە. کەس





گوێینەگرت. قەت نەمانتوانی ببینە ئەوروپی.

بوینە دیلی هەندێك محافزەکارو بەمجۆرە ئەم یاسایەمان پەسەندکرد.

بەمجۆرە ئەو بیرەی بەکوڵنگ خۆمان هەڵمانکەندبو، خۆمانی تێکەوتوین.

ئێستا پێویستە لەم بیرە بێینە دەرێ. تازە بەتازە ئەقڵمان کەوتۆتەوە سەرمان و دەمانەوێ دەمامکێك بۆ ئەم شەرمەزاریە وەدۆزین. من دەمەوێ رێنمونیتان بکەم. دەتوانن دڵنیابن لەئەنجامی سەرکەوتنی رێنمونیەکانم و بەتەجروبەکانم گەرەنتی ئەمەتان بۆ دەکەم.

رێگەی قەدبڕی نزیك ئەوەیە برۆن ئورهان پاموك بگرن و دەستوقۆڵی کەلەبچە بکەن و بیخەنە زیندانەوە.

جا ئەگەر رێگەی خێراترتان دەوێ پێویستە ئەم روداوە بەخەستی بکەینە خۆراکی میدیاکان. دەبێ یارمەتی میدیای نێونەتەوەیی بدەین، دەبێ بەتێروپڕی پێشوازیی چۆنیەتی رەنگدانەوەی ئەم بابەتە بکەین لەمیدیاکاندا.

بەتایبەتی دوا گۆڕەپانی دیمەنەکە گەلێك گرنگە.

ئەو دەمەی پاموك دەبەن بۆ زیندان، کاتێك لەئۆتۆمبیل دایدەبەزێنن، واباشترە مەودایەکی درێژ لەنێوان ئۆتۆمبیلەکەو دەرگای زیندانەکەدا هەبێ بۆ ئەوەی میدیاکان ببینن.

ئیتر واز لەئاکامەکەی بێنن، لەوەودوا خۆی بۆ خۆی دەڕوات.

بەر لەهەموان یەکێتی نوسەرانی جیهانی، بەرگری لێدەکەن.

بەتایبەت کەسایەتییە بەناوبانگەکان بەیادەوەری ئەم روداوە لەبەردەرکی زیندانەکەدا تاجەگوڵینە دادەنێن. هەرەشە لەگفتوگۆکانی ئەندامێتی یەکێتی

ئەوروپا دەکەن... پەرلەمانی ئەوروپا وەفد دەنێریۆ خەڵاتی پێدەبەخشیێ.. و تەنانەت دەیکاتە بەرئەندامی خەڵاتی نۆبلێش.... لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا...و کۆنگرێسی ئەمریکاوە چی شاند بێتە تورکیاوە سەرەتا دۆسیەی ئۆرهان پاموك دەکەنەوە.

لەمانگە سەرەتاییەکاندا نیشتمانپەروەرو نەتەوە دۆسەکان رەنگە خۆشیان لەم سزادانە بێت، بەڵام دوای ماوەیەك کێشەی پاموك وردەوردە قورسایی‌و کاریگەری خۆی پیشاندەدات.

ئەوکاتە هەمومان تێدەگەین کە پرسی ئورهان پاموك چەند زیان بەوڵاتەکەمان دەگەیەنێ.

دواتر بەبیانوی نەخۆشییەکەوە پاموك لەزیندان دەهێننەدەرەوە دوابەدوای ئەوەش بەپەلە مادەی ٣٠١ دەگۆڕن.

لە سەدا سەد دڵنیام لەوەی ئاکامی ئەم سیناریۆیە ئاوا دەبێت.

کەس هەیە لاری لەمە هەبێت؟

ئەگەر هەیە تکایە بۆم بنوسن.

سیناریۆی ئێوە چۆنە؟

داواتان لێدەکەم لەوانەی بڕوایان بەخۆیان هەیە لەم ستونانەدا بینوسن.

بائەمەش ببێتە خزمەتێکی دیکەی ئێمە بەوڵاتەکەمان...!

## ئایا یەکێتی ئەوروپا ئاگای لەم تاوانە هەیە؟





ئەمە یەکەمجار نییە کە دەنوسرێ، بەڵام یەکەمجارە کە بە بەڵگەوە لە قاو دەدرێت ئیتر وردەکاری تاوانی کوشتنی حیکمەت فیدان کەیەکێك لەلێپرسراوانی HADEP بو کەوتۆتەڕو. بۆ ئەم تاوانە درکاندنەکانی وەیسی ئاقگونولی دەسگیرکراو بەسە:

"PKK داوای لە فیدان کرد کە تەڤلی ئەو پارتە "پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی" ببێ کە بنەماڵەی زاناکان دایانمەزراندوە. بەڵام حیکمەت فیدان چوە ناو رێکخستنی عوسمان ئۆجەلانەوەو ئەم خواستەی رەتکردەوە. دواتر لە چیاوە داوایان لە ئێمە کرد کە حیکمەت فیدان برفێنین. منیش بە فیدانم گوت دەبێ بڕۆینە کۆبونەوەیەکەوە. بە ئۆتۆمبیل بردمانە گەڕەکی "باغلار"و تەسلیمی ئەندامەکانی PKK مان کرد. ئەگەر حیکمەتمان تەسلیم نەکردنایە دەیانکوشتین".

بەڕاستی وردەکارییەکی دڵتەزێنە. بەڵام ئایا پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپا ئاگایان لەم رەوشە هەیە؟ بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا PKK و پرسی کورد لێك جیاناکەنەوە. بەمجۆرە ئەم بابەتەیان دو ئەوەندە تێکەڵ‌و پێکەڵ کردوە. لەبەر ئەمە رق‌و بێزاری لە تورکیاو یەکێتی ئەوروپا زیاد دەکات. بۆ ئەم بەشە قسەیەکمان نییە بۆ وتن. ئەوانە نیاز پاك نین. بەڵام هەندێك پەرلەمانتەریش هەن کە نیازپاکن‌و یارمەتی تورکیا دەدەن. قسەی ئێمە ئەم بەشەیان دەگرێتەوە. ئەگەر پرسی کورد لە PKK جیابکەنەوەو

PKK وەکو رێکخستنێکی تیرۆرو تاوانکار نەیناسێنین ئەوا کاریگەری دەکەنە سەر کۆمەڵگەی تورکیاو رقی جەماوەر هەڵدەستێنن. ماف ئەمەشیان نییە. پەرلەمانتەرانی ئەوروپا دەتوانن بیروڕای خۆیان جاربدەن. بەلام نابێ فەرامۆشی بکەن کە لەبەر نیازخراپی یاخود زانیاری ناڕاست دەبنە هۆی بێ متمانە بونی بڕیارەکان پەرلەمانی ئەوروپا.

## بادرۆ نەکەین، ئێمە دیموکرات نین...





لەهەر روداوێکدا ئەگەر کەمیش بێت دوڕویی کۆمەڵایەتی راستەقینەمان دەردەکەوێتە مەیدانەوە. هەرچی بلێین‌و هەر چۆنێك باسی خۆمان بکەین‌و خۆمان نیشانبدەین، دیسان خەڵکی بەشێوەیەکیترو بەپێچەوانەوە لێمان تێدەگەن.

هەر چەندە کە تەوقیتی ١٠/٣(تەوقیتی دەسپێکردنی دانوستانەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا) نزیکتر دەبێتەوە، رەوشەکە ئالۆزترو خراپتر دەبێت. پێوانەی تاقیکردنەوەی تورکیا، روی راستەقینەو ویستو بڕوای راستەقینەی کۆمەڵگاکەمان بەئاشکرایی دەردەخات.

جاران زۆر پەسنی خۆمان دەدا، مەگەر وانیە؟ لەنێو جیهانی ئیسلامەتیدا تەنیا وڵات بوین کە بە یاسای دیموکراتیەوە بەڕێوە دەبراین...

ئەوەمان بە دەنیا نیشاندەدا کە دەکرێ ئیسلام و دیموکراسی لە یەك جێگادا پێکەوەبن.

بەڵام ئێستا وەها دەردەکەوێت کە هەمو ئەمانە تەنیا خۆ فش کردنەوە بون.

بەچ چەقەچەقێك کونفرانسێك لەسەر ئەرمەنییەکان بەرێوەبرا، ئۆقرەمان لێبڕابو، بەڵام سەیری روداوەکان بکەن...

باس لەکام دیموکراسی دەکەن؟

ئایا نوسینەکانی ئەم دواییانەی ئەو نوسەرانەتان خوێندۆتەوە کە خۆیان وەکو"باشترین نوسەرانی وانەی دیموکراسی لەقەڵەمدەدەن؟".

هەرچی دەچێ نمونەی جۆراوجۆری وەکو سکاڵای هەندێك لەدادوەران لەدژی ئۆرهان پاموك، وکونفرانسی ئەرمەنی زیاتر دەبن.

بەرێزان ئێوە لەکوێن؟

وتەبێژە پڕ لەشانو شکۆکانی ئۆپۆزیسیۆنو سیاسەتمەدارانی حکومەت لەبەر ئامانجە پۆپۆلیستییەکانی خۆیان، لەیەکەم هەنگاودا لەرێگای نەتەوەخوازییەوە لەپشتەوە خەنجەر لەدیموکراسی دەدەن.

تەماشای ئەو کەسانە دەکەم کە خۆیان وەکو یاساناس لەقەڵەمدەدەن...

هەروەها گوێ لەوانەش دەگرم کە بەناوی زانستەوە قسەی زل—زل دەکەن. کاتێ قسە دێتە سەر تەحەمول کردنی لایەنی بەرامبەر هیچ شتێك لەئارادا نامێنێ.

کێ زیاتر دەنگی خۆی بەرز بکاتەوەو هێز بەکار بهێنێت، ئەوە پەسەند دەکرێتو زیاتر گوێی لێدەگیردرێت.

ئەگەر بڵێن "ئامان با من خۆم تێکەڵاوی ئەم شتانە نەکەم..." و بەو جۆرە خۆتان بشارنەوە،ئەوا لەنێو بێدەنگی مەڕەکاندا مەیدانەکە بۆ ئەوانە چۆڵ دەکەن کە دەنگی خۆیان بەرز دەکەنەوە.

بەرێزان تەنیا نوسینەکانی تاقمێك نوسەر سەبارەت بەدیموکراسی بەشی پاراستنی دیموکراسی ناکات.

دەی زو بن تۆزێك بجوڵێن، خۆتان دەرخەنە مەیدانەوە، پێویست بە رێپێوانوخۆپیشاندان ناکات.





قسەئانتان بەئاشکرایی بهێننە سەر زمان. تەنیا بونی خۆتان نیشانبدەن، ئەوە بەسە با لەبونتان ورەمان بەرزتر بێتەوەو تێکۆشانی دیموکراسی باشتر بەرێوە بەرین.

نەکا لەراستیدا دیموکراسیخوازان کەمینە بن؟!

ئایا بەراستی دەوروبەرمان هەموی ئەو کەسانەن کە دەیانەوێ بەهێزی خۆیانەوە مرۆڤەکان بێدەنگ بکەن؟ ئەگەر لەراستیدا وەها بێت پێویستە زیاتر خۆمان نزیکی یەکێتی ئەوروپا بکەینەوە.

ئەو شتەی کە دەردەکەوێت ئەوەیە کە تەنیا رێگای رزگاری تورکیا هەمان یەکێتی ئەوروپایە. پرسیاری بەمجۆرە"تۆڕاوەستە! "ئێمە بەم وەزعەی خۆمانەوە دەتوانین بچینە ناو کام یەکێتی ئەوروپا؟" لەخۆتانو کەسانی دەوروبەرتان مەکەن.

بەم وەزعەی ئێستاشمانەوە بەگوێرەی دە ساڵ بەر لە ئێستا گۆڕانگاری زۆرمان بەسەردا هاتوە. دەساڵ دواتریش زۆر باشتر دەبین. هەمو ئەم بێ ئۆقرەییەی من تەنیا لەبەر ئەوەیە کە دەمەوێ تورکیای نێو خەیاڵی خۆم لەژیانی راستەقینەدا ببینم.

تا بەر لەوەی گیان دەربچێت،دیسان هەر هیوا هەیە(!)

کونفرانسی ئەرمەنی بەڕێوبرا، ئایا شتێکی خراپ رویدا؟ ئەم پرسیارە لەخۆم دەکەمو رادەوستمو چاوەرێ دەبم.

چی بو؟

كونفرانسی ئەرمەنی كۆبوەوە. بۆ چونی جۆراوجۆر دەركەوتە مەیدانەوە. هەندێك كەس گوتیان ئەوم روداوە "پاكتاوی نەژادی" نەبوە. ئەوانیتریش روداوەكەیان بەشێوەی كوشتاری دو لایەنە لێكدایەوە. باشە چی بو؟

هیچ شتێك روینەدا.

ورەی كۆمەڵگا دانەبەزیو گەنجەكانیشمان وەها هەستیان نەكرد كە ئێمە ئەرمەنیەكانمان سەر بڕیوەو دنیا كۆتایی پێهات؟

ئایا رای گشتی پێداگری كردوە لەسەر پەسەند كرانی پاكتاوی نەژادی لەلایەن توركیاوە ؟

كەس باسی ناكات.

بەمجۆرە وەزعی ئێمە باشتر دەبێتو كونفرانسەكە كەڵكی زیادی بۆ ئێمە هەبوە.

بڕیاری دو دادوەر كە بەپێی پێوانە ئایدیۆلۆژیەكانی خۆیان دەریانخستبو، رای گشتی توركیای وشیار كردەوە. ئەوەیان بۆ دەركەوت كە پێویستە چیبكەن. ئەوەمان بەبیرهاتەوە كە دەربڕینی بۆ چونی جیاواز پێویستیەكی دیموكراسیە. هەروەها ئەوەش دەركەوت كەچۆن ئەوشتانەمان فەرامۆش كردوە كە لە كتێبەكاندا خوێندومانەو بۆ یەكتریمان باس كردوە.

گوتویانە هەر شەرێك خێرێكی تێدایە.

ئەم شەڕە زۆر شتی پیٚ فێر كردین..

با سەیر كەین بزانین كەی لەبیرمان دەچێتەوە؟

## دەوڵەت پێویستە هەلی شەمزینان بقۆزێتەوە





ئەگەر دەتانەویٚ قازانج بكەن، دەتوانن لەهەمو خراپەیەك، چاكەیەك هەڵكرێنن. ئێستا روبەروی بارودۆخێكی وا بوینەتەوە.

لەم ستونەدا پەیتا ــ پەیتا باسیدەكەین، كە گرنگترین لایەنی روداوێك لەلای رای گشتی رونكردنەوەیەتی. ئەوەنیە كە بەرپرسیارە رەسمیەكان چیان گوتوە، رای پۆلیسو عەسكەر گرنگ نیە، ئەو بڕگانە گرنگن كەخەڵكی شەقام لێی تێدەگەن.

بەشێكی گرنگی روداوەكەی شەمزینان بۆ جەماوەر رونبۆتەوەو خەڵك لێی تێگەیشتون.

ئەم روداوە لەلایەن ژەندەرمەو پۆلیسەوە پلانی بۆدانراوەو بۆمباش تەقینراوەتەوەو كەسانێكیش كوژراونو ئەمە لەپیلانگێڕی بەولاوە هیچیتر ننە.

ئیستا لێپرسراوە رەسمیەكان چەندی لێدوانو تەنانەت چەندی بەڵگەو زانیاری راستیش پێشكەشبكەن، ناتوانن قەناعەت بەخەڵك بكەن. قەناعەتی گشتی ئەوەیە كە هەندێك كەسی عەسكەری جلی مەدەنیان لەبەر كردوەو بۆمبایان هاویشتوە بۆ ئەوەی بیخەنە ئەستۆی pkk وبلێن pkk كردویەتی.

لە باشوری رۆژئاوا گەلێجار روداوی لەمجۆرە دوبارە بۆتەوە. واتە خەڵك دەڵێن ئەندامانی دەزگا ئەمنیەكان بەجلی مەدەنیەوە تاوان ئەنجامدەدەن، بۆ ئەوەی بیخەنە ئەستۆی pkkو ناوی ئەم رێكخراوەی پیٚ بزڕێنن، یا خود

ئاژاوەی پیّ بنێنەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەی زیندو لەئارادا نەبو، هەندێك بڕوایان دەکردو هەندێکیش بڕوایان نەدەکرد.

بەڵام ئەمجارە دۆخەکە زۆر جیاوازە.

ئەمڕۆ خەڵك دەڵێن کاربەدەستی رەسمی سەر بەدەوڵەت تاوانیان ئەنجامداوە. بۆیە دەڵێم ئەم روداوە هەلێکی تازەیە.

کۆماری تورکیا دەبیّ ئەم هەلە بقۆزێتەوەو گوناهەکانی رابردوشی پیّ پاك بکاتەوە. ئەم کۆمەڵگەیە ئاگاداری کەین‌و بەینی روداوی کۆنی "سوسورلوك"ە. پۆلیس‌و عەسکەرو میت‌و ژیتەم‌و هەندێك رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و بەکورتی دەستی هەمومان بەقوڕەوەیە. ئەمجارە دەبیّ تێکڕا بیسڕینەوە.

ئامان مەیشارنەوە ئەمجارە راست نابینەوە.

وا دەبینم ئەمجارە سەرەك وەزیران‌و حکومەت سەبارەت بەروداوەکانی شەمزینان بەپێچەوانەی رابردو لێبڕاوتر دەدەنەچاو. فەرماندەی گشتی سوپاش وەکو جاران لێدوانی تەمومژاوی نادات. لەدەزگا گرنگەکانەوە دەنگی باش دەبیسترێت. بەڵام هەر ئەوەندە بەس نیە. هەمومان پەندمان لەروداوەکانی جاران وەرگرتوە. بینیمان چۆنچۆنی لەکاتی لێپرسینەوەو دادگاییکردنەکاندا چەواشەکاری دەهاتە ئاراوە. لەنوسراوێکی "نور باتور" لەرۆژنامەی "حوریەت"دا بابەتێکم خوێندەوە. لێپرسراوێکی پایەبەرز.. "ئەم کەسانە





بەکەیفی خۆیان بەگژ تیرۆردا دەچنەوە... خۆیان بەگوێرەی زەوقی خۆیان دەسەڵات‌و سەلاحیەتی خۆیان دیاریدەکەن"... ئەم بەرێزە وایگوتوە.

براینە ئەم هەڵوێستە گەلێك ترسناکە.

هەر لەئێستاوە دەمامك ئامادە دەکەن.

تکایە پێمان نالّێن ئەندامانی دەزگا ئەمنیەکانمان کە جلی مەدەنی لەبەر دەکەن، چۆنچۆنی ئەملاو ئەولا دەتەقێننەوە! بێپرس‌و بێئەوەی رێگەیان پێبدرێت بەمناوەدا دەسوڕێنەوەو کەس پێیاننازانیّ؟

شەمزینان شارۆچکەیەکی گچکەیەو تەنانەت مەلیش بفرێت ئێوە پێیدەزانن. چۆنچۆنی ئاگاتان لەم روداوانە نیە؟ خۆتان خەڵك رێکدەخەن‌و دەیاننێرن‌و کەسیان پێدەکوژن‌و پێتانوایە کەس ئاگای لێنابیّ!

کەس بڕوا بەمە ناکات.

وەرن راستیەکان بدرکێنن.

چەندی دەستی لێپرسراوە پایەبەرزەکانیشی تێدا بیّ مەترسن‌و وەرن ئەم دومەڵە دەربێنن.

دەوڵەت یان متمانە بەدەستدەهێنیّ یاخود بەیەکجاری دەیدۆڕێنیّ. هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بەروداوەکانی شەمزینان یان ئابڕوی کۆماری تورکیا سپی دەکات یا خود بەتەواوەتی دەیڕوخێنیّ.

ئەگەر بەراستی روبەروی ئەم روداوە نەبینەوەو سیاسەتی گومانوروژێن لەمێشکی جەماوەر دروست بکەین، ئەوا روبەروی ئاکامی ئاوا دەبینەوە:

ـ خەڵکی باشوری رۆژئاوا(کوردستان ـ وەرگێر) دو ئەوەندەیتر رو لە pkk دەکەن و زۆرتر متمانە بە pkk دەکەن. هەندێك گومانی بەرامبەر بەpkk بە یەکجاری دەسڕدرێتەوە. ئەم رێکخستنە زیاتر لای خەڵك خۆشەویست دەبێت.

ـ لەمەودوا لەکوێ تەقینەوەیەك روبداتو کێ بکوژرێ، خەڵك دەیخەنە ئەستۆی حکومەت. هەر چەند حکومەت لەلای ئەم خەڵکە هیچ متمانەیەکی نیە.

ــ گومانەکانی کۆمەڵگاکەی تورکیا زیاتر دەبێت. لەمەوپێش ئەوانە دەیانگوت چیبکەن چاریان نیەو ناچارن شەڕی جوداخوازی بکەن. چیتر وانالێن.

ــ تێڕوانینی یەکێتی ئەوروپا بەرامبەر کوردو تورکیا گۆڕانی بەسەردا دێت. کۆماری تورکیا متمانەی خۆی وندەکاتو ناوچەکە روبەروی شەڕێکی ترسناکی چەپەڵ دەبێتەوە.

ـ ئەمریکاو کوردستانی ئێراق پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەرێوەبەرانماندا بەگوێرەی جۆری هەڵویستیان بەرامبەر بەم روادوە دیاریدەکەن.

ئەم رەوشە زۆر نازکو هەستیارە.

کۆماری تورکیا نابێ ئەم هەلەی چنگی کەوتوە لەدەستی بدات.

# پرسی کورد گۆڕاوە کەچی ئێمە هێشتا لەڕابردوداین

کاتێك ئەمرۆ سەیری دیمەنەکان دەکەین، روبەروی رەوشێکی جیاواز دەبینەوە. رەوشی کورد لەهی هەشتاکانو نەوەکان جدیترە. بەکار هێنانی ناوی تیرۆرو روبەروبونەوەی ئاسانە. کام لا بەهێزتر بێت دەیباتەوە. بێگومان هێزی سەربازی تورکیا بردیەوە.

بەڵام رەهەندەکانی ئەمرۆی پرسی کورد زۆر جیاوازە.

ئەمرۆ چیتر "تورکە کێویەکان" لەبەرامبەرماندانین!

تەنها pkkش نیە کە کاری پیاو کوشتنە.

ئەمرۆ نەوەیەك پەیدا بوە سەر لەنوێ پرسی کوردی کەشف کردوە، بۆ چارەسەر دەگەڕێو لە کۆسپەکان سڵ ناکاتەوەو دێتە سەرجادەو دەیەوێ بەڕێوەبەرانی هەرێمی خۆی هەڵبژێرێت. ئەمرۆ گەلێك هاوڵاتی کوردمان داوای وایان هەیە.

ژمارەی ئەمجۆرە هاوڵاتیانەمان رۆژبەرۆژ زیاد دەکات. پێشتر حکومەت خەمێکی ئەوتۆی نەبو، سیاسەتەکانی خۆی جێبەجێدەکردو جار_ جارەش کاردانەوەی ئەم بەشەی لەبەر چاو دەگرت.

تورکیا لەبەرامبەر "پرسێکی تازەی کورد" دایە. ئیتر ئەوانەی لەهەشتاکانو نەوەکاندا دەژین جێماون. ئەو سەردەمە pkk بەتیرۆرێکی وەحشیانەوە بونی خۆی سەلماند. هەندێکی ترساندو هەندێکیشی کوشت. هەم





خۆڤ نایەوەو هەم ناسنامەی "کورد"یشی زیندو کردەوە. بۆیەکەمجار جەسارەتی بەواندا کە بڵێن "ئێمە کوردین". ناسنامەی ئەتنی خستە ئەولەویەتەوە. کوردایەتی ژیاندەوە.

ئامانجێکی دیکەشی هەستاندنی جەماوەریو دەستەبەر کردنی "هەرێمی رزگار کراو" بو. بەڵام ئەم ئامانجانەی بەدەست نەهێنا. تیرۆر لەقۆناغێکدا وەستاو pkk سەرنەکەوت.بەڵام ئەمرۆ کاتێك سەیری دیمەنەکە دەکەین، رەوشێکی جیاوازتر دەبینینو لەهەشتاکانو نەوەدەکانیش جدیترە. تەنها بیانوی روبەروبونەوەی تیرۆر نیە. کام لا بەهێزتر بێت ئەوە دەیباتەوە. بێگومان هێزی سەربازی تورکیا بردیەوە.

ئایە دەزانن بۆچی بڕیاری ئێعدام کردنی ئۆجەلانیان دوا خست؟ ئایە بیرتان نیە کە ڕوداوی تەزکەرە لەبەر قورسایی پرسی کورد پوچەڵ بوەوە؟ ئایە بڕیاری خوێندنو پەخشی کوردی تەنها لەبەر ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا هاتە ئاراوە؟

نەخێر... نەخێر... نەخێر

ئەمرۆ ژمارەیەکی فراوانی کوردی وا لەناوماندا دەژین کە جیاوازن لەوانەی دوێنێ. جا چی ئەم بەشە کوردەمان بەدڵ بێ یاخود بەدڵمان نەبێ، pkk بەڕێکخراوی تیررۆر دەزانن،pkk بەئۆپۆزیسیۆنی چەکدارو ئاپۆش بەسەرۆکی دەزانن.

پرسی کورد لەدەرەوەی خۆشمان زۆر گەورەیە.

تائێستا هەوڵمدا پرسی کوردی ناوخۆی خۆمانو وێنەی هەشتاکانو نەوەدەکانیتان بۆ بکێشم.

بەڵام "پرسی کوردی دەرەوە"ی خۆشمان هەیە.

پرسێکی قورستر لەهەشتاکانو نەوەدەکانمان لەبەرامبەرە، کە شێوەی خۆی گۆڕیوە.

هەشتاکانو نەوەدەکان، "باکوری ئێراق" باخچەی پشتەوەی تورکیابو. سەرەتا بەرێکەوتنی گەرم لەگەڵ سەدامدا لەدوی pkk دەچون. دوای شەڕی یەکەمی کەنداو رەوش گۆڕا. تورکیا لاوازی شەڕی نێوان بارزانیو تاڵەبانی قۆستەوەو کردنی بەگژ pkkدا.

بەڵام سەیری ئەمرۆ بکەین.

لەباکوری ئێراقدا دەوڵەتێکی کوردی دروست بوە کە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی چاوی بڕیوەتە ئەمریکا. ئەمرۆ بارزانیو تاڵەبانی یەکیان گرتوەو لەوپەڕی هێزدان.

لەوەش گرنگتر ئەمرۆ لەنێوان بارزانیو تاڵەبانی و pkkدا شەڕی براکوژی نیە.

سەیرە کە لەنێوان کوردانی تورکیاو ئێراقدا هاوتەباییەکی باش هەیە، چیتر وەک جاران شەڕی بەرژەوەندی لەنێوانیاندا نیەو بەپێچەوانەوە خەریکن سیاسەتی هاوبەش دادەڕێژن.





چەند باڵادەستی کوردی ئێراق زیاد دەبێ ئەوەندەش چاوەڕوانی کوردانی تورکیا زیاد دەبێ. ئەگەر داوای سەربەخۆییو ئۆتۆنۆمیش نەکەن، سیستەمێکی فیدراڵ پتر باسدەکرێت. پلانی ئەوە دەکەن لەهەرێمەکانی خۆیاندا پتر خاوەن قسە بن. بەکورتی داوای فراوانکردنی مافە سیاسیەکانیان دەکەن.

ئێمە چۆن سەیری ئەم دیمەنە دەکەین؟

وەك دەیبینین ئەمرۆ بەرەورووی پرسێکی کوردی فرە رەهەندو جیاوازین. جاران دەمانتوانی لەهەشتاکانو نەوەدەکاندا بەچەك چارەسەری بکەین. بەڵام رەوشی ناوخۆو نێونەتەوەیی ئەمرۆ زۆر جیاوازە.

ئایە ئەم گۆڕانەتان بینیوە؟

ئایە سەرەك وەزیرانو هێزەکانی ئاسایش هەڵۆیستێکی نوێیان هەیە؟

ئەگەر هەیانە چیە؟

ئەگەر نیانە بۆ کوێ دەڕۆین؟

سبەینێ پێتان دەڵێم.

# ئێراق دەبێتە دەردێکی گران

دەستوری نوێی ئێراق (لەهەر لایەکەوە سەیری بکەی) بەگوێرەی هەندێك کەس سەرەتای زنجیرەیەك پێشکەوتنە. بەمجۆرە ئێراق پێشەنگێتی باهۆزی گۆڕانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەکات. لەماوەیەکی ناوەنجیدا دەبێتە وڵاتێکی دەوڵەمەندو شارستانیو دیموکرات. ئەم وڵاتە بۆ یەکەمجار دەکەوێتە قۆناغی بەشکردنو دیموکراسیەوە. کۆسپەکانی هەڵدەگیرێنو دیموکراسی پەرلەمانتاری وردە ـ وردە سەقامدەگرێت.

رەنگە ئەمانە روبەروی هەندێك گیرو گرفتیش ببنەوە، لەلایەکیتریش میدالیا دیوێکی دیکەشی هەیە، کە ئەگەر بێتو سەیری بکەین، هەست بەلایەنە باشەکانی ناکەین.

ئەنکەرە بەرەزامەندیەوە روبەروی دەستور بۆتەوە. پێیانوایە مەترسیەکانیانی رەواندۆتەوە.

سەیرە ! بلێی وابێت؟

بەراستیش ئەم دەستورە گەلێك مەترسی رەواندۆتەوە. تەنها ئەوەی هەیە ئەم دەقەی لەبەر دەستماندایە، هێشتا نابێتە وەڵامی گەلێك کێشە.

نە کوردەکان واز لەخەونی سەربەخۆیی دەهێنن، نەشیعەکان دەست لەشەریعەت هەڵدەگرنو نە سوننەکانیش لەدەسەڵاتداری دەکشێنەوە. ئەو دەقەی لەبەردەستماندایە، فۆرمیلی سازشە. سازشێکی نمایشیە. سازشێکە





بۆئەوەی بە پەلە لەئەمریکیەکانەوە دەسەڵاتی پێ بسپێردرێت. هەمولایەك ئاوا بیر دەکاتەوە:

"سەرەتا بائەمریکیەکان بکشێنەوە، یاخود لانیکەم هێزە سەربازیەکانیان کەمبکەنەوە ئەوجا خۆمان بەرێوەبەرێتی دەگرینە دەست، پاشان لەنێوان خۆماندا پرسەکانمان یەکلایی دەکەینەوە. کێ بەهێزتر بێت ئەو دەیباتەوە".

ئێراق دەچێتە قۆناغێکی بەهێزەوە.

ئایا تێدەگەن، ئێراق لەمەودوا دەکەوێتە ناو قۆناغێکی مەترسیداری بەهێزەوەو لەئایندەدا ئەگەری رودانی هەمو شتێك هەیە؟

شیعەکان ـ هیچ نەبێ ـ لەهەرێمەکانی خۆیاندا شەریعەت پیادە دەکەن. سوننەکان هیچ نەبێ لەهەرێمەکانی خۆیاندا بەربەرەکانێی پاراستنی ئۆتۆریتەی رابردویان دەکەن.

بەتایبەت، ئێراق گیرۆدەی شەڕی ناوخۆیی دەبێت.

ئەمە بۆ ئێراقو تورکیاو سەرانسەری هەرێمەکە دەبێتە سیناریۆی چەرمەسەری.

بابیرمان نەچێ ئەو دەمەی دەستور جێبەجێدەکرێ، دوای بەدەستەوەگرتنی وڵات لەلایەن ئێراقیەکانەوە، سوپای ئەمریکا بەرە ــ بەرە دەکشێتەوە. ئەمرۆ یەك ئامانج لەئارادایە، سبەی ئامانجەکان زۆرو زەبەند دەبن.

ئایە شیعەکان لەبەر حسابە ناوخۆییەکانیان بە گژیەکدا دەچن یاخود سازشدەکەن؟

ئایە کوردەکان هەوڵدەدەن کەرکوك نەکرێتە هەرێمێکی جیاواز (بۆ دەست بەسەرا گرتنی نەوتەکەی)و لەبەر سەربەخۆیی وڵاتەکەیان روبەروی تورکمان‌و شیعەکان دەبنەوە؟ یا خود پێکەوە بەتەناهی هەوڵدەدەن لەوڵاتێکدا بژین؟

ئایە سوننەکان هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی بەسەرچویان دەدەن یا بەشوەرگرتن لەنەوتی وڵاتو بەربەرەکانێی شیعەکان دەکەن یاخود هەوڵدەدەن دەسەڵاتی هەرێمەکانی خۆیان بگرنە دەستو بەجیاواز بژین؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە ئایندەی ئێراق دیاریدەکات.

ئایندەی ئەم وڵاتە جوانە روناکە.

ئەوانەی وەك من چەندین جار سەردانی ئێراقیان کردوە باش دەزانن وڵات هەن بەقەد ئێراق بەختڕەشن، بەڵام ژمارەیان کەمە.

ئێراق کادری پێگەیشتوی زۆرن‌و ئەلیتێکی نمونەیی سیاسی هەیە. ئەم وڵاتە پڕە لەمێژوی جوانی‌و گەلێك دەوڵەمەندە. نەوتی ئەم وڵاتە بەشی نفوسی ١٤ ملیۆن خەڵکەکەی دەکات. خاوەنی دوەمین پاشەکەوتی نەوتی جیهانە.

بەم هەمو ئاوانتاژەوە سەیری ئەو وڵاتە جوانە بکەن:

سەرەتا سەدام ماوەی ٨ ساڵ ئەم وڵاتەی گیرۆدەی شەڕی ئێران کردو وێرانی کرد. دواتر ئەمریکیەکان وەك برابەش تێی بەڕبون‌و دو ئەوەندەیتر





ئالۆزیان کرد. هاتن هەناسەیەك بدەنە ئێراقیەکان کەچی هەر بەیەکجاری کاولیان کرد. ئێستا تاقە ئومێد ئایندەیە.. ئەویش تاریکە.

ریسکی ئەنکەرەش گەورەن.

تورکیا دەیویست پرشەی بارانی سەدامی بەرنەکەوێ کەچی ئەمجارە کەوتە گۆمی ئەمریکیەکانەوە، لەسەقامگیری ئێراق زیاتر هیچ شتێك خزمەتی تورکیا ناکات.

دەسەڵاتی شەریعەت لەئێراق...

راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان...

شەڕی ناوخۆیی شیعە–سوننە...

ئەم سێ روداوە خەونی ترسناکی تورکیان.

ئێوە سەیری ئەم روداوە خوێناویانەی ئەمەداوییە مەکەن. ئێراقی ئاقڵە. ئەو دەمەی چەرخەکان وەرسوڕێن، سیستەمی خۆی سەقامگیر دەکات. ئێمەش لەوتنی "ئینشا الله" زیاتر هیچیترمان پێناکرێت.

# ئایا pkk لەهەل دەگەڕێت؟

محەمەد عەلی بیراند

Pkk هەتاوەکو سێی مانگی ئۆکتۆبەر بڕیاری شەڕ راگرتنی داوەو چالاکی مینرێژی خۆی راوەستاندوە. بۆچی تاوەکو سێی ئۆکتۆبەر؟ وادیارە تا ئەوکاتە پرسی بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا دەخرێتە رو، ئەمانیش نایانەوێ (ئاماژەی پۆزەتیف) بکەوێتە خزمەتی تورکیا.

بۆچی pkkتاوەکو سێی ئۆکتۆبەر ئەم بڕیارەی داوە؟

Pkk"راگرتنی چالاکی" بەستۆتەوە بەچەند شەڕتو مەرجێکەوە.

ـ نابێ هێزەکانی سوپای تورکیا چالاکی ئەنجامبدەن.

واتە کاتێك هێزە سەربازیەکانی تورکیا گروپی چەکداری pkkببینن یا خود کەمپەکانیان وەدۆزن نابێ هیچ پەرچەکردارێك بنوێنن!

ئایا دەیانەوێ هەناسەمان بگرن کە دەڵێن "ئامان باکەس توخنی ئەم خەنیمانە نەکەوێ نەوەك چالاکی ئەنجامبدەن"؟

ئایە ئەمە کارێکی کەردەنیە؟

ـ دیسان ئەم بڕیارەیان بەستۆتەوە بەجێبەجێکرانی ریفۆرمەکانی تورکیاو بەرفراوانکردنو بەدیهاوردنی مافی هاولاتیە کوردەکانمان. ئەگەر رازی بکرێن، ئەوا ئەم ئاگربەستە درێژ دەکرێتەوە!





ئەو شفرەیەی پێیدەگوترێ"چاوەڕوانی" مەبەستی دەرکردنی لێخۆشبونی گشتیە بۆ زیندانیەکانو گەریلاکانو عەبدوڵا ئۆجەلان.

خوێنەرانی ئەم ستونە باش دەزانن کە لەپێناوی بەدیهاتنی مافی هاولاتیانی کوردماندا گەلێکم هەوڵداوە. تەنانەت لەسەردەمی قەدەغە بونی وشەی "کورد"دا لەدژی پۆلیتیکی رەسمی وەستاومەتەوە.

بەڵام رەوشی ئەمرۆ زۆر گۆڕاوە.

ئەمرۆ راستیەکان قبوڵدەکرێنو ریفۆرم بەرفراوان دەکرێت. لەرۆژانی داهاتوشدا مافە کولتوریو فەردیەکان پتر دەستەبەر دەکرێن.

لەبەر ئەمە لەکەشێکی وادا دەسپێکرانەوەی تیرۆری pkkهیچ پاساوێکی نیە. تاوەکو تیرۆر درێژەی هەبێ، لێخۆشبونی گشتیو بەتایبەت بەردانی ئاپۆ مەحاڵە.

Pkkیان ئەوەتا ئەم حسابە ناکات یاخود نایەوێ بیکات. تاقە ئامانجی pkk تەنگاو کردنی کۆماری تورکیایە بەچالاکیەکانی. هەروەها کۆکردنەوەی هێزەکانیەتی بەهۆی شەرەوە کە ٥ساڵە لەشاخەکاندا رەبەروی لێکهەڵوەشانەوە بوە. واتە بەبیانوی رزگار کردنی ئاپۆو بەردانی زیندانیەکان چالاکانی ئەنجامبدات. Pkkو لەیلا زاناو بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتیش بەرەیەکیان پێکەوە ناوە. خەبات دەکەن بۆ "لێخۆشبونێك" کە ئاپۆش بگرێتەوە. دوای سێیەمی ئۆکتۆبەریش pkkوەك قوبرسی رۆمی یەکێتی ئەوروپا بەکار دەهێنێ.

Pkkحسابێکی زۆر هەڵە دەکات.

ئایا بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەیەوێ پارتی ئۆجەلان بنیات بنێت؟

من سەرەتا پشتیوانی دامەزرانی بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتیم کرد.

تێستێکی گرنگی دیموکراسی بو.

ئـەم پارتـە دەبـوە پـارتی تێکڕای تورکیـا. پێویـستی بکردایـە لەبەرامبـەر pkkدەوەستایەوەو نەدەبوە گۆێرایەڵی ئیمرالی.

دەمزانی ئەمانەی باسمکردن چەند دژوار بون. Pkkبـێ ئـاپۆ نـابێو هـەمو بزاڤێکی سیاسیش بێ pkkنابێو ئەمەش راستیەکە. بـەڵام بزاڤـی کۆمەڵگـەی دیموکراتی تەنها بەهێزی پاش هەڵبژاردنی دەیتوانی ئەم کەلەبەرە پڕ بکاتەوە.

گۆڕانکاریەکانی دواتر ئەم خۆفو گومانەی منی زیاد کرد.

دوای ئەوەی ئۆجەلانیان وەك تاقـە سـەرۆك کـردە مخاتـەبو هـەوڵی ئـازاد کردنی ئەویان کردە رێڕەوی خەباتیان، نیشانەی پرسیارەکانیان لازیاد کردم.

تـاوەکو بزاڤـی کۆمەڵگـەی دیمـوکراتی ئـەم بابەتـە یـەکلایی نەکاتـەوە پـشتیوانی رای گـشتی تورکیـا بەدەسـناهێنێ و ئەمانـە دو بـژارەیان لەبەردەمدایە:

pkkچـەك دادەنـێ، چـەکانیان بەدەسـتەوە دەدەنو سیاسـەت دەکـەن. تەنانەت دەچنە ریزی بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتیەوە. لەم دۆخـەدا لـەدوارۆژدا زەمینەی لێخۆشبونێکی گشتی خۆشدەکەن.





بزاڤی کەمەڵگەی دیموکراتی دەچێتە پاڵ تیرۆری pkkوە.بزاڤی کۆمەڵگەی دیموکراتی دەبێ بەپەلە رێگای خۆی هەڵبژێرێت.

شرۆڤەی بایکاڵ لەمەڕ pkkراستە....

هەفتەی رابردو سەیری مێزگردی CNN ی تورکیم کرد کە لەگەڵ بایکـاڵ سازیانکردبو. شرۆڤەی سەرۆکی پارتی کۆماری گەل، دەنیز بایکال راسـت بـو. ئەگەر تاکو ئەمرۆ pkkدرێژە بەتیرۆر دەدات، بەراستی پەیوەندی بەمافی گەلی کوردو پەخشی زمانی کوردیو بێکاری ناوچە کوردنشینەکانەوە نیە.

Pkkدەیەوێ تورکیا پارچە بکاتو لەگەڵ باکوری ئێراق بیکاتە یەك. لەبەر ئەمـە یارمـەتی هێـزە بیانیـەکان وەردەگرێـت. روداوەکـانی باشـوری رۆژئـاوا رەنگیـان گـۆڕاوە. تـاوەکو رەوشـی بـاکوری ئێـراق درێـژەی هـەبێ، گەمـەی pkkش بەردەوام دەبێت.

باچیتر پرسی pkkو هاوڵاتیانی کوردمان تێکەڵ نەکەین.

# یەکێتی ئەوروپا خراپە بەکوردەکان دەکات

سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر "عوسمان بایدەمیر" بەرای من یەکێك لەسەرکردە گرنگەکانی ئێستاو ئایندەی کوردە. لەئایندەیەکی نزیکیشدا دەبێتە سەرۆکی قەوارەی کوردی نوێی تورکیا. ئەزمون، زمان، هەڵسوکەوتو لۆژیك، ئەویان کردۆتە لیدێرێکی لێوەشاوە.

بەڵام ئەم کەسە لێهاتوە یەك گرفتی هەیە، ئەویش وابەستە بونیە بە ئۆجەلانو pkk وە. بایدەمیر لەرەنگرێژ کردنی درێژخایەنی بزاڤی کوردیدا بژارەیەکی هەڵە دەکات.

ئەمجۆرە بیروڕایەی بایدەمیر لەلایەن گەلێك نوخبەی باشوری رۆژهەڵاتەوە پشتگیری دەکرێت. هەروەها بەو ئەندازەیەش گەلێك بەشیتری کۆمەڵگەی کوردیش بەپێچەوانە بیر دەکەنەوە. واتە دەیانەوەێ لەژێر کاریگەری pkk دەربچێو پارچەیەکی نوێ بنیاتبنێ.

بەڵام بەداخەوە بایدەمیر ناتوانێ ئەمە بکا، چونکە ئۆجەلانوpkk گۆڕەپانی سیاسی کوردیان قۆرغکردوە. هەمو شتێك بەگوێرەی خواستی ئەوان بەڕێوە دەچێ وکەس ناتوانێ فزە بکات. کاتێك روداوەکانی ئەمدواییەی جادەکانو هەڵویستەکانی بایدەمیر لە"ستراسبۆرگ" دەخەینە تەنیشت یەك، دیمەنێکی ئاوا دروستدەکات:





وەرکرتنی سیگناڵی باشتر کردنو گواستنەوەی شوێنی ئاپۆو دواتر بەردانی
.

دەرکردنی لێخۆشبون بۆ کادرەکانی شاخو زیندانی pkk.

بەشێوەی قۆناغ سەرەتا گۆڕینی دەسەڵاتی محەلی پاشان هەرێمیو دوابەدوای ئەوەش دەستەبەر کردنی ئۆتۆنۆمی.

بێگومان لەکورتماوەدا خواستەکانیان ئاوا فراوانو زۆر نەبو. بازنەی مافەکانی تاکی تێنەپەراند. واتە سەربەستکردنی ناونانی کوردی لەمناڵانو گوندەکانو هەروەها خوێندنو پەخشی کوردیو پێشخستنی کولتوری کوردی... و قبوڵکردنی شوناسی نەتەوەیی کورد..هتد.

کوردەکان وێڕای درێژەدان بەخەباتی خواستی مافە بنەرەتیو دیموکراتیەکانیان یارمەتی بەشە لیبراڵ ــ دیموکراتەکانی تورکیاو یەکێتی ئەوروپاو پەرلەمانی ئەوروپاش وەردەگرن.

بەڵام رەوشی ئەمرۆ زۆر جیاوازە.

بەڵام رەوشی ئەمرۆی کورد زۆر گۆڕاوەو ئیتر خەریکە لەژێر کاریگەری ئۆجەلانیەکان دەردەچێو کاریگەری روداوەکانی باکوری ئێراق دەسپێکردوەو خەریکە کاریگەری ئەوێ وەردەگرن.

ئەگەر هەڵە نەبم هەرێمە کوردنشینەکەی لای خۆمان وا بەرە ـ بەرە بەرەو ئۆتۆ ـــ کۆنترۆڵو ئۆتۆدەسەڵات درواو پێموابێ ئاماژەی ئەوەش هەیە لەئایندەیەکی نزیکدا لەئۆتۆنۆمیەوە بەرەو فیدراسیۆن بروات.

Pkkبەپەرە پێدانی تیرۆری مینرێژیو خۆپیشاندانەکانی جادە دەیەوێ ئەم داخوازە بوروژێنێ.مـن دەیانجار نوسیومە: پشتگیری مافە بنەرەتیە فەردیەکانو مافە سیاسیەکانی هاوڵاتیانی کوردم دەکەم. بەڵام وا رەوشی ئەمرۆ خەریکە دەگۆڕێت.

بۆ ئەو تورکیایەی بەخێرایی بەرەو یەکێتی ئەوروپا درەوات،چیتر مافو ئازادیە سەرەتاییەکانی تاك شتێك نین. بەتایبەت بۆ ئەو تورکیایەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەست بەوتوێژ دەکات تیرۆری مینرێژو خۆپیشاندانی سەرجادە لە "جودا خوازی" زیاتر هیچ نیە.

بەهیچ کلۆج لەگەڵ تیرۆرو جوداخوازی نیم.

دەبوا پەرلەمانی ئەوروپاش بەرپەرچی تیرۆری بدایەتەوە.

بێگومان پێشوازی پەرلەمانی ئەوروپا لەبایدەمیر دەکرێت بەهەنگاوێکی سروشتی لەقەڵمبدرێت، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەمان لێ هەبو پێشتیوانی بایدەمیری لەتیرۆر رەخنە بکردایە.





پەرلەمانی ئەوروپاو سەرۆکەکەی "بۆرەل" دژی تیرۆرن. بەڵام لەو کاتەیدا کە دەبوایە بەراشکاوی هەڵویستی دژە تیرۆری خۆیان دەربڕن، دودڵو ڕاڕا بون. یا خود رەنگە ئێمە واتێگەیشتبێتین.

یەکێتی ئەوروپاش pkk بەرێکخراوێکی تیرۆریستی دەزانێ.

نەدەبوا لەژێر چەتری پەرلەمانی ئەوروپادا رێگە بەئاخاوتنێکی لایەنگیرانەی تیرۆر بدرایە.

ئەم هەڵوێستە لەخراپە کردن بەهاوڵاتیانی کوردمان زیاتر شتێك نیە. هەمومان لەبەرامبەر ١٢ئەیلولدا بەرپرسیارین.

تازە بیرەوەری ٢٥ مینساڵەی ١٢ ئەیلولمان تێپەراند. ئەم روداوە تاریکترین مەرگەساتی دژە دیموکراسیانەی تورکیا بو کە تا ئەمرۆش ئاسەوارەکانی ماوەتەوە. هەمومان شکاتمان لە١٢ئەیلول کرد. بەڵام هەر خۆشمان بوین وڵاتمان بەرەو کۆدەتای سەربازی برد. زۆرتان بەبیرتان دێت. جیلی من تێیدا ژیا. رۆژانە تیرۆری چەپو راست ٢٥ تاوانی ئەنجامدەدا. سەر لەبەیانی ١٢ ئەیلول گەلێك کەس ـــ بەمنیشەوە ـــ گوتبومان "ئۆخ" گوایە رزگارمان بوبو! دیارە تا ئەو دەمەش هەمومان لێپرسراوێتیمان دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەو زەینانەی ئەمرۆ کێشمەکێشی کورد ـ تورك ـ دنەدەدەن، ئەو کاتەش دنەی کێشمەکێشی "چەپ ـ راست"یان دەدا.

سەرەای ئەوەی دەیانزانی وڵات بەرەو شەڕی نێو خۆیی دەبەن نەزانانە یەکتریان دەکوشت. پاشان سەرەڕای ئەوەی کوژراوەکانی خۆشیان دەدەیت، دیسان لەکۆڵنەدەبونەوە. بەڵام ئەو دەمەی کەڕەنای کۆتایی پێشبڕکێ لێدرا، چەپیشی‌و راستیشی بێئەوەی ئاوڕ بدەنەوە گۆڕەپانەکەیان بەجێ هێشت.

سیاسەتمەدارەکانیشمان بەپرسیاربون.

سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی وڵات بەرەو کوێ دەڕوا، سازشیان نەکرد. نەیانویست کەڵك لەسودە هاوبەشەکانی دیموکراسی وەربگرن، سەرەڕای هەمو بانگەوازو هۆشداریەکان رکیان کرد، لەباتی ئەوەی دوربین بنو دوا رۆژ ببینن کەوتنە حسابی مشتومڕی "دەنگە بچوکەکان".

میدیاش بەروانگەی بەرتەسکەوە هەڵدەسوڕا.

چەپ لەڕاست جیا بۆوە. روداو هاتنە کایەوە. سیاسەتێکی نابەرپرسیاری راگەیاندنیان بەڕێوە برد. زانکۆکانو ژمارەی کەمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش یان تەماشاکەر بون یاخود لایەنیان گرت. سەرەنجام بەهاودەستی گشت لایەنەمان دیموکراسیمان سرەواند بەدیواردا. بەدەستی خۆمان عەسکەرمان بانگهێشت کرد. جا لەکاتێکدا ئەم ئەزمونەشمان هەیە، ئەو دەمەی دەبینم وا خەریکن مێژو دوبارە دەکەنەوە، ئەوەندە رقم هەڵدەستێ هەر نابێتەوە !

دوایاداشت: ئەگەر هەندێك کەس ئەو حسابە دەکەن کە "مادەم تورکیا بەرەو یەکێتی ئەوروپا دەروات، چەند ئاژاوە روبداو چەندی خۆێنیش برژێ،





عەسکەر ناتوانێ دەستی تێوەر بدات". بابزانن هەڵەیەکی گەورە دەکەن. راستە عەسکەر دەستوەر نادات مەگەر وڵات بەرەو پارچە کردن بەرن، ئەو کاتەچی یەکێتی ئەوروپا هەبێو چی نەبێ خەڵك پشتی عەسکەر دەگرن. بائەمەشمان بیر نەچێت.

## ئەنکەرە لەمەڕ کورد لەسیاسەتێکی نوێ دەگەڕێت

پرسی کورد لەڕاڕەوە درێژەکانی ئەنکەرەدا هێشتا لەبابەتە سەرەکیەکانە. دیارە کاروبارەکان باش بەڕێوەناچن. لەگەڵ روداوەکانی باکوری ئێراقو پێشکەوتنە پەیتا ــ پەیتاکانی بارزانیو پەرەسەندنی چالاکیەکانی pkkو پیلانەکانی شەمزینان تێکڕا پرسی کوردیان بەئاراستەیەکی دیکەدا بردوە.

چیتر بارودۆخی سالآنی ١٩٩٨–١٩٨٤لەئارادا نیە. چیتر روداوەکە پرسی تیرۆری pkkنیە. لەلایەکیش فۆرمیلی چارەسەری رژێم واتە نانو کاری ئەنکەرە توانایی چارەکردنی پرسی باشوری رۆژهەلآتی نەماوە. دیارە چیتر تەدبیری کۆمەلآیەتی ـ ئیکونۆمیو هەندێك هەنگاوی کولتوری بەشناکات.

پرسی کورد ئیتر بۆتە پرسی شوناسو پرسێکی سیاسی، ئەگەر لە١٩٩٩وە واتە لەکاتی دەسگیر کرانی ئاپۆو راگەیاندنی ئاگر بەستەوە هەندێك شت بکرانایە لەوانەیە رەوشەکە وەکو ئەمڕۆ نەبوایە. دەسەلآتی سیاسی بەردەوام گوێرایەڵی هۆشداری دەسەلآتی سەربازی بوە. لەروی سیاسیەوە هیچ کرانەوەیەکیان نەهێنایە ئاراوە. لەئاکامدا گەیشتینە ئەمڕۆژە.

Pkkسەر لەنوێ چەکی خستەوە سەرشانمان، هەڕەشەی تیرۆری نوێکردەوە.

هەڕەشە لەو سەقامگیریە لەرزۆکە دەکات کە بەهەزار زۆرو زەحمەت پێکەوەمان ناوە.

ئەنکەرە ئاگای لەم مەترسیە هەیە. بەلآم هێشتا هاوبیروڕایی لەئارادا نیە.





*          *          *

پەلە پروزەی ترس سودی نیە.

بەمداوییە، راگەیاندنی سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەرێز ئەحمەد تورك، دوای ئەوە قسەکانی ئاپۆ کە لەرۆژنامەی حوریەتدا کرانە مانشێت، ئەوجا دیداری راوێژکاری میت "ئەمرە تانەر"لەگەڵ مەسعود بارزانی،... هەمو ئەوە پیشاندەدەن کە بارودۆخێکی نوێ دێتە کایەوە.

سیاسەتێکی نوێ پەیدا دەبێت. روانگەی تورکیا بەرامبەر بەPkkو پرسی کوردو باکوری ئێراق، دەگۆڕدرێت. ئەمە رەوتێکی حەتمیە. ئەگەر هەندێك کەسو لایەن خۆراگری بکەنو کۆسپیش بنێنەوە، ئەوا جارێکیتر بارودۆخی نێونەتەوەییو هەرێمی چارەسەری ئەم پرسەمان بەسەردا دەسەپێنێننەوە. تکایە ئەگەر ئەم پرسە قبوڵناکەن، تۆزێك بیر بکەنەوە. ئەگەر بەپەلە فریای خۆمان نەکەوینو هەنگاو هەڵنەنێین، ئەوا درەنگ دەکەوین. ئەگەر بێتو درەنگ بکەوین ئەوا هەم لەروی "شوناس"ەوە هەم لەروی داراییەوە باکوری ئێراق دەکەینە ناوەندی راکێشان. هەر دەڕوا باشوری رۆژهەلآت لەدەستدەدەین.

ئەگەر نامانەوێ بەرەوروی رەوشێکی وا ببینەوە ئەو کات دەبێ ـ تەنانەت ئەگەر نەشمانەوێو بەدڵیشمان نەبێ ــ هەندێك تابۆ بشکێنینو بڕیاری یەکلاکەرەوە وەربگرین.

دەبێ بەلێخۆشبونێکی گشتیpkk لەشاخ دابەزێنین‌و چەکیان پێ دابنێین‌و کۆتایی بەتیرۆر بهێنین. لەمروەوە دەبێ هەنگاوی نەترسانە هەلێنین.

دەبێ رێگە بۆ سیاسەت کردنی سیاسەتمەدارانی کورد لەپەرلەمانی تورکیا خۆشبکەین‌و دەرفەتیان بۆ برەخسێنین. ئەگەر کوردەکان ڕابکێشینە نێو سیاسەتەوە، ئەوکاتە راگرتنی تیرۆر زۆر ئاسان دەبێ.

نابێ بەرامبەر بەزیندو کردنەوەی شوناس‌و کولتوری کوردی پەرچەکردار بنوێنین. بەپێچەوانەوە دەبێ گەشەی پێبدەین.

نابێ رێگەی سیاسەت کردن لەپارتی کۆمەلگەی دیموکراتی بگرین.

نابێ کوردستانی ئێراق بەدوژمن بزانین، بەپێچەوانەوە دەبێ باوەشی بۆ بکەینەوەو بیپارێزین.

لەئەنکەرە هەم حکومەت، هەم میتو هەم لایەنە سەربازیەکان ئەم راستیانە دەزانن‌و بیریشی لێدەکەنەوە بەلام ناوێرن پراکتیزەی بکەن. لەوە دەترسێین لەئایندەدا کوردەکان داوای قەوارەی سەربەخۆ بکەن، بۆیە ناوێرن توخنی ئەم پرسە بکەون. خۆفمان لەوەیە چی بکەین دەبێتە هۆی داواکاری زیاتری کوردان‌و سەرەنجام جیا بونەوەیان.

راستە، لەنێویاندا هەندێکیان داوای قەوارەی سەربەخۆ دەکەن. ئەگەر ئەو هەنگاوانەی لەسەرەوە باسمان کردن بهاوێژرێن‌و کۆمەلگەی کورد لەئامێز





بگرین، زۆرینەیان مانەوە لەگەڵ تورکیا هەڵدەبژێرن. بەمجۆرە پێشی جیا بونەوە دەگیرێت.

بانەترسێین. بەپێچەوانەوە با باوەڕ بەخۆمان بکەین. بابیرمان نەچێ ئەگەر ئەم پرسە چارەسەر نەکەین ئەوا لەدابێدا کۆمەڵگەی کورد لەدەستدەدەین‌و توشی رۆژگاری سەختو خوێناوی دەبین. راستە جوداخوازان ناگەنە ئاواتەکانیان بەلام ئێمەش ئاسودەییمان لێدەبڕێت.

واتە پەلەپرۆزەی ترس سودی نیە.

لەئەنکەرە ٥جەمسەر هەیە.

بریاردانی چارەسەری پرسی کورد لەئەنکەرە تەنها لەئەستۆی حکومەتدا نیە. هێشتا نازانرێ لەداهاتودا کێ قورسایی خۆی لەمبوارەدا پیشاندەدات. حکومەت نایەوێ لێپرسراوی خۆی پیشانبداتو هەنگاو هەڵبگرێت.

حکومەت: تێگەیشتوە کە دەبێ هەنگاو باوێژێ‌و وردە ـ وردە کار دەکات. بەلام هێشتا هەنگاوی قورسی وا ناهاوێ کە تابۆ گەورەکان بشکێنێ.

چانکایا: سەرکۆمار سەرەڕای ئەوەی دەیەوێ هەندێك شت بکا بەلام محافزەکاری دەکات.

عەسکەر: دەزگایەکی لێبڕاوی توندە کە ساڵەهایە لەگەرمەی پێکدادانەو گەورەترین زیانیشی بەرکەوتوەو هەڵویستی توندە. ئەگەر گۆڕانێکی سیاسی بێتە ئاراوە، حەواڵەی سیاسیەکانی دەکات.

میت: دەزگایەکە بەباشترین شێوە راستیەکان دەخوێنێتەوە. باش رەوشی باکوری ئێراقو باشوری رۆژهەڵات دەخوێنێتەوە. بەڵام نایانخاتە ئەولەویەتەوە.

رای گشتی: بەشێك لەمیدیاکان، ئۆپۆزیسیۆنو بەشی محافزەکاری کۆمەڵگە دژی هەر جۆرە گۆڕانێکن. بەڵام بەگشتی ڕای گشتی کۆمەڵگەی تورکیا تێگەیشتوە دەبێ لەمبوارەدا هەندێك شت ئەنجامبدرێت. واتە چاوەڕوانی بڕیاری ئەنکەرەیە...





# با لەباکوری ئێراق دەوڵەتێکی کوردی دا بمەزرێنین

گۆڕانکاریەکانی ئێراق رەنگە لە ناوەنجی یاخود درێژخایەندا شانسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ یاخود کۆنفیدراڵ دەستەبەر بکات. ئەگەر هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ بکەین زیاتر بەقازانجمانە، چونکە ترس قەت قازانجی نابێت..

رەنگە هەندێکمان گرنگێتیو ترسناکی ئەم دیاردەیە ببینن، بەڵام زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی تورکیا هێشتا ئاگایان لە گۆڕانکاریەکانی ئێستاو ئایندەی باکوری ئێراق نییە.

لە ماوەی کورتخایەنو درێژخایەندا رۆژەڤی هەمو لایەکمان دەبێتە کوردستانی باکوری ئێراق.

کوردەکانی باکوری ئێراق ئایا لەبەر پلاندانانی سەیریان بێت، یاخود لەبەر ئەو کۆنژۆکتۆرە بێ کە دەستیانکەوتوە، گەورەترین هەلی مێژوییان بۆ رەخساوە.

هەمو شتێك لەشەڕی یەکەمی کەنداوەوە (١٩٩١) بەگوێرەی ئارەزوی ئەمان دەڕواتە پێش. تەنانەت بەرنامەشیان بۆ دابنایە هەلی ئاوایان دەسنەدەکەوت.

بەختو شانس بەڕویاندا پێکەنیوە.

راستیەکەشی بۆ خۆشیان گرنگێتی قۆناغەکە تێگەیشتونو حسابەکۆنەکانی نێوانیان بەلاوە ناوە.

بارزانیو تاڵەبانی وازیان لە کێشمەکێشی خێڵەکی هێناوەو کامیان چەند بەرتیلی گومرگ وەردەگرێ چیتر بەلایانەوە گرنگ نییەو قۆناغێکی نوێیان دەسپێکردوە. رەنگە هێشتا رقیان لەیەکتریش بێت، بەڵام کولتورێکی سازشکارانەیان هێناوەتە ئاراوە.

چەکەکانیان داناوە.. وازیان لەکوشتنی یەکتر هێناوەو پێکەوە سازاون. رەنگە لەئایندەشدا ناکۆکیان هەبێو ململانێ بکەن، بەڵام ئەوەی هەیە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ئاقڵانە بە هاوبەشی بەرەو دەستەبەرکردنی ئامانجە هاوبەشەکانیان هەنگاو هەڵدەگرن.

ئامانجیشیان سەربەخۆییە.

رەنگە ئەمە ١٠، ٢٠ یاخود ٣٠ ساڵ بخایەنێ بەڵام سەرەنجام دەبنە قەوارەیەکی سەربەخۆ یان پارچەیەکی کۆنفیدراڵی ئێراق.

### شانسەکانیان چین؟

گۆڕانکارییەکانی ئێراق بە قازانجی کوردەکانە. لەبەرئەوەی ئەمریکییەکان لە ماوەیەکی کورتدا دابەشکرانی ئێراق قبوڵناکەن، کوردەکان لەم بوارەدا شانسێکی ئەوتۆیان نییە. لە رەشنوسی دەستوریشدا خواستەکانیان نەهاتەدی. سەرەڕای ئەمەش دیسان هەمو شتێك بەدڵی ئەوان بەڕێوەدەچێ.





١–شیعەکان هەم ململانێی ناوخۆییان هەیەو هەم لەگەڵ سوننەکانیشدا ناتەبان. لەبەرئەمە بیرتەسکنو بۆ بەرژەوەندییە شەخسیەکانیان تێدەکۆشنو لەبەرئەمە وێنە گەورەکە نابینو دەبنە هۆی لەتو پەتبونی ئێراق.

٢–شیعەکانو سوننەکان بەربەرەکانێی ئەمریکییەکان دەکەنو سەرەنجام ئەمریکا بۆ ئەوەی ئێراق زەوت بکات، دەکشێتەوە باکورو لەوێ نیشتەجێدەبێ. ئەمریکییەکان کوردەکان دەپارێزنو دەبنە گرنگترین هاوپەیمانیان.

بەکورتی کوردەکان دەیبەنەوە.. خوێندنەوەی هەڵەی شیعەکانو سوننەکانو خێروبێری کۆنژۆکتۆر ئەمەیان بۆ دەرەخسێنێ.

ئەم سیناریۆیە ئەگەری بەرەواژو بونەوەشی هەیە. رەنگە شیعەکان لەناو خۆیاندا رێکەون. کونژۆکتۆرەکە بەراوەژو دەبێتەوەو پارچەبونی ئێراق بەزیانی خۆیان دەبینن، بەمجۆرە رەوشەکە دەگۆڕدرێت. شیعەکان هێشتا هیچ ئاماژەیەکیان لەمەڕ ئەم بابەتە نەداوە.

### تورکیا دەتوانێ چی بکات؟

لەم رەوشەدا تورکیا دەتوانێ چی بکات؟ دەتوانێ راوێژ بداتە شیعەکان، بەڵام توانای ئیقناعی هەمو گروپەکانی نییە، چەندی پێشمان بکرێ خۆمان بگەیەنینە هەمو لایەنەکان بەسوننەکانیشەوە، بەڵام حسابی ئەوێ جیاوازە. لە ئیدارەی داهاتوی ئێراقەوە بگرە (کە دیار نییە کێ بەڕێوەی دەبات) تاوەکو

بالادەستبونی لایەنێکی شیعەکان، کێشمەکێشێکی گەورە لە ئارادایە. کەس گوێ بۆ کەس شل ناکات.

لە رەوشێکی وادا—بەتایبەت بۆ درێژخایەن—بەڕای ئێوە تورکیا کارتەکانی چۆن بەکاردەهێنێ؟

ئایا دەبێ دەستوەربداتە ناکۆکی ناوخۆیی شیعەکانەوە؟ دەبێ چی بکات؟ ئایا دەبێ خۆی لە سوننەکان نزیك بکاتەوە؟ یاخود دەبێ بەتێڕوانینو هەڵوێستێکی نوێوە خۆی لە کوردەکان نزیك بکاتەوە؟ سبەینێ هەوڵدەدەم وەلامی ئەم پرسیارانەتان بۆ بنوسم..





# ڕۆژی دوشەممە کلکی دونیا دەقرتێ

یەکێتی ئەوروپا باش ئەم کارەی بەڕێوە نەبرد.

دەستی خستە ناو کێشەی قوبرسو هەمو شتێکی تێکەڵو پێکەڵ کرد. بڕیاری دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی لەگەڵ تورکیادا وەرگرت. وەکو خۆتان دەبیستن ئەمەش تێکەڵو پێکەڵ دەکات.

خۆی لەخۆیدا هەڵویستی پەرلەمانی ئەوروپا زۆر خراپترو هەڵویستی پەرلەمان بەهەمو واتایەکی خۆیەوە تورکیا دەوروژێنێ. بڕیاری وەها وەردەگرێت کە مرۆڤ ناتوانێ بڕوایان پێ بکات. هەندێکیان زۆر خوێنساردن و هەندێکیتریش مرۆڤ توشی سەر سوڕمان دەکەن. هەمو ئەم شتانە دەبێت بەهۆی دروستبونی دیدگایەك لەلایەن رای گشتی ئەوەش ئەوەیە کە یەکێتی ئەوروپا دەیەوێت تورکیا پەشیمان بکاتەوە.

من دڵنیام کە کەس نایەوێت شتێکی (یەکێتی ئەوروپا) وەها روبدات. باسی تێوری فێڵو گەمە لەئارادا نییە. بەلام تۆ ناتوانی ئەمە بەوانە تێبگەیەنی کە ئاپاگایان لەفرتو فێڵەکانی ناو سیاسەتی ئەوروپا نییە.

بەهەر حاڵ کار لە کار ترازا. لەمەوبەدوا پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو یەکێتی ئەوروپا پشت بەمتمانەی دو لایەنە دەبەستێ. چونکە بەراستی ئیدی تامی تێدانەماوە.

لەمەوبەدوا یەکتری تەحەمول دەکەین. بەئیحتمالی زیاد دوابڕیار لەکۆبونەوەی ئێوارەی یەکشەمەی دەستەی وەزیرانی یەکێتی ئەوروپاوە دەدرێت.

ئەگەر پێشبینی من راست بێت ئەوا ئێوارەی ئەو رۆژە عبداللە گولو عەلی باباجان بەرەو لوکزامبورگ بەڕێدەکەون (بۆ دانوستان) یا خود تەوقیتی دانوستانەکان دوادەکەوێت.

ئایە گەیشتوینەتە کۆتایی یان وەکو دەبێ بەردەوام بین؟

ئێستا هەر یەکەو شتێك دەڵێ.

لەوانەی کە ئاگایان لەوەزعی ئەوروپا هەیە تا وەکو بێئاگانو ئەوانەی وا هیچ نازانن تەنانەت دوڵمە فرۆشەکانیشمان هەر یەکەو شتێك دەڵێن. هەندێك کەسیش هەن کە دەڵێن: ئەمانە بەتەواوەتی روتیان کردینەوە، بەسە ئیتر باوازی لێ بێنینن."

پێویستە ئێستا چی بکەین؟

ئایە گەیشتوینەتە کۆتایی یا خود دەبێ بەردەوام بکەین؟

منیش دەمەوێ بۆچونەکانی خۆم دوبارە بهێنمەوە سەر زمان.

لەمجۆرە دانوستانانەدا ئەوانەی واز دێننو مێزی دانوستانەکان بەجێدەهێڵن. هەمیشە توشی زەرەر دەبن. سەیری مێژو بکەن بەسەدان نمونەی وەهای تێدایە. دانوستانەکان دینامیزمی تایبەت بەخۆیان هەیە. کاتێك کە ئەم قۆناغە دەستپێدەکات، ناکۆکییەکانی رابردو فەرامۆش دەکرێن.





ئەوەی وا لێیدەترسا بەسەریدا هات...

هیچ کات لەبیرم ناچێتەوە کە لەساڵی ١٩٩٥دا سەبارەت بەگومرگێکی هاوبەش لەگەڵ تورکیادا دانوستانیان دەکرد. بەشداری لەم یەکێتیەدا کارێکی زۆر سەختەو تورکیاش بەهەمو چاو نەترسیەکی خۆیەوە، خۆی خستۆتە نێو ئەم کارە. تەنیا مەبەستیشی ئەوەیە کە قۆناغی بەئەندامبون کورت بکاتەوە. بەو جۆرەش خۆی دەخستە ناو مەترسی گەورەوە. ئەو کاتەش لە"بروکسل"دا دیسان وەزعەکە ئالۆز بو. لەسەروی هەموشیانەوە ئەڵمانەکانو دیموکرات مەسیحیەکان دژایەتی تورکیایان دەکرد.

کۆهڵ ئەوکاتە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ئەڵمانیا بو، هەر لەو کاتانەدا جارێك بینیم پرسیارم لێکردو گوتم:

بۆچی ئەوەندە خۆتان دەگرن؟ وەڵامەکەی هێشتا لەزەینم دایە. گوتی ئەگەر تورکیا بخەینە ناو گومرگی هاوبەشەوە ئەوە بە واتای کردنەوەی دەرگای بەئەندامبونی هەمیشەیی دێت. ئێمەش ئەمەمان ناوێت، تورکیا ناتوانێ ببێتە ئەندامی هەمیشەیی بەڵکو دەبێ لەپێگەیەکی تایبەتدا رابگەیەنرێت".

لەراستیدا وەهاش بو.

"ئێوە باسی چیدەکەن باوەشتان بۆ تورکیا ئاوەڵاکەن" ئەمە سەر دێڕی دۆسیەی سیازدە(١٣)ی گۆڤاری(MATCH)ی فەرەنسی سەبارەت بەتورکیایە...

هەرکەس دەزانێ هەڵوێستی فەرەنسا سەبارەت بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا بەچ شێوازێکە.

بەڵام لەم قۆناغەی دواییدا ڕاگەیاندنی فەرەنسا سەبارەت بەتورکیا تابلۆیەکی پۆزەتیڤ دەردەخات. هەندێ لەنوسەران بەشێوەیەکی ئاشکرا پشتیوانی بەئەندامبونی تورکیا دەکەن.

لەوە دەچێ کە باسی دیمەنە جوانەکانی بارەکانی ئەستەنبول بۆ خوێنەرانی خۆیان بکەن...

ئێستا دەڵێن "مەترسن پێشوازی لەئەستەنبوڵ بکەن پێداگری لەهەڵوێستەکانی رابردو مەکەن و سەرتان هەڵبڕن سەیر کەن..." چی دەبینن؟ جوانترین شاری ئەوروپا بەهەمو تامەزرۆییەکی خۆیەوە دەیەوێ بێتە ناو ریزی یەکێتیەکەمانەوە.

ئەم گۆڤارانە تورکەکان وەکو ئەوروپاییە موسڵمانەکان لەقەڵەم دەدەن.



# Pkk چیدەوێت؟ ئەردۆغان دەبێ چیبکات؟

**جەنگیز چاندار**

رەجەب تەیب  ئەردۆغان پشتگیری هەڵمەتی ئیمزای ئەو روناکبیرانەی کرد کە نوسیبویان" پەکەکە چەکەکان دابنێن"و لەگەڵیان کۆبوەوە. بێگومان ئەم دیدارەش واتایەکی هێمائاسای هەیە.

ئەوەی شایانی باسکردنە چی لەوتاری روناکبیرانداو چی لەخیتابی سەر کوەزیراندا "سیگنالی پۆزەتیڤ" هەیە. بەڵام ئەگەر ئەردۆغان بەر لە سەردانەکەی دیاربەکری دیداری ئەو روناکبیرانەی دیکەشی بکردایە کە لەدژی کوشتنی حیکمەت فیدان لەلایەن pkkەوە هەڵمەتی ئیمزایان رێکخستبو، ئەوا دیدارەکەی دو ئەوەندەیتر مانادار دەبو، چونکە ئەردۆغان:

پرسی کوردی بەرەسمی ناسیوە،

ئامادەی گوێگرتنە بۆ داواکانی کورد،

هاودەنگی ئەو کوردانەیە کە دژی " تیرۆریpkk"ن،

وێڕای ئەوەی "ئیدیعا"ی pkk ی لەمەر ئەوەی کوردان تەمسیل دەکات رەتکردەوە، گوتی تەنها کورد خۆی تەمسیل دەکات، ئەم قۆناغەی کەتێیدا "بابەتی pkk"و "پرسی کورد" لێکجیادەبنەوە بایەخی تایبەتی هەیە.

داواکانی pkk  و داواکانی گەلی کورد لێکجیانو نابێ هەرگیز تێکەڵ بکرێن.





Pkkتەنها بەدوای داواکاری "تاقە پیاوی" ئیمرالیدا وێڵە، بەڵام داواکاری گەلی کورد  شتێکی دیکەیەو ڕای گشتی تورکیاش ئەمە دەزانێت.

داواکانی pkk لەنێوان دو سەردێردا کۆدەبێتەوە:

خۆی بەمخاتەب وەربگیردرێت (لەراستیدا عەبدوڵا ئۆجەلان بکرێتە دەمڕاست).

ئازادی ئۆجەلان.

Pkkو لایەنگرانی بۆ دەستەبەرکردنی ئەم داواکاریانە دەستیان داوەتە مێتۆدی خەباتی چەکداری واتە "تیرۆر". ئەمە تەنها لێکدانەوەو نرخاندن نیە.

ئەوەی بڵاوکراوەکانی PKK وەکو "ئۆزگور گوندەم" لەتورکیاو "ئۆزگور پۆلیتیکا" لەئەوروپا وەخوێنێ ئەم راستیە تێدەگات. هەر کەس تێدەگات کە PKK بەرامبەر بەتورکیاو بەتایبەت پارتی داد شێوازی "دوژمنانە" بەکار دەهێنێ، بۆ نمونە رۆژنامەی ئۆزگور پۆلیتیکای PKK ئاوا دەنوسێ:

مستەفا قەرەسو ئەندامی بەرێوەبەری کۆما کۆمەڵانی کوردستانو ئەنجومەنی PKK سەبارەت بە سەردانی ئەردۆغان بۆ ئامەد گوتی: با ئەردۆغان گەلی کورد کوشتار نەکات. قەرەسو وایگوتوە: "بەرێز ئەردۆغان بەنیازە سەردانی دیاربەکر بکات. پێدەچێ ئەم هەنگاوەی سەرەتای قۆناغێکی نوێ بێت. با تۆنی بلێر بکاتە نمونە کە سەبارەت بە سوپای کۆماری ئایرلەندا گوتی: دەزانین هەندێك هاولاتیمان حەز لە سوپای کۆماری ئایرلەندا دەکەن،

ئێمە بەری هەستەکانیان ناگرین... دەبێ ئەردۆغانیش لەمەڕ خۆشەویستی گەلی کورد بۆ ئۆجەلان ئاوا بکات..."

هەمان رۆژنامە مانشێتێکی ئاوای بۆ ئۆجەلان نوسیوە:

ئازادی بۆ ئۆجەلان..."لەباتمانەوە سلاو بۆ سەرۆکی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی دەنێرین". گروپێك رێپێوانێکی مەشخەلداری رێکخستو ئەم دروشمەی بەکار هێنا.. خۆ پیشاندەرانی ئەدەنە داوای ئازادی ئۆجەلانیان کرد. گروپی دەسپێشخەری هاولاتی ئازاد داوای ئازادی ئۆجەلانیان کرد.نەسرین دەنیز بەناوی خۆپیشاندەرانەوە وتی: ئێمە ئۆجەلانمان وەك ئیرادەی سیاسیمان دەزانینو داوای لەتورکیا کرد ئۆجەلان بکاتە مخاتەب".

"لای pkkو لایەنگرانی" "دیموکراتیزە کردنی تورکیا"و چارە سەری پرسی کوردی گرنگ نیە. دیموکراتیزە کردن لای ئەوان بە مخاتەب وەرگیرانی "تاقە پیاو"و رێکخراوە ستالینیەکەیەتی. هەروەها "ئازادی ئیمرالی" بەئازادی هەمو کوردان دەزانن.

"دژە ژەهری" ئەم مێتۆدەی pkk "دیموکراتیبونی تورکیا"یە. بەمجۆرە دابڕانی گەلی کورد لەpkk "دەستپێشخەریەکی دیموکراتیانە"یە. دیاربەکر چاوەروانی ئەوەیکە ئەردۆغان ئەم راستیە تێبگات.

ئەو ئاماژانەی دوێنێ لەئەنکەرەوە هاتن، پۆزەتیڤن...

# کێشمەکێشی نێوان ئەم دو پارتە
# پارتی دادو پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی

**جەنگیز چاندار**

پێشتر سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەرێگەی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیەوە داوای دیداری لەگەڵ سەرۆکوەزیران کردبو. دواتر سەرۆکوەزیران لەکۆبۆنەوەی پارتەکەی خۆیدا گوتی: " کابرا سەرۆکی پارتێکی سیاسیەو داوا لە سەرۆکوەزیران دەکات بیبینێ، ئەم روداوە بە ئەقڵی کێدا دێت؟ تۆ تائێستا ناڵێی pkk رێکخستنێکی تیروریستە ئیتر بۆچی دەست دەخەیتە ناو ئەمکارانەوە"؟

جێگری سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی حەسیب قاپڵان لەدیاربەکر وەڵامی سەرۆکوەزیرانی دایەوە "دوای ئەوەی سەرۆکوەزیرانو وەزیری ناوخۆ عەبدولقادر ئاقسۆ، داوای دیالۆگی ئێمەیان رەتکردەوە ئەوەتا دەیبینین کە توندو تیژی خەریکە لە کۆنترۆل دەردەچێ".

حەسیب قاپلان دەڵێ : "ئەگەر بەپەلە تەدبیری نەکرێت ئەوا پرسو ئاژاوەی ئەتنی زۆرتر دەبێت، پێکەوە ژیانی هەزار ساڵەی کوردو تورک بەرەو هەڵدێرێکی مەترسیدار دەڕوات، دەبێ گرتنو لێپرسینەوە کۆتایی پێبێت. دەبێ بۆ ئەم هەرێمە پاکەتی چارەسەری ئابوری، کۆمەڵایەتیو کولتوری





پێشکەشبکرێت. هەروەها دەبێ لێبوردنێکی گشتی دەربکرێو پرسی شوناسو کولتوری کورد بخرێتە دەستورەوە".

ئەم کێشمەکێشمە لەخوێنرشتنی زیاترو گرژی زیاتر هیچی لیناکەوێتەوە.

دیارە لەم ئاژاوەیەدا "پشکی شێر" هی برادەرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیە. دیارە دربڕینی وەکو" دەرگای دیالۆگیان داخستوەو ئەمەش بۆتە هۆی توندو تیژی زیاتر. "دەربرینێکی رەوا نیە بخرێتە پاڵ سەرۆکوەزیرانو وەزیری ناوخۆوە، ئایا توندو تیژی دوابەدوای ئەم کێشەیە هاتە ئاراوە یاخود ئەم کێشمە،کێشمە خۆی دەرئەنجامی توندو تیژیەکە بو؟

بەڵام براینە ئەگەر پرسەکە والێبکەن "مریشك لەهێلکەیە نەخێر هێلکە لەمریشکە" ئەوا لەبنی دەرناچنو هیچتان پێناکرێ.

برادەرانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بونەتە دەمراستی توندو تیژی pkk ، و لەم روداوانەشدا بەرپرسیارێتی قورسیان هەیە. بۆیە حەسیب قاپلان وێڕای ئەوەی وەڵامنەدانەوەی دیالۆگی سەرۆکوەزیران رەخنە دەکات دەڵێ : "حەماسیش رێکخراوێکی تیرۆریستیە بەڵام دیالۆگتان لەگەڵ کردن! " واتە بەواتایەك دان بەتیرۆریست بونی pkk دادەنێو بەپێی ئەم "ئانالۆژی" یە داوادەکات کە لەگەڵ ئەمانیش دیالۆگ بکات.

مانای ئەمە چیە ؟

رەنگە ئەگەر pkk بەئارتەشی کۆماری ئایرلەندا IRA بشوبهێنین بکرێ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بە"شین – فین"ی باڵی سیاسی IRA بچوێنین.

چۆنچۆنی ئینگلتەرە نەك لەگەڵ IRA بەڵكو لەگەڵ شین – فین دانیشت، حەسیب قاپلان داوا دەكات كە ئەردۆغانیش وابكات.

ئەم ئانالۆژیە نیشانە ناپێكێ. رابەرانی IRA و شین – فین یەكن، واتە جەری ئادامزو مەك گینس. پەیوەندی pkk و پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی DTP بەمجۆرە نیە. سێگۆشەی ئیمرالی – قەندیل – ئەڵمانیای pkk فەرماندەدەن‌و پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتیش جێبەجێیدەكات، رواڵەت ئەمە دەنوێنێ.

ئەگەر پێمانوابێ كە ئەردۆغان یاخود هەر سەرۆكوەزیرانێكی دیكە بێت‌و دیالۆگ لەگەڵ pkk بكات ئەمە خەیاڵ پڵاوە.

ئایا رێبەرانی DTP – كە پارتێكی یاساییە، خۆیان ناتوانن دیالۆگ بكەن؟ لانیكەم برادەرانیDTP دەبێ ئەوە بسەلمێنن كە نوێنەری ئەو جەماوەرەن كە دەنگیان پێدەدەن و هەروەها بیسەلمێنن كە قسەیان دەروات یا نا؟

جا ئەگەر ناتوانن چۆن دەكرێ باوەڕ بەوقسانەتان بكەین كەچی دەمدەكەنەوە باسی "ئاشتی" دەكەن؟

ئەگەر چاوەروانی ئەوەش بین كە ئەمان ( DTP ) pkk بەتیرۆریست بزانن‌و پرۆتێستی بكەن ئەوە خەیاڵە. با واقیعبین بین. برادەرانی DTP : ئەگەر pkk رێكخراوێكی یاسایی بوایە ئەوا نەیاندەتوانی كەڵك لەجەماوەرو كادرەكانی وەربگرن. بۆیە قەت قسەی وایان بەدەمد انایەت.





بەڵام دەتوانن دژ بەتوندوتیژی هەڵوێست بگرن. هەڵبەت با لەمێزگردی ئاشكراو تەلەفزیۆنیدا ئەمە نەكەن، بەڵكو روبكەنە جەماوەرەكەی خۆیان‌و داوای وەستاندنی توندو تیژیان لێبكەن‌و ئەمە بەڕای گشتی توركیا بسەلمێنن.

جا ئەگەر ئەمە ناكەن دیداری سەرۆكوەزیران چی واتایەكی دەبێت؟ رەنگە ئەمە ببەستن بە "مەرجی دیالۆگ لە گەڵ pkk "وە.

لەبەرامبەر ئەمەدا " قسەكانی " سەرۆكوەزیرانیش دیارە لەوسەری روداوەكان دێتەوە ! قسەكانی سەرنجراكێشن . وەك بڵێی هەرگیز پرسی كورد لەئارادا نەبوە: " ئەوانەی كرداری خراپ دەكەن، ئەوانەی تیرۆر دەكەن‌و ئاژاوە دەنێنەوە لەم وڵاتە مینبەریان پێنادرێت قسە بكەن‌و بۆیان نیە هیچ بڵێن ".

"بەتێكدانی جێگیری‌و ئارامی هەرێمەكە ناگەنە هیچ، تا ئەمان وابكەن ئێمە قوتابخانە دەكەینەوە، كارگا دەكەینەوە، نەخۆشخانە دەكەینەوە، رەفاه و ئازادی‌و دیموكراسی زیاتر دەستەبەردەكەین. زیاتر یەكگرتو دەبین ". و بەمجۆرە درێژەی پێدەدات:

" پێویستە دیواری نێوان هەرێمەكان بروخێنین‌و زەبری ساڵانی رابردو لابەرین. ئاگامان لەمە هەیە. دەبێ داهاتی خەڵك وەك یەك بێت ". ئەردۆغان دەڵێی رێگەی یەكسانكردنی داهاتی هاوڵاتیان لە سەرمایەگوزاریەوە دێت وگوتی: "ئەو پێشكەوتنەی چەتە تیرۆركارەكان دەیانەوێ زەبری لێبدەن ئەمەیە. دەیانەوێ پێشی ئەمەبگرن، چونكە ئاواتیان ئەمەیە. چونكە پێیانوایە

ئەگەر باشوری رۆژهەلات پێشبکەویو بێکاری نەمێنێ، ئەودەم دەماری ژینیان دەپچڕێت. ئەمە لەرەگی ملیان دەداتو نانیان دەبڕێت. ئەمانە لە خوێنو مەرگ دەخۆنەوە. دەبێ ئەمە بزانین".

ئەم قسانە بەگوێ خۆشن ولەسەر کاغەزیش جوانن. بەلام بەم راستیانە چیدەلێین: بۆنمونە لەو یارمەتیەی کە لەسالانی ٢٠٠٤– ٢٠٠٢ دا ئەمریکا بەتورکیای بەخشی چیتان بەباشوری رۆژهەلات دا. شوێنێك کە حکومەت سەرمایەی نیە، سەرمایەگوزار چۆنچۆنی کاری تێدادەکات؟ دیارە پرسەکەش پرسی دواکەوتنی ئابوری نیە.

بەڵێ با سەرۆکوەزیران چاو بەقسەکانیدا بخشێنێتەوەو پۆزیسیۆنی خۆی بگۆڕێ. بەلام پرسی سەرەکی ئەمەیە: جیاکردنەوەی DTP لە pkk یا خود pkk و DTP لە بزاڤی رزگاری کورد کارێکی ئاستەمە.





## بەرچەکداری زنجیرەیی و کەللە بەخشین

## جەنگیز چاندار

سەبارەت بەئیدیعانامەی شەمزینان ئەو رونکردنەوەیەی کە بەناوی "راگەیەنراوی فەرمانده‌یی گشتی"یەوە راگەیەنراوە، ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەو تۆمەتبارکردنە سیاسیەو ئاکامەکانی یاخەی حکومەت دەگرێتەوە.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبو کە سیمبۆلی دەسەڵاتی مەدەنی کە پارتی دادو گەشەپێدانە لەسەداسەد هەندێك هەڵو دەرفەتی لەدەستدەچێ.

دیارە ئەوەندەش ناخایەنێ کە بۆمان رونبێتەوە کە ئەنجامە سیاسیەکانیان چیدەبێت. لەم یاداشتنامەیەی فەرماندەیی گشتی داوای "کەللە سەر" لەحکومەت دەکرێو حکومەتیش "یەکەم کەللە سەری" پێشکەشکردن. واتە سەرۆکی ئیستخباراتی ئەمن"سەبری ئوزون".

بەشی چەواشەی راپۆرتەکەی فەرماندەیی گشتی ئەم پەرەگرافەیە:

"دەبێ لەبەرامبەر ئەم تۆمەتبار کردنە ئەنقەستو ناهەقەی کە دەرهەق بە هێزە چەکدارەکانی تورك دەکرێ، بەرپرسیاریە دەستوریەکانمان جێبەجێبکەینو هەمو رەهەندەکانی ئەم پەلامارە رونبکرێتەوەو دەربارەی زیهنیەتی ئەو پۆستو دامودەزگایانەی کە ئەم کارەیان ئەنجامداوە ئیجرائاتی یاسایی بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا ئاگامان لەو کردەوانە هەیە کە لەدژی هێزە چەکدارەکانمان دەکرێنو هەتا دوایش لەرێگەی یاساییەوە بەرپەرچیان دەدینەوە.





بەوجۆرەی دەردەکەوی وا خەریکە وردە ـ وردە ئیجرائات ئەنجامدەدرێن. باس لەپیلانو ناهەقی بەئەنقەست دەکەن.

واتە پێیانوایە کە ئەمانە ئەمکارەیان وەك پەلامار ئەنجامداوە. هەروەها داوای دادکردنی ئەو پۆستو دامودەزگا حکومیانەیان کردوە کە لەپشت ئەم"زێهنیتەوە"ن.

ئاماژە بەوە دەکرێ کە سەرۆکی ئیستیخباراتی ئەمن یەکێك لەپۆستە گرنگەکانی تورکیایە. واتە ئەو بڕگەیەی دەڵێ "ئەو پۆستو دامو دەزگایانە"ی لەپشت روداوەکەوەن.

دیارە دوابەدوای ئەوەی حکومەت سەرۆکی ئیستیخباراتی ئەمن واتە سەبری ئۆزۆنی لەسەر کار لابرد، بەناراستەوخۆ وەڵامی ئەو بڕگەیەی ڕاگەیەنراوی سوپای تورکیای دایەوە کە نوێنەری ئەو"زیهنیەتە"ن.

جا ئێستا ئەگەر لەحکومەت بپرسی پێت ناڵێ لەپشت پەردەوە لەگەل سوپا رێکەوتوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەوە بکەی کە چۆنچۆنی دوابەداوی راگەیەنراوی فەرماندەیی گشتی دەستیان بەئیجرائات کردوە، هەمو شتێکت بۆ روندەبێتەوە.

دوێنێ لەمیدیاکاندا ئاماژە بەتاوانی دەرکرانی سەبری ئوزون کرا لەپۆستەکەی، گوایە لەبەر ئەو تەسریحە بوە کە سەبارەت بەروداوەکانی شەمزینان دابوی بەکۆمیسیۆنی تایبەتی پەرلەمانی تورکیا. سەبری ئوزون چی گوتبو؟ ئایا pkk بەرپرسیاری هەمو کردەوەکانی دەگرێتە ئەستۆ؟ ئایا

کردەوەی وای هەیە کە نەیگرتبنە ئەستۆ؟ تەسریحی سەبری ئۆزون کە گوتبوی "لەناو ١٨روداوی بۆمبنانەوەدا هەندێك لایەنی شاراوەی تێدایە. قەبارەی روداوەکانو بێ دیسپلینی رێکخستنو لەکۆنترۆڵ دەرچونیان پیاو نیگەران دەکاتو لایەنێك ناگرێتەوە. ئەگەر دەزگایەکی ئیستخبارات ئاگای لەم روداوانە نەبێ، خوارەحم بەوانیتر بکات".

ئەم تەسریحەی ناوبراو دواجار بوە هۆی ئەوەی کە "کەللە سەری" لەدەستبداتو میدیاکانیش لێیانپرسی چۆنچۆنی لەژێر چاودێری ئەو هەموە کامێرای تەرمالەدا لەشارێکی بچوکدا ئەو گشتە بۆمبایە دەتەقێنرێتەوە؟ "کابرا بەمیدیاکانی گوتبو"بەقوربانتان بم کلیلەکان تێکچونو ئەم ناوچەیە هیرۆینیشی تیادەگوێزرێتەوەو پۆلیسی تورك چیتر بەری هیچی پێناگیرێو خاوەنماڵ خۆی دزە....."

واتە بەپێی قسەکانی خۆی دەردەکەوێ کە سەری بەنەکە لەکوێیە.

لەڕاستیدا شوێنەکەش شاراوە نیەو هەمان ئەو شوێنەیە کە بوە هۆی لەدەستدانی "کەللە سەری".

بەپێی هەواڵی رۆژنامەی "سەباح" سەرۆکایەتی ئیستخباراتی ئەمن یاداشتێکی بێ ئیمزای بۆ سەرکوەزیران تەیب ئەردۆغان ناردبو: "ئەگەر بەدوای شوێن پێی روداوەکانی شەمزیناندا بچن ئەوا سەری ئەم پەتە هەتا فەرماندەی هێزی زەمینی یاشار بیوك ئانتو فەرماندەی ژەندەرمە فەوزی تورکەری درێژە دەبێتەوە". واتە ئەم یاداشتە فەرماندەکان تاوانبار دەکات.





ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت ئەوا لابرانی سەبری ئۆزون لەپۆستەکەی پەیوەندی بەم یاداشتەوە هەبوە. ئەگەر حکومەت گوێی بەقسەکانی ئەو پیاوە بدایە ئەوا حکومەت خۆی دەپاراست. سەبری ئۆزون تاکە کەسە کە پێنج جار ئەم پۆستەی گرتۆتە دەست. دەبوا هەتا دوایی حکومەت بڕوای پێبکردایە. جا ئەگەر کەللە سەری ئەم پیاوەیان پێشکەشکردوە ئەوا دیارە ویستویانە کەلەیەکی گەورەتری پێ بپارێزن!

ئەو بەشەی راپۆرتەکەی فەرماندەیی گشتی کە دەڵێ "ئەمە ئەنجامی سیاسی بەدواوە دەبێ"رێك ئەو بەشە دەگرێتەوە کە ئێمە لەسەری دەنوسین. هاوسەنگی دەسەڵات چۆنچۆنی رێکخراوە؟ بەوجۆرە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی مەدەنی کە پارتی داد نوێنەرێتی گەورەترین "بواری لەدەستداوە".

دەزانین کە سەرانی حکومەت لەم شیکردنەوەیەمان توڕە دەبن بەڵام کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە بواریان لەدەستداوەو هەلیان لەکیس چوە. بەڵام کرۆکی بابەتەکە تەنها ئەمە نیە. لەداهاتودا کارەساتە گەورەکان خۆیان دەنوێنن کە بریتین لە"پەرچەکردارە زنجیرەییەکان" واتە "کەللە بەخشینی" کۆشکی چانکایا(سەرکۆماری)و متمانە لەدەستدانی....

دیارە بەخشینی تاقە کەللەیەك بەیاداشتێکی سوپا بەتەنهایی بەشناکاتو هیتریشی بەدوادا دێت....

لەئایندەیەکی نزیکدا تورکیا لەمەڕ پرسەکانی ئێران‌و ئێراق روبەروی "بڕیاری چارەنوسساز" دەبێتەوەو گەلێك فشاری لێدەکرێت. ئایا حکومەتێکی ئاوای کەللەبەخش دەرفەتی بڕیاردانی وای دبێت؟

گومان ناکەم....

# ئایە تورکیا دەتوانێ بکەوێتە باکوری ئێراقەوە؟

## جەنگیز چاندار

بەوجۆرەی بیر دەکەینەوە باکوری ئێراق شوێنێك نیە تورکیا بیەوێ بەئاسانی لەبەر بنکەکانی pkkپەلاماری بدات. لەوێ زیاتر لە١٠٠هەزار کوردی چەکداری ئێراقی هەن. بەدابەزینی سوپای تورکیا ئەم هێزانە خۆراگریەکی کەموێنە پیشاندەدەن، لەم دۆخەدا چیتر سوپای تورکیا تەنها گیروگرفتی pkkی نابێت، بەڵکو ناچارە لەسنورێکی یەکجار فراواندا کە هەردو پارچەکە دەگرێتەوە، شەڕی کورد بکات. لەم کاتەدا پرسیارێك خێرا دێتە زەینمانەوە: ئایە لەم دۆخەدا دەبێ واز لە کوێستانی قەندیل بهێنین؟

ئایا تورکیا دەکەوێتە باکوری ئێراقەوە؟ ئایە ماف ئەوەی هەیە؟

ئایا تورکیا بۆ کۆتاییهێنان بەتیرۆری pkk دەبێ بکەوێتە باکوری ئێراقەوە؟

ئایا دەتوانێ ئەم خواستە جێبەجێ بکات؟

دوێنێ بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن ئەم پرسیارانەی لەمن کرد،"بڵێی پەلامار بدات؟"

منیش بە "رەنگە" وەڵامم دانەوە. بیانوەکەشم ئاوالێکدایەوە کە وڵاتێك ئەقڵی سیاسی تێدا بێت، خۆی ناخاتە ناو ئەو وڵاتەی قورسترین توندوتیژی





تێدایە. تورکیا وڵاتێکی خاوەن ئەزمونی سیاسیو سەربازیە. سەرەڕای ئەمە گوتم"رەنگە پەلامار بدات".

ئایە بۆی هەیە پەلامار بدات...

بەمەبەستی "پاککردنەوەی pkk" تورکیا دەیەوێ پەلاماری باکوری ئێراق بدات.

دەیەوێتو تەنانەت ئاهەنگیشی بۆ دەگێڕێت.Pkk بۆ ئەوەی ببێتە هاودیالۆگی تورکیا دۆعاو نزا دەکات. پەلاماردانی تورکیا بۆ باکوری ئێراق لای pkkچاوی ساغە بۆ کوێر. بەپێی نۆرمی حقوقی ناونەتەوەیی ئەگەر تورکیا پەلاماری باکوری ئێراق بدات:

سەداسەد توشی "گرفتاری شەرعیەت" دەبێت. هەرچەند لەنەوەدەکاندا سوپای تورکیا بەکەیفی خۆی دەچوە باکوری ئێراقەوەو دەهاتە دەرەوە، بەڵام ئەو سەردەمە لەگەڵ ئۆتوریتەی شەرعی رژێمی سەدامدا پەیمانی لەو بابەتەی هەبو. بەڵام ئێستا ئەو زەمینە یاساییە لەئارادا نیەو دەستەبەر کردنی زەمینەی حقوقی ئاسان نیە.سەبارەت بەپرسی تەزکەرەی مانگی مارتی هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی تورکیا بەرەو باکوری ئێراق گوتی:

دیارە گرفتێکی دیکە هاتۆتە گۆڕی "بۆب وۆدوارد" لەکتێبی بیرەوەری خۆیدا بەناوی "پلانی پەلاماردان"دا ئاماژە بەم گرفتە دەکاتو فەرماندەی شەڕ، ژەنەراڵ "تۆمی فرانکس" لە کتێبی "سەربازی ئەمریکی"دا دەڵێ "هەڵوێستی جۆرج دەبلیۆبۆش سەبارەت بەم کێشەیە بەئاشکرایی دیاربو".

جگە لەمە پەلاماری تورکیا بۆ باکوری ئێراق پەیوەندی خاوی ئەمریکا ــ تورکیا ئەوەندەیتر تێکدەدات.

جگە لەوە پەیوەندی لاوازی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا تێکدەچێ‌و ئەمجارەیان گەورەترین بیانو دەداتە دەستی ئەوروپیەکانەوە.

لەباکوری ئێراقدا تورکیا روبەڕوی بنکەکانی pkk نابێتەوە بەڵکو روبەڕوی ١٠٠هەزار کورد دەبێتەوە. ئەگەر ئەمانە خۆڕاگری بکەن، ئەوجا تورکیا روبەڕوی شەڕێکی "درێژخایەن" دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا چیتر سنوری تورکیا ــ ئێراق مانای نامێنێ‌و لەکاتێکی وادا تورکیا تەنها کێشەیpkkی نابێت. بەڵکو گیرۆدەی بەرەیەکی فراوان دەبێت. لەم کاتەدا یەکسەر پرسیارێك دێت بە مێشکماندا: ئایە لەم دۆخەدا دەبێ واز لە چیای قەندیل بهێنین؟ وابزانم چاوەروانی ئەوەن چیدەڵێم؟وتم"نا نابێ وازی لێبێنین". دوایی ناوی چەند شاخی دیکەش هات بەمێشکمدا. چیاکانی دێرسیم، چیای گابار، چیای هەکاری... جا براینە! خۆئەم شاخانە لەناو خاکی خۆماندان! دوایی ئەوەم بەبیردا هات خۆ ئەگەر رێمان بکەوێتە باکوری ئێراق ئەوا روبەروی هەرێمێکی کوێستانی دەبینەوە؟ ئەو کاتە لەباکوری ئێراقدا دەچەقینە زۆنگاوەوە.

ئەوجا پرسیارەکەی "دەنیز بایکال"م لەئینتەرنێت خوێندەوە: پرسیار: ئایا تورکیا بۆی هەیە بکەوێتە باکوری ئێراقەوە؟

بایکال: دیارە لەباکوری ئێراقدا بۆشایی بەڕێوەبەرێتی هەیە.

پرسیار: ئایا پێویستی بەدەستێوەردان هەیە؟





بایکال: دەبێ هەموجۆرە تەدبیرێك وەربگرین. ئەم تەدبیرانەش بەگوێرەی کات‌و شوێن دەگۆڕدرێن بۆیە بنکەی گروپە تیرۆریستیەکان لە باکوری ئێراقدا قبوڵناکرێت.

دیسان بایکال گوتی: "ریسکی لەتبونی تورکیا لەئارادایە". هەروەها گفتوگویەکی بایکال‌و کەنعان ئەڤەرەنم خوێندەوە: ئەڤەرەن: کاتی خۆی چەند جار کەوتنیە باکوری ئێراقەوە، ئێستا واناکەین بەڵام ئەگەر چەقۆ بگاتە ئێسقان پێموابێ دوبارەی بکەینەوە". ئایا ئەگەر خەڵکی باکوری ئێراق یارمەتیمان نەدەن تورکیا دەتوانێ بکەوێتە ئەوێوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا گوتی:

ئایا ئەوکاتەی پەلاماری قوبرسمان دا کەس رێگەی پێدابین؟ لەوێ دەوڵەتیش هەبو. بەڵام بۆ ئەوەی ئاسایشی هاوڵاتیانمان بپارێزین ئەو کارەمان ئەنجامدا. لێرەش هەمان شت دەکەین.

کاتێك ئەم وتانەم خوێندەوە بەخۆمم گوت، یەکمیان سەرکۆمارێکی کۆن‌و فەرماندەی گشتی بو، دەومیشیان وەزیری دەرەوە بوەو ئێستاش سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنە. ئەوجا من کێم... چیتر گوێ بەقسەکانی من مەدەن. گوێ بەبایکال‌و ئەڤەرەن بدەن.

## لەئێراق کێ دەبێتە دراوسێمان؟

## جەنگیز چاندار

ئێمەش یەکێك لەو کەسانەین کە فێربوین لەتورکیا گەلێکجار تێکدانی یەکبابەت "لەبەر" بکەین‌و پەیتا ـ پەیتا دوبارەی بکەینەوە.

مەبەستم لە "تێکدانی لەبەر کراو" دەستەبەر کردنی زەمینەی گۆڕانی ئەو دنیایەیە کە بەخێرایی روی لەوەرگۆڕانە بۆ ئەمەش:

بیرکردنەوە لەدەرەوەی "قاڵبە نەریتیەکان"و دەسپێکردنی وەرچەرخان دێتە ئاراوە. لەسەرەتای ئەمانەدا هەڵوێستمان بەرامبەر بەئێراق خۆی دەنوێنێ.

سەبارەت بەئێراق گەلێك شت لەتوێی پێویستێتی "تێکدانی شتە لەبەر کراوەکان" دا جێیدەبێتەوە، و دان بەوەدا دەنێین کە ئەوەندە لەوە دڵنیا نین،"دەستەبژێری سیاسی" تورکیا بتوانێ پێی بوێرێ.

سیاسەتی تورکیا لەمەڕ ئێراق وێڕای ئەوەی "تەقلیدی"بو، پاراستنی "ستاتیکۆی هەرێمیشی" لەگەڵدا بو. تورکیا رژێمێکی ناوەندی سوننی عەرەبی پێ خۆش بو کە دەسەڵاتی بەسەر تێکڕای هەرێمەکانی ئێراقدا بسەپێنێ و"ئاسایشی تورکیا"و بەدەربڕینێکی دیکە ئەو ژانەی تورکیا بەدەست "پرسی کورد"ەوە دەیکێشێ لابەرێت.لەبەر ئەوەی رژێمی زاڵمی دیکتاتۆری "سەدام حوسێن"مان بەوڵاتێکی لایك‌و دیموکراتی جیهانی ئیسلام قبوڵکردبو، روخانی





ئەم رژێمە تورکیای نارەحەت کردوە. هەرچەند رژێمە ناوەندیە سوننە عەرەبیەکانی بەغداد رەوشی وەکو سەدامیشیان نواندبێ و سیستەمێکی "نەژاد پەرستانە"ی واشیان بەرێوە بردبێ کە تورکمانەکان‌و نەتەوە ناعەرەبەکانیتریشیان چەوساندبێتەوە، بەس بەو مەرجەی کوردەکانیان ببەستایەتەوە، ئەوا لەلایەن ئەنکەرەوە پێشوازیان لێدەکرا! لەبەر ئەمە ئەنکەرە دەیانساڵە لەبەرامبەر چەوساندنەوەو بێبەشکرانی تورکمانەکان لەمافە نەتەوەییەکانیان بێدەنگ بوەو گوێی خۆی لێ خەواندوە. تەنانەت لەنێوان ئەنکەرەو رژێمی سەدامدا "پەیمانی بەدوادا چونی گەرم"یش مۆرکرا بو!

روداوی تەزکەرەی ١ی مارسی ٢٠٠٣ کە ئەنجومەنی گەورەی نوێنەرانی تورکیا رێگەی بەدەربازبونی سوپای ئەمریکا نەدا، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ١٨٠پلەی جیاوازی لەنێوان تێڕوانینی ئەنکەرەو ئەمریکادا لەئارادایە. سەبارەت بەئێراق، شەڕەکە بۆ گۆڕینی رژێمی سەدام بەرێوە دەچو و کاتێك چالاکی سەربازی ئەمریکا گەیشتە بەغداد، چالاکی سەربازی تورکیاش لەباکوری ئێراق پەنگیخواردبۆوەو بەمەبەستی جڵەوکردنی"قەوارەی کوردی" بەرێوە دەچو.

ئەمە تەنها "سیاسەتی تەقلیدی دەوڵەت" یا خود "هەڵوێستی دەوڵەتی شاراوە" نەبو. سیاسەتی پارتی داد بەرامبەر بەروداوەکانی هەرێمەکە لەگەل ئەمەدا دەگونجا، سیاسەتی فرە لایەنی دەرەوەو نەبونی کێشە لەگەڵ

دراوسێکانمان بوە دەنگی رەسای سیاسەتی دەرەوەو دوابەدوای ئەم فورمیلاسیۆنە ئیدیعای سەربەخۆبون لەئەمریکا دەکراو هەوڵی ئەوە دەدرا تورکیا وەك "وڵاتێکی ناوەندی" بنوێندریٚو دیمەنی سیاسەتی شەرەفمەندانەی دەرەوەی تورکیا پیشانبدریٚو ئەمەش نواندنی بەرگێکی نوێی "سیاسەتی تەقلیدی" بو و تورکیا بەخۆ نزیککردنەوە لەعەرەبەکانو بەتایبەت سوریاو ئێران دەیەویست گەمارۆی کوردەکان بدات. کۆنفرانسی وڵاتانی دراوسێی ئێراق بوە بابەتی بەرچاوی ئەم هەنگاوە.

ئەو روداوانەی بەر لەشەڕو دوای شەڕ لەئێراق هاتنە کایەوە ئەم سیاسەتە تەقلیدیەیان تارومار کرد. هەتاوەکو تورکیا سەبارەت بەروداوەکانی ئێراق لەچوارچێوەی قاڵبە تەقلیدیەکاندا وەمێنیٚ، ناتوانیٚ خۆی لەکاریگەریە نالەبارەکان بپارێزیٚ. واتە "بەلە بەرکراوی" تێکیدەدەنو لەمە زیاتر هیچ چارەیەکی دیکەتان نیە.

چونکە ئەو مۆدێلەی دەستوری نوێی ئێراق بەهەرێمەکانو تەنانەت پارێزگاکانی بەخشیوە، بۆ خۆشی مۆدیلێکی فیدراسیۆنی نەرمە.

ئێراق لەبیستەکاندا بوە کۆلۆنی ئینگلتەرەو هەر لەو کاتەدا کوردەکانو شیعەکان راپەرین. ئێراقی نویٚ وەك حکومەتێکی ناوەندی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سوننە ــ عەرەبدا بنیاتنرا. ئەم ئێراقە لە۲۰۰۳دا بەشێوەیەکی حەتمی لەگۆڕنرا. ئێراقی تازە بەتەواوەتی سەروژێر کراوەو بەناوەندێکی





لاوازەوە گۆڕەپانێکی فراوانی مانۆڕو دەسەڵاتی بەکوردەکانو شیعەکان بەخشیوە.

فیدراسیۆنی نمونەیی باسکراو هەر لەئێستادا دەبینرێت. بنیاتنانی ئێراقی نویٚ هەر چەند دژوارە بەڵام ژیانەوەی ئێراقی کۆن مەحاڵە.

پێدەچیٚ سوننەکان دەنگی "نەخێر" بدەنە ئەم رەشنوسی دەستورە. رەوشێکی بەمجۆرە دەبێتە هۆی راپەڕینی جەماوەری سوننەی عەرەبی لەدژی ئەمریکاو تیرۆری بەدواوە دەبیٚ، هەروەها ئەگەری شەڕی ناوخۆی شیعەو سوننەش بەهێز دەکات.

رۆژنامەی فاینانشاڵ تایمز سەردێڕێکی ئاوای نوسیبو:

لێرەدا سازشێك دەستەبەرنەرکراوە کە هەر سیٚ پێکهاتەکە تێر بکات. لەکەشی تیرۆردا، نوسینی دەستورێکی وا کە ببێتە هۆی پێکەوەنانی یەك "گەل" زۆر دژوارە. ئەم زۆربە نازۆرینەیە دوابەدوای پرتوکانی شەڕی ناوخۆیی رەنگە ئەنجام بگرێت.

ئەگەری پارچە بونی ئێراق بەقەد یەکگرتنەوەی لەئارادایە. لەرەوشێکی وادا کام پێکهاتەی ئێراق دەبێتە "دراوسێی" تورکیا؟ ئەوجا لەگەڵ کیٚ سیاسەتی "نەبونی کێشە بەرێوە دەبەین؟" وەڵامێك کە دەدرێتەوە "تێکدانی لەبەر کراو" لەگەڵ خۆی دەهێنیٚ...

# ئایا ئەمریکا لەئەنکەرە باڵوێز دانانێ؟

## جەنگیز چاندار

تورکیا دۆخێکی ئاوارتەی دەرباز کردوبۆ بەئەندامبونی یەکجارەکی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا دەستی بە "گفتوگۆ" کردوە. چیتر مخاتەبی یەکێتی ئەروپا نین بەڵکو پارچەیەکی ئەم یەکێتیەین.

هەفتەی ڕابردو هەمو ئۆرگانەکانی میدیا دوابەدوای سێی ئۆکتۆبەر وێنەی "تورکیای نوێ"یان کێشاو ئاماژەیان بەپرسەکانی بەر لەگفتوگۆکان دەکرد.

تەنانەت باسی ئەوەش دەکرا کە چۆنچۆنی لەگەرمەی گفتۆکانی لۆکزامبۆرگدا ئەمریکا رۆڵی گێڕاوەو چۆن کاریگەری پۆزەتیڤی هەبوە. وەزیری ئەمریکا کۆندۆلیزا رایس لەگەرمەی گفتوگۆکاندا هەم کاریگەری کردە سەر خۆڕا گری نەمساوەو هەمیش دەستیوەردایە پرسی رۆمیەکان لە چوارچێوەی "ناتۆ"داو رێگەی ئەم بەئەندامبونەی خۆشکرد. بەڵام دەستێوەردانی ئەمجارە لەلایەن کاربەدەستە فەرمیەکانەوە بۆ ڕای گشتی راگەیەندرا و تورکیا سوپاسی ئەمریکای کرد. هەروەها میدیاکان ئەوەشیان دەرخست کە دەستێوەردانی "رایس" بەپێی داخوازی سەرەکوەزیران هاتۆتە کایەوە. لەکاتێکدا ئەمجۆرە هاوکاریانە بەر لەم قۆناغەش بەشێوەی ئۆتۆماتیکی





دەهاتە کایەوە. بۆ نمونە لەکۆبونەوەیەکی باڵای یەکێتی ئەوروپادا کلینتۆن تا بەیانی تەماشاکەر بوەو لەسەر تورکیای کردۆتەوە.

***

لەکاتێکدا کە قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامن، تورکیا لەلایەك پەیوەندیەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەرەو قۆناغێکی نوێ دەڕوات‌و لەلایەکی دیکەش پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکادا ئەولەویەتی خۆی هەیە.

یەکێتی ئەوروپا رۆژەڤی ئێمەی پڕ کردەوە، بەڵام رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەروژێر دەبێ‌و بەرەو دۆخی تازە دەڕوات. فشارەکانی ئەمریکا لەسەر سوریا رۆژ بەرۆژ زیاد دەکات. بێگومان دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کوشتنی سەرەکوەزیرانی پێشوی لوبنان، رەفیق حەریری لەمبوارەدا گەلێك گرنگن.

تورکیا لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی سوریادا شەکراو دەخواتەوە، چاودێری ئەم رەوشە دەکات‌و هاکا بای دایەوە. بۆ نمونە لەم دواکۆبونەوە باڵایەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا وەك چاوەڕوان دەکرا کۆبونەوەی سەرۆکانی دو وڵات نەهاتە ئاراوە. جگە لە سەردانی جێگری سەرەکوەزیرانی سوریا عەبدوڵا دەدری، وەزیری بەرپرسیاری تورکیا واتە د. محەمەد یەحیا خەڕات پێشوازیەکی گەرمی نەنواند.

پەیوەندیەکانی ئەمریکا تەنها لەگەڵ سوریا نە بەڵکو لەگەڵ ئێرانیشدا گرژە. تێکڕای ئەم پیشهاتانە سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تورکیا

بەگوێرەی ئەمریکا وەردەچەرخێنیٚو ئەمەش بەقەد پەیوەندیەکانی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا گرنگە...

سەرەڕای ئەوەی هاوبیرورایییەك لەسیاسەتەکانی تورکیاو ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست دەبینرێت، کەچی ئەمریکا لەتورکیا بالوٚێزی نیە!

راوێژکاری بالوٚێزی ئەمریکا واتە "نانسی مەك ئەلدونەی" پەیوەندیەکان بەڕێوە دەبات.

دوای ئەوەی "ئەریس ئەدەلمان" لەمانگی حزیرانی رابردودا ئەرکەکەی جێهێشتو بوە کەسی سێهەمی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، دیار نیە کیٚ دەبێتە بالوٚێزی ئەمریکا لەئەنکەرە. باسی هەندێك ناودەکری بەلاٚم وا دیارە ئەم پۆستە ماەیەکیتریش دەخایەنێت. واتە کورسی سەر بالوٚێز ماوەیەکی دیکەش بەتالٚ دەمێنێتەوە.

ئەوە دو مانگە ئەم پۆستە بەتالە. پێشتر قەت ئەم پۆستە ئەوەندە بەتالٚ نەبوە.

دەلێن لەسەردەمی تورگوت ئۆزالدا پۆستی بالوٚێزی ئەمریکا نزیکەی سیٚ مانگ بیٚ بالوٚێز بوە، ئۆزال یەکسەر پەیوەندی بەبۆشی گەورە دەکاتو هۆی ئەمەی لێدەپرسێت.





ئایا دوا کەوتنی دانانی بالوٚێزی ئەمریکا لەئەنکەرە دیاردەیەکی ئاساییە یاخود کاردانەوەیەکە بەرامبەر بالوٚێزکەی پێشو یان ئەم دواکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکانی تورکیا ـ ئەمریکا؟ نازانم کامە یانە.


بەلاٚم مخابن رۆژهەلاٚتی نێوەڕاست پڕ بوە لەکێشە. ئەم ولاٚتانەش هەمویان دراوسێمانن. بەکورتی ماوەیەکی دیکەش نائارامی ولاٚتی ئێمە دەگرێتەوە.

پێدەچیٚ پێشهاتەکانی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست رەوتی پەیوەندیەکانی تورکیاو ئەمریکا بەهێز بکاتو ستراتیژیەکانی هەر دو ولاٚت لێکنزیك بکاتەوە.

دوابەدوای سەرکەوتنی گەورەی ئەمریکا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە گیانمان نەبرژێتەوە پێویستمان بەسیاسەتی ئەقلاٚنی هەیە...

بۆچی تا ئێستا ئەمریکا لەئەنکەرە سەر ـ بالوٚێزی دانەناوە؟

ئەمە پرسیارێکەو دەبیٚ رونبکرێتەوە...



# لەدادگاییکردنەوە مەترسە

محەمەد ئاڵتان

لەراستیدا بنەمای تورك لەباتی ئەوەی گزی بکات، ئەگەر رێسا حقوقییە جیهانییەکان جێبەجێ بکات، بێ ئەوەی دەستو قاچمان تەتەڵە بکات دەتوانین بێ کێشە رێگەکەمان درێژە پێبدەین.

دادگای ئاسایشی دەوڵەت (DGM) کە لەیاسای هاوچەرخدا جێی نابێتەوە، لەدۆخی جارانیدا لەشوێنێکی چۆڵو هۆڵدا گیانی مرۆی سوتاند. لێرانەدا نوسەرانی تورکیا دادگاییکران. هەر جارەش بڕیارەکانی دادگای ئاسایشی دەوڵەت لەلایەن دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپاوە تاوانبارکراوە.

تورکیا بەردەوام داوانامەکانی دۆڕاون، چونکە لەگەڵ یاسادا ناگونجێن. ئێستاش رەوشەکە هەروایە. لەڕوی شێوەی هەلومەرجی تورکیاوە، داوانامەی عەبدوللا ئۆجەلان کەموکورتی تێدایە. بەگوێرەی ئەو کۆمەڵگایەی رێز لەمافەکان دەگرێ، چی پێویستە بکرێ دیارە، واتە پیاچونەوە بەداوانامەکەداو لابردنی کەموکورتییەکانی. بۆیە پرسێك نییە ئەوەندە بمانخرۆشێنێو مشتومڕ دروست بکاتو گەورە بکرێتەوە. رێزگرتن لەیاسا کۆمەڵگەکان بەهێز دەکات. ئەوەی هاتۆتە سەرمان، پێشێلکردنی یاسا بوە بەپێی ئارەزوەکانمان.





سەرئەنجام تورکیا ئیرادەی پێکەوە گونجانی دا لەگەڵ بڕیارەکانی دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپاداو ئەوکاتەی ئەم پرسەی کردە بابەت، سەبارەت بە یاسای نوێی کۆماری تورکیا دیسان فێڵێکرد!

تورکیا کە بەرەو ماندو بون دەڕوات، بەپێی یاسای ٣١١ مادەییەکەی بەر لە چواری شوباتو دوا بەدوای ئەوەش سەبارەت بەو داوایانەی بەئەنجام گەیشتبون ماف "پیاچونەوە بە داوانامە"ی نەناسی. وێرای ئەوەی داوای عەبدوللا ئۆجەلانی کردۆتە ئامانج، دیسان مافی دادکردنەوەی کردۆتە مەبەست، ئەم کۆسپە ٩٠ دۆسیەی لەخۆگرتوە. لەدادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپادا داواکەیان بردۆتەوەو سەرلەنوێ ئەو ٩٠ دۆسیەیەی چاوەڕێی دادکرانەوەن لەبەر ئەم فێڵبازیە، ستەملێکراون. یەکێتی ئەوروپا لەبەرئەوەی فێڵبازی پرەنسیپەکانی تورکی نەناسیوە، توشی ئەم نامۆییە بوە.

ئەو وڵاتەی دادکردنەوە ئەنجام نادات بەو جۆرەی لەگەڵ رێسای راستو دروستی حقوقیدا بگونجێ، دوای ئەوەی مراجعەکردن بەدادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا وەکو پرەنسیپ قبوڵدەکاتو بۆ ئەمەش بەپێی نیگەرانییە سیاسیەکانی ئاستەنگ دەدۆزێتەوە، بێگومان رێزمەندو بەهێز نابێت، ئەو توخمەی وڵاتان تۆکمەو پتەودەکات، پێشێلنەکردنی پرەنسیپەکانی یاسایەو هەروەها گەرەنتیکردنی سەقامگیریەکەیەتی لەگەڵ زەمانەتی یاساییدا.

بۆ ئەوەی وا بنوێنین کە کۆمەڵگەیەکین کە لەدادکردنەوەی داوای ئۆجەلان ناترسینو ئەوەندە بەهێزین کە لەشکست ناترسین، دەبێ وێرای دەربازکردنی

شێوەی پڕ لەکەموکورتی هەلومەرجەکان، بۆ هەمو لایەکی بسەلمێنین کە دەتوانین پرۆسەی دادکردنەوەکە ئەنجام بدەین..

رەوشێکی وا لەئارادا نییە کە دوبارە بونەوەی دادگایی ئۆجەلان نیگەرانمان بکاتو بمانترسێنێ. لەبنەڕەتدا دەبێ ئەمە بکەینە بیانو هۆیەك بۆ ئەوەی هەنگاو هەڵبگرین.. بۆ نمونە ئەمڕۆکە ئاگاتان لەم پرسی ج–چوارە هەیە؟ دەزانن، کە پرسی ج–چوار تەنها تێکدانێکی دەمڕاستی عەسکەرەو بەس.

لەهەفتەی رابردودا دو لێپرسراوی پایەبەرزی عەسکەری باسی ئەم ج–چوارەیان کردوە.. سەرەتا سەرەکی دوەمی فەرماندەیی گشتی، سوپاسالار ئیلکەر باشبوغ باسی هێنانی بڕێکی زۆری ج–چواری بۆ ناو تورکیا کرد. دوای ئەوە سوپاسالاری هێزە زەمینیەکان یاشاربیوك ئانت بەراوێژکاری سیاسی باڵیۆزخانەی ئەمریکای گوتوە "چۆنچۆنی کەرەستەی تەقینەوەی ج–چوار لەباکوری ئیراقەوە گواستراوەتەوە بۆ ناو تورکیا؟".

زاکیرەیەکی وام نییە بمگێڕێتەوە بۆ رابردو.. بیرم دێت کە لەناو ئۆتۆمبیلێکی ئەفسەرێکی سەربازی کۆماری تورکی باکوری قوبرسدا بڕێك تەقەمەنی ج–چوار دەستی بەسەردا گیرابو. ئەو روداوە کۆتایی پێ نەهاتو لەگەنجەکانیش فێری ئەوە بوین لەسەر پردی سیراتدا ٢٠کیلۆ ج–چوار چەند روخێنەرە!





دیسان هەینی رابردو لەمانشێتی رۆژنامەی رادیکاڵدا نوسرابو: "ئۆپەراسیۆنێکی فراوان لەتونجەلی دەسپێکردوە" دوای ئەم مانشێتە بەرەو روی ج–چوار بومەوە! یەکەم رستەی هەواڵەکە ئاوابو:

"بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوجۆرە تەقەمەنییە بەهێزە پلاستیکەی PKK کە بۆ چالاکی ئامادەکراوە، بەپێی هەواڵی هەواڵگرییەکان، لەتونجەلیدا بۆ بەرەنگاربونەوەی رێکخراوە میلیشیاکان ئۆپەراسیۆنێکی گەورە دەستپێکرد".

پیاو سەری سوڕدەمێنێ کە ئەم پرسی ج–چوارە چۆن بۆتە بابەتی رۆژی تورکیاو چی بەچییە.. چونکە لەلای ئێمە ج–چوار شیفرەیە.. ئەگەر لێی تێبگەین شتێکی باش نابێت. دادکردنەوەی ئۆجەلان پرۆسەیەکی ئاسای حقوقییە. بەڵام لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا ئەوەی سەیرە ئەم پرسی ج–چوارەیە کە دیارە کەشەکە لێڵ دەکاتو کام لایەنی بابەتەکەیە!

تورکیا وێڕای ئەوەی لە رێبواری رێگەی ئەوروپا ماندو بوە، گۆڕانکاریەکی ریشەیی بەدیناهێنێو دەیەوێ خۆی وەدزێ..

دیارە بەهێزکردنی یاسا، زیادکردنی متمانە بەخۆکردنو لابردنی گرێکوێرەکان هیچ ئاسان نییە.. دروستکردنی قەیرانو تەنگژە ئاساییە.. ئەوەی ئاسایی نییە ئەو کەسانەن کە لەم قۆناغی وەرچەرخانەدا خەریکی رانتبازین.. واتە ئەو کەسانەن لەبەرامبەر لەدەستدانی سەنگەرە کۆنەکانیاندا خۆڕاگری دەکەن..

لێرەدا ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەوە.. ئەو کارەی کە پارتی داد نەیوێراوە بیکات "بەڕێوەبەری چاوەڕوانییە"..

لەحاڵێکدا ئەو شارەزاییە سیاسیەی دەبێ لەم قۆناغەدا بەئەنجام بگات بەڕێوەبردنی پرۆسەی چاوەڕوانبونە.. لەم قۆناغەدا هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنی یاسا لاوازی نییە، لەو بڕوایەدام ئامرازی بەهێزکردنمانە.. تەنها ئەوە بەسە کە هەر لەئێستاوە پێش بەتەڵەکبازی ج–چوار بگرین..





# پارتی دادو گەشە پێدان، میلیتاریزمو یەکێتی ئەوروپا

**محەمەد ئاڵتان**

لەکاتێدا کە بابەتی بەئەندامبونی هەمیشەیی لەیەکێتی ئەوروپادا بابەتێکی فرەلایەنی کۆمەڵایەتیە، تورکیا تەنیا باس لەسەر لایەنێکی دەکات، ئەوەش باسی بەندەکانی پەیمانی کۆپەنهاگە کە لایەنە سیاسیەکەی قورساییەکی زیاتری هەیە. بەڵام لەڕاستیدا هەندێك بەندو مەرجیتریش لەئارادان کە بەبەندو مەرجەکانی پەیمانی ماستریخت ناوزەد دەکرێن. ئەوەش پێوانەکانی ئابوریەکی باش دیاریدەکات. لەوەش زیاتر بابەتەکە تەنیا لەمانەدا کۆتایی پێنایەت. ناوەرۆکی پرۆژەی یەکێتی ئەروپا مەیدانێکی بەرفراوان لە "لەدایك بونەوە تا مەرگ"و لەهەمو بەشەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت.چاو پێداخشاندنێك بەو بەرنامە نەتەوەییەی کە وا ئەنکەرە ئامادەی کردوە، بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو بەشەی وا باسی لەسەر دەکەین، چەندە بەرتەسكو بێبەرهەمە. تەنانەت پێویستە ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کە ئەو مەرجانەی کۆپەنهاگ کە ئێمە بەگومانی پێکەوە گونجانی رەفتارەکانمان لەگەڵیان چاو لەهەڵسوکەوتەکانی خۆمان دەکەین، دە ساڵ بەر لەئێستا بۆ وڵاتە کۆنە سۆسیالیستەکان دانراون، واتە ئێمە لەگەڵ ستانداردەکانی دە ساڵ بەر لەئێستادا خۆمان خەریك دەکەین! ئەوەش لەکاتێکدایە کە یەکێتی ئەوروپا لەماوەی ئەم دە ساڵەی

دواییدا گۆڕانکارییەکی زیاتری تۆمار کردوە. ئەو شتانەی کە وا یەکێتی ئەوروپا لەم پێواژۆیەدا سەبارەت بە مەرجەکانی کۆپەنهاگ لەئێمەی دەوێ ئەم سێ مادەیەی خوارەوەن.

نەهێشتنی هەمو جۆرێکی ئەشکەنجەدان .

پیادە کردنی بنەماکانی ئازادی دەربڕینی بیروڕا.

نۆرماڵ کردنەوەی پەیوەندی نێوان سیڤیل ـ سەرباز.

پارتی دادو گەشە پێدان کە سەبارەت بەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپادا پێداگریەکی شێلگیری لەخۆی نیشانداوە، بەدیاریکردنی پێشگیریەکی تەواوەتی لەئەشکەنجەوە دەستی بەکار کرد. ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە تاوەکو ئێستا لەسەدا هەشتای ئەو سکاڵاو گلەییانەی سەبارەت بەتاوانی ئەشکەنجە کردن پێشکەشکراون توشی تێپەڕبونی زەمەن بون، مرۆڤ تێدەگات کەهەندێك ناوەندی گرنگی هێز لەناو دەڵەتدا ئەشکەنجەگەرانو ئەشکەنجە دەپارێزن. لەڕاستیدا بەئەگەرێکی گەورە ئەو سکاڵایەی مانیساش کەسەبارەت بەئەشکەنجە کردنەوحەت ساڵو نیوە کە درێژەی هەیەو ئێستا لەڕاپۆرتی پێشکەوتنەکاندا جێگای خۆی گرتوە، توشی تێپەڕبونی زەمەن دەبو و لەبیردەکرا. بەڵام یەکێتی ئەوروپا فریا کەوتو دۆزەکە گەیشتە ئەنجامی خۆی. هەرچەند کە لەدادگای باڵادا توشی ئەو دەردە بوبێت، دیسان ئەگەر سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی گەورە. بابەتی ئازادی بیرو بۆچون لەجۆری ئەو مادەیە کە زوتر لەمادەی یەكو سێ، چارەسەری بۆ





دەدۆزرێتەوە هەرچەندە کە پارتی دادو گەشە پێدان لەسەر بابەتی مادەکانی ١٥٩و٣١٢ی یاسای کۆماری تورکیا ئیرادەو توانی سیاسی خۆی جودا بکاتەوە، بەڵام وەکو ئەو مادەیەی کەوا لەئیتالیای مۆسۆلینیدا دانرابو، دەتوانێت بەخستنە بەر باسی مادەی ١٥٩لەمادەی١٦٠دا زوتر ئەم بابەتە چارەسەر بکات.

پەیوەندیی سیڤیل ـــ سەرباز بۆ پارتی دادو گەشەپێدان زۆرترینو قورسترین کێشە دروستدەکاتو ترسێکی زۆری لەم بارەیەوە هەیە. لەتورکیادا بەهیچ جۆرێك بەمەدەنی بون دروست نابێ. قۆناغی یەکێتی ئەوروپا هەمیشە باس لەگرنگی ئەم ڕەوشە نائاساییە دەکات. پارتی دادو گەشەپێدان کەشوهەوایەکی دیموکراتیانەی دەوێت، بەڵام هەست بەوەش دەکات بەبێ یارمەتی یەکێتی ئەوروپا توانای دروستکردنی ئەو کەشو هەوایەی نیە. تورکیا چەندە لەیەکێتی ئەوروپا نزیك ببێتەوە، بەهەمان ئەندازەش لەملیتاریزم دور دەکەوێتەوە. بابەتە یاساییەکانی ئێمە لەلایەن ڕژێمێکی یەك حزبیەوە دەستنیشانکراونو کودەتای ١٢ی ئەیلول پێی گەیاندوەو ٢٨ی شوبات بەشێوەیەکی بڕوا پێنەکراو روپۆشێکی بۆ دروستکردوە. دروستکردنی گۆڕانکاری لەبەشە سەربازیەکەی ئەمەدا یان وەکو پێکهێنانی یاساکانی ئێستا پێویستی بەوەرچەرخانێکی گەورە هەیە (بۆ نمونە یاسای سزای سەربازی هەرجۆرە لێدوانێکی سیاسی بۆ کەسی سەرباز قەدەغە دەکات) بەڵام تاوەکو ئێستا کەس شایەتی پراکتیزە بونی ئەم یاسایە نەبوە. هیچ کەسێك لەو کەسە

سەربازیانەی کە ئیدیعا دەکرێت دەستیان لەدامەزراندنی تۆڕی دژە یاسایی وەکو چەتەی "سوسورلوك" هەبوە تاوەکو ئێستا نەهێنراونەتە بەردەم دادگا. چاودێری لە خەرجە سەربازییەکان ناکرێت، دەزگای پاراستنی نەتەوەیی کە وەکو دەزگایەکی سەروی پەرلەمان کار دەکات خۆی ناکێشێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەگەر هیچ یەك لەمانە نەبن ناتوانرێت باس لەسەروەری یاساو دیموکراسی پەرلەمانی بکردرێت. بتەوێ‌و نەتەوێ کاتێك کە پارتی دادو گەشە پێدان بیەوێت لەقورسایی سیاسی سەربازەکان کەم بکاتەوە، لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا هاوکاری دەکاتو خۆی لەخۆیدا بەوتنی "ئەوەی لەسەر بان کەوتبێتە خوارەوە لەحاڵی ئەو کەسە تێدەگات کەلەسەر بان دەکەوێتە خوارەوە"، باس لەئارەزوی یەکێتی ئەوروپای خۆی بۆ جەماوەر دەکات. دەسەڵاتی بیرۆکراسیەتی چەکدار یەکێکە لەگرنگترین کێشەکانی تورکیاو هێزە دینامیکە ناوخۆییەکانیش توانای نۆرماڵکردنەوەی ئەمەیان نیە. ئەو دەسەڵاتەی کە نەتوانێ ئەشکەنجەگەران سزا بداتو قسەی خۆی بەسەر سەربازەکاندا زاڵ بکات، ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتێکی سیاسی. ئەمەش دەتوانرێت بەهۆی پشتیوانی یەکێتی ئەوروپاو پارتی دادو گەشە پێدان پێکبێت. لەوەش زیاتر پارتی دادو گەشە پێدان لەباری ئابوریەوە توانای دەرکەوتنی لەبازنەی کردارەکانی رێکخراوی بانکی جیهانی IMF نیە. باری ئابوری توشی ئالۆزیەکی گرنگ بوە، ئەو هەلو مەرجەی کە بێ متمانەیی پێشدەخات دەبێ





بەهۆی زیاد بونی سودوپەرەسەندنی ئیفلاسی ئابوری‌و بەرز بونەوەی ئاستی قەرزدرای، کە ئەمەش نابێتە هۆی خۆ کۆکردنەوەی تورکیا.

جەماوەریش لەبەر برسێتی‌و هەژاری‌و بێکاری پەرێشان‌و دڵگرانن، بەڵام لەسیاسەتەوە هیچ دەستێ بۆ یارمەتیدانی ئەوان درێژ نابێتەوە! وڵاتێك کە لەباری ئابوریەوە گەیشتبێتە خاڵی ئیفلاس، ناتوانی کەڵکێکی سیاسی هەبێت. لە دۆخێکی وەهاشدا تەنیا قۆناغی یەکێتی ئەوروپا بۆ پارتی دادو گەشەپێدان دەمێنێتەوە، لەوێدا جێگای تەنگ نیەو لەوەش زیاتر دەتوانێ پشتیوانی جەماوەر وەربگرێت.ئەمەش خۆی لەقازانجی تورکیاو جەماوەرە فراوانەکەیدایە. بەدیموکرات بون‌و دەوڵەمەند بون بەڕێگای رەتکردنەوەی ملیتاریزم‌و کردارە ئابوریە نابەجێکانەوە مومکین دەبێت. ئێستا دەتوانین بەڕێگای پارتی دادو گەشەپێدانەوە بەرەو ئەوێ هەنگاو هەڵبگرین، هەمو هیوایەکیشمان ڕۆیشتن بۆ ئەوێیە.

# تۆ لایەنگری تیرۆری یان دیموکراسی؟

## محەمەد ئاڵتان

ئەوانەی نەفرەت لەدیموکراتیزە کردنی تورکیا دەکەن دواجار pkkشیان پێوە پەیوەستبوە...

ئەوانەی بەهیوای بەردەوامبونی ستاتیکۆی هەبو(موجود)ن، ئەمجارەیان پشتیان بەتیرۆری pkkبەستوە...

ئەم رەوتە هاوپەیمانی ناوخۆییو دەرەکی هەیە.... لەناوخۆدا ئەوانەی لەدەرەوەی pkkدا سیاسەت دەکەنو ئەوانەشی هەتا دوا خاڵ لەبەرامبەر پرۆسەی ئەندامێتی ئەکێتی ئەوروپا خۆڕاگری دەنوێنن،و ئەوانەی بەهەمو شێوەیەك لەسەر تیرۆر رانتخۆری دەکەن...

ئەگەر ئەم دیاردەیە سادە بکەینەوە روبەروی دوڕیانە دەبینەوە: ئەوانەی لایەنگری دیموکراتیزە کردننو ئەوانەشی ئۆمێدیان بەتیرۆر بەستوە....

لەناو سیاسەتی سیڤیلدا لایەنگەلێك دیانەوێ کەڵك لەتیرۆری pkk وەر بگرن... ئەمانە بەهۆی تیرۆری pkkوە سەر لەنوێ سازە کۆنەکانیان ژەندەوەو نەریتەکانی رابردویان زیندو کردەوە. ئەوانەی ئاخ بۆ رابردویان هەڵدەکێشن ئەوانەن کە دەیانەوێ پۆزیسیۆنی سیاسیان بەهۆی درێژەپێدانی





"دۆخی ئاوارتە" درێژە پێبدەنو لەسەر دۆخی ئاوارتە رانتێکی فراوانیان دەستەبەر کردوەو بەکورتی بونەتە "لۆبیەکی فراوانی" تیرۆر...

لۆبی تیرۆر دەمێکە پەلدەهاوێژێ ... دەیەوێ پەیوەندیە سیاسیو ئابوریەکانی وڵاتو دەرەوە ببرێ، پەیوەندی ئابوری تورکیاو دەرەوە دابەزێنێ بۆ لانی هەرە نزمو سیاسەتێکی گۆشەگیری وشك بسەپێنێ ...و پەلاماری باکوری ئێراق بداتو بەگژ هێزەکانی ئەوێدا بچێ...

ئەمانەش هەوەسو ئارەزی گروپێکی تورکیان...

ئەم سیاسەتە بێگومان تورکیا دەکاتە گۆمی خوێنو لەحسابی هەندێك لایەن دێت. ئەگەر لەتورکیا هێزێکی جوداخواز هەبێ، ئەمانە باشترین پشتیوانی ئەو هێزەن....

تەیب ئەردۆغان بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بوەستێنێ دەسپێشخەری کردو ئەوەی پێی بکرێ کردی...

چی لێکدانەوەی ئەنکەرە لەمەڕ داننان بە"پرسی کورد"داو چی چارەسەری بە"دیموکرات" کردنیو چی ئاواتی"کۆماری دیموکراتی" هەموی گرنگن...

ئەم قسەیەی لەدیاریەکر دوبارە کردەوە :"هەڵەکانی رابردو قبوڵدەکەین"و هەروەها "تورکیا لەروبەرو بونەوەی کێشەکانی ناترسێ" و ئەم وتانە ئەڵقەی نوێی ئەم زەنجیرەیان دروستکرد.

بەلاّم ناوچەی کوردی گەلێکجار قسەو بەلێنیٚ وای بینیوەو دلّنیاو ئۆمێدەوار بون کەچی ئەنجامی نەبوە...

هاوپەیمانی دەمیرل ـ ئینۆنۆ باسی بەرەسمی ناسینی "ریالیتە"ی کوردی کردو وتەی مەسعود یەلّماز سەبارەت بەوەی "رێگای یەکێتی ئەوروپا بە دیاربەکردا تێدەپەرێت"تێکرا وەك یەکەمو دوا هەنگاو قەتیس مانەوە...

چارەسەر کردنی پرسی کوردو لابردنی کێشەی pkkبوە بەبەشێك لەکریتەرەکانی کۆپەنهاگ...

دیارە ئەوانەی جەنجالّی تیرۆر دەکەنە بیانو، دەیانەویٚ بەر بەم قۆناغە بگرن...

***

ئەگەر سەردانی تەیب ئەردۆغان بۆ دیاربەکر جۆشێکی گەورەی لێنەکەوتەوە، هۆیەکەوەی دەگەرێتەوە بۆ گفتە جێبەجێنەکراوەکانی پێشو...

لەمەودوای ئەم سەردانە پتر گرنگە....

ئەگەر رەجەب تەیب ئەردۆغان بەم دەسپێشخەریە لەبارەی لەبەرامبەر بەرەی سیتاتیکۆ پارێزدا بوستێتەوەو درێژە بەم سیاسەتەی بدات، ئەوا کێشەکە زوتر بەرەو چارەسەری دەروات...

ئەودەم خەلّکی هەرێمەکە رێگای خۆیان لەتیرۆری pkkجیا دەکەنەوە....
بێگومان ئەم هەنگاوانە پێویستی بەپشتگرتنی سۆسیۆ ــ ئیکۆنۆمی هەیە...





چونکە بێکاری، نەداریو ناهۆمێدی پێش بەدیموکراتیبون دەگرنو تیرۆر دەوروژێنن...

***

"کۆماری دیموکراتی" پەیوەندی تاك ـ دەولّەت بەگوێرەی ستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپا دەستەبەر دەکاتو مافەکانی هاولاتیان بەپێی پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێدەکات....

ئەگەر ئەنکەرە دەیەویٚ پرسی کورد چارەسەر بکات پێویستە وێڕای ئەوەی پەیوەندی تاك ـ دەولّەت بەپێی زاکۆنەکانی ئەوروپا فەراهەم بکات، دەبیٚ بەپەلە کەلّك لە ئەزمونی ئەو ولاّتە دیموکراتیانە وەربگریٚ کە کێشەی لەم بابەتەیان هەیە.. لەپرسی "باسك"ەوە بگرە تاوەکو ئارتەشی نهێنی کۆماری ئایرلەندا گەلێك ئەزمونی زیندو هەن...

دیارە ئامانج ئەوەیە لەبەرامبەر تیرۆردا دیموکراسی بەهێز بکریٚو لەبەرامبەر pkk دا پرسی کورد بکرێتە مخاتەبو لەبەرامبەر ستاتیکۆپارێزەکاندا کۆماری دیموکراتی و پرۆسەی ئەوروپا ببێتە بەدیلو لەباتی میتۆدی سەربازی، سیاسەتی سیڤیل بگیردرێتەبەر...

ئەگەر بۆ ئەم هەلّمەتە سیاسیە ژێرخان ئامادە سازی بکریٚو ئەجێندایەکی بۆ فەراهەمبکریٚ ئەوا خێرایی دەبەخشێتە بەدیهاتنی ئەم ئامانجە.....

# نەفرتی جەهل

## محەمەد ئاڵتان

یەکێك لەئەشکەنجەکانی تورکیا بیستنی لاڤ سوکو رسوایە. ئەمە شتێکە کە تەنانەت لەوڵاتانی ئەوروپاو بەتایبەت لەم یونانی دراوسێیەشماندا نەمانبیستوە.

***

بۆ نمونە لەیۆنان هیچ بەرپرسیارێکی سەربازی لێدوانی سەربازی نادات. تەنها کاری خۆی رادەپەرێنێت.

هەروەها لەیۆنان بەنائاگایی جیاوازی ناخرێتە نێوان "کۆمار"و "دیموکراسی". چونکە یۆنان بەپێی ستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپا کۆمارێکی دیموکراتیانەی بنیاتناوە.

هەروەها لەیۆنان لێپرسراوانی سەربازی هەتاوەکو جیاوازی نێوان بەڕێوەبەرێتی یۆنیتەر (ناوەندی)و فیدراڵ نەزانن، لەخۆرایی قسە ناکەن. بەرگری لەشتێك ناکەن کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتی جەماوەردایە.

جگە لەوە لەیۆنانندا بابەتی "نەتەوە ــ دەوڵەت" ناخرێتە رو. چونکە دوابەدوای ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بابەتی لەمجۆرە بێکەڵك بون، یۆنان وازی لەدراوی نەتەوەیی خۆی "دراخما" هێناوەو یۆرۆ بەکارە دەهێنێ، واتە بەشێك





لەباڵادەستی خۆی سپاردۆتە دەسەڵاتە هەرێمیەکانیو بەشێکیشی سپاردۆتە "بروکسل".

یۆنان فەزڵی کارمەندانی نادا بەسەر روناکبیراندا.

سەرەڕای ئەمانە لەیۆنان ئایدئۆلۆژیەکانی دەرەوەی دیموکراسی ناخەنە تۆیی هەڵویستی رەسمیەوە. بەڵام لای ئێمە وانیە.

قوڕبەسەریەکە لەمەدایە کە لەتورکیا زیندەبەرۆح هێشتا جیاوازی نێوان شێوەی بەڕێوەبەرێتی یونیتەرو فیدراڵ نازانێ...

لەتورکیا وادەزانن یۆنیتەر بەواتای دەستەواژەی "یەکپارچەیی خاك"ە. لەکاتێکدا دژی پێکهاتەی یونیتەر "پارچە کردنو جوداخوازی" نیە، بەڵکو بنیاتێکی ئیداری فیدراڵە..

ئەو لۆژیکەی دەڵێ "ئەگەر فیدرالیزم قبوڵبکەین ئەوا تورکیا پارچە دەبێ" لەهیچ حکومەتێکی دیموکراتی دنیادا وێنەی نیە. چونکە ئەمریکا فیدراڵیە، ئەڵمانیا فیدراڵیە، سویسرەش فیدراڵیە..

لەدیموکراسیە گەورەکاندا ئەو بەشەی بەرێوەبەرێتی ئیداری فیدراڵ دەگرێتە ئەستۆ بیرۆکراتەکان نین، ئەو ئیرادەیەیە کە بڕیاری جەماوەر تەمسیل دەکات. ئەو جۆرە ئیدارەیەی نەگۆڕوجیگر بێ، لەهیچ دەسەڵاتێکی دیموکراسیدا پەسەند نیە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە پێکهاتەی فیدراڵ فراوانە، جێگیرو چەسپاوە، پرسە سەرەکیەکان چارەسەر دەکات، ناهاوسەنگیە هەرێمیەکان "لادەبات".

هەروەها دەوڵەتێك بنیاتدەنێ کە داهاتی وڵات بەگوێرەی تاکەکانی دابەشدەکات... وەك ئێمە نیە هەموکەس چاوی بریوەتە گەندەڵی سیاسی. ئەمە بۆ ئەو وڵاتانەی کێشەی سەرەکیان هەیە، پێکهاتەیەکی لوکسە. دیسان نابێ هەڵەی دەستەواژەو دەربڕینو وتەی نادیموکراتیانە بکرێتە بیانو.

لەمانە بەدەر فیتیشیزمی "دەوڵەت ـــ نەتەوە"ش لەئارادایە. تورکیا پێکهاتەی "دەوڵەت ــ نەتەوە"ی لەکام نمونە کۆپیە کردوە؟

لە رۆژ ئاوا، بەتایبەت لەفەرنساوە....

بەگۆڕانی دنیا، شێوەی ڕێکخستنی ئیدرایش گۆڕانی بەسەردادێت....

بۆچی خێڵ گۆڕا بە دەرەبەگایەتیو ئیمپراتۆریە ناوەندیەکان بونە دەوڵەتی نەتەوەیی؟ هەتاوەکو وەڵامی ئەم پرسیارە نەدرێتەوە روبەروی مەینەتو چەرمەسەری دەبینەوە...

جگە لەوە ئەگەر "دەوڵەت ـــ نەتەوە" رەوشێکی نەگۆڕی هەیە، بۆچی فەرەنسا کە سەرمەشقی دەوڵەتی ئێمەیە وازی لەدراوی نەتەوەیی خۆیی واتە فرانك هێناو یۆرۆ بەکار دەهێنێو دەسەڵاتی خۆی دەسپێرێتە بروکسل؟...

رەوت وردە ـــ وردە لەسیستەمی دەوڵەت نەتەوەوە بەرەوەو ڕێکخستنی گلۆباڵی دەروات...

ئەم دواکەوتوانەی لای ئێمە ئەگەر لەسەردەمی ئیمپراتۆریە ناوەندیە ـــ کانیشدا بژینایە، دیارە دیسان شێتانە"دەوڵەت ـــ نەتەوە"یان دەپەرست...





چونکە ئەوانە نەفرەت لەخودی گەوهەری ژیان دەکەن کە بریتیە لە"گۆڕان"...

سەرەڕای ئەمانەی وترا، ئەو ژەنەراڵە سەربازیانەی لەناو بەرێوەبەرێتی وڵاتدا پلەیان هەیە، ئاشکرا هەوەسی سیاسیان هەیە.

وێڕای قەدەغە کرانی مادەکانی یاسای سەربازی، دیسان دەستێوەردانی سیاسەت درێژەی هەیە. یەکێتی ئەوروپا لەخوتوخۆڕایی باسی دەستێوەرادنی عەسکەر ناکات.

ئایا ئەو لایەنەی نەفرەت لەوانە بکات کە لەخۆی ناچن، دەتوانێ لاف دیموکراسی لێبدات؟

پوختەی ئەمجۆرە قسانە ئاوایە:

"دەبێ هەموتان وەك من بن، دەنا نەفرەتتان لێدەکەم"!

ئەو وڵاتانەی دەنگی وایان تێدایە وێڕای چاودێری یەکێتی ئەوروپا هێشتا دورن لەستانداردەکانی ئەو یەکێتیە.

جەهلی تێگەیشتن لەلایەکەو...

ئەو بێچارەییەی دنیای تێوەگلاوە لەلایەکیتر...

بنبەستێکی وا چی لەمرۆڤ دەکات؟

هیچ نەکات، نەفرەت لەروناکبیران دەکات.

ئایا لەجیاتی نەفرەت خوێندنی "هێزی رەسەن" کە هەمو شتێك دەگۆڕێت، باشتر نیە؟

# سوسورلوکەکان نامرن!

**محەمەد ئالتان**

شەمزینانو گەڤەر دو شارۆچکەی هەکارین کە لەسێ کوچکەی ئێرانو ئێراقو تورکیا هەڵکەوتون. لێرە دەنگی تەقینەوەی بۆمباکان دێت. ئەم دو مانگەی دوایی ١٦بۆمبا تەقێندرایەوە. دەنگێکی ئەوتۆیان نەدایەوە، بەڵام کە هەڤدەهەمین بۆمبا تەقیەوە، سەرانسەری خەڵکی تورکیای راچڵەکاند. ئەمجارەیان بەرۆژی رۆشن تاوانبارانی سەر بەدەوڵەت بۆمبایان فرێدایە کتێبفرۆشیەکەوەو بوە هۆی کوژرانی دو کەسو جەماوەر بکوژەکانیان دەسگیر کرد.

دەڵێن دەسگیر کراوەکان سەر بە"رێکخستنی ئیسخباراتی ژەندەرمە"ن. دیسان ئەو ئۆتومبیلەی بکوژەکانی تێدا دەسگیر کران، ئوتومبیلی رەسمی ژەندەرمە بوە.

هەمو خەڵکی تورکیا کلاشینکۆفو نەخشەکانی نێو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەیان بەچاوی خۆیان بینی.

ئەم روداوە جارێکیتر روداوی پێشوی "سوسورلوک"ی هێنایەوە بیر. دو مانگە لەملاولەولا بۆمبا دەتەقێتەوەو خەڵك دەکوژرێت چونکە نەتوانراوە کەس دەسگیر بکرێ. باسی ئەوە دەکرێ کە ئەم چەتەیەی ئەم تاوانەی





ئەنجامداوە، کلکی دەگاتەوە چەتە بەناوبانگەکەی "سوسورلوك"ی رابردو. پێموابێ ناو هێنانی روداوی سوسورلوك بە"چەتەی گەڤەر" گەلێك قازانجی بەدواوە بێت.

لەبەر ئەمە سەر لەنوێ راپۆرتی نیوەچڵی پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بەروداوی سوسورلوك بەتایبەتی بەشی "چەتەی گەڤەر"م بەوردی خوێندەوە. دوبارە سەرسامی کردمەوە. تاوەکو ئەم راپۆرتەو دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر گەڤەر نەخوێندرێتەوە مەحاڵە کۆمیسیۆنی توێژینەوەی ئەمجارە ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەسبێنێ.

راپۆرتی سوسورلوك ئاوا "چەتەی گەڤەر" پێناسە دەکات: "راپۆرتی چەتەی گەڤەر بریتیە لەفەرماندەی تابوری سوپا م. ئەمین یورداکولو هەندێك کاربەدەستی سەربازیو ئەفسەری پۆلیسو جاشەکان کە کاریان خەڵك رفاندنو ئەوجا کوشتنی پیاو بوە. هەروەها قاچاخچێتی هیرۆیینو چەكو هتدیان ئەنجامداوە...".

باندی گەڤەر ئەم چالاکیانەی لەژێر چاودێری سەرهەنگی فەرماندەی ژەندەرمەی هەکاری "حوسێن ئۆغوز" ئەنجامداوە! بەخوێندنەوەی راپۆرتی "ئوغوز" تەنها روبەروی ناوی بکوژەکان نابینەوە بەڵکو چۆنچۆنی خەڵکیان کوشتوە، چۆن قاچاخی بێهۆشکەرەکانیان ئەنجامداوەو چۆن تاوانیان کردوە یەکە ـ یەکە بەوردو درشتەوە رونکراوەتەوە.

کۆمیسیۆنی راپۆرتی "سوسورلوکی" پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بەباندی گەڤەر ئەم خاڵانەی خوارەوە روندەکاتەوە:

ئەم باندە هەندێك لەکاربەدەستە نیازخراپەکانی دەوڵەتی بەکار هێناوە وەکو (عەسکەرو پۆلیس) گوند پارێزە کاتەکیەکان (هەندێکجاریش ئیعترافکاران)و بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی کەڵکی لێوەر گرتون، بۆ نمونە:

ئەلف) ئەوانەی گیرۆدەی قاچاخچێتی چەكو مادە بەنگیەکان بون.... ب) هەندێکجاریش چەکە پێسپێردراوەکانی خۆیانوئەو مادە بەنگیە زەوتکراوانەی دەست خۆیان دەفرۆشتەوە.... پ) لەمانە خراپتر .... ئەرکەکانیان بەچەواشەیی بەکار دەهێناو بەتاوانی pkk هاوڵاتیانیان دەڕفاند، دەسبەسەریان دەکردنو جاروباریش پارەیان لێوەردەگرتنو بەبیانوی ئایدیۆلوژیەوە ئەمکارەیان ئەنجامدەدا.. ت) ئەم باندە هەندێك سیاسەتمەداری خستبوە خزمەت خۆیەوەو نەیارانی ئەم سیاسەتمەدارانەیان لەکاتی هەڵبژاردندا دەسگیردەکردو دوای ئەوە بەسیناریۆ بەتکاورجای ئەم سیاسەتمەدارانە ئەو دەسگیرکراوانەیان بەردەدا. د) تاوانبار قەهرەمان بیلگیج بۆ کەڵکوەرگرتن لەیاسای پەشیمانی ٣٤١٦، لەنیسانی ١٩٩٤دا خۆی بەدەستەوەداو ژەندەرمە دوای وەرگرتنی ئیفادەکانی نەیگواستۆتەوە بۆ دادگەو لەلای خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتوەو تاکو ١٩٩٤ئەم کەسە نەدراوەتە دادگە. هەروەها کارتی پێناسی گوندپارێزو پۆلیسیان بۆ دابینکردوەو لەدژی






pkk بۆ (شوێنکەوتنو شوێن دۆزینەوە) بەکاریان هێناوە. وادیارە کەسانیتریش بەمجۆرە کەڵکیان لێوەرگیراوە بێئەوەی تەسلیم بەدادگا بکرێنو ئەمەش لەولاتێکی حقوقی وەکو تورکیا بێدادو نایاساییەو بەهیچ کلۆج پاساوی بۆ ناهێنرێتەوە.

هەندێك لەکاربەدەستان بەبیانوی پاراستنی ئابروی دەزگاکەیان یا خود رومەتو شەرەڤی هێزە ئەمنیەکان نەیانهێشتوە هەندێك کەس خراپ بەکار هێنانی دەسەڵاتو گەندەڵیەکان بەدەزگای داد رابگەیەننو بەم بیانوانەوە پیشی شکاتو دەنگ هەڵبڕینیان گرتوە.

بەشی هەرە زۆری باندی گەڤەر پاککرابۆوە. هیوادارم ئەم نەخۆشیە جارێکیتر سەر هەڵنەداتەوە.

دیارە تاوەکو دەوڵەتێکی حقوقیمان نەبێت "سوسورلوکەکان" کۆتاییان نایە...

بۆ نمونە پارسال لەقوبرس خاوەنی ئۆمبێلێکی پارککراو دەسگیر کرا، کە پڕ بو لەمادەی تەقینەوەوئەم کابرایە سەر بەهێزە ئەمنیەکان بوە. سەرەڕای ئەوەی میدیاکان دەنگیان هەڵبڕی کەچی دەزگا رەسمیەکان فزەیان نەکرد! خوا بکا ئەمجارەیان وانەبێ. ئەگەر بکەرانی ئەو روداوەی خەریکە تورکیا لێکدەترازێنێ، تەسلیم بەدادگا بکرێن ئەوا وڵاتێکی ئارامامان دەبێت.



# ئایە ئەمە تورکبونە، کورد بونە یاخود مرۆڤبونە

ئەحمەد ئالتان

من تورکم.

لەوڵاتێکدا دەژیم کە ناوی نەژادەکەمی لەسەرە واتە "تورکیا".

هاونەژادە تورکەکانم وڵاتەکەم بەڕێوە دەبەن.

ئایدیۆلۆژیای نەژادەکەم بەسەر وڵاتەکەمدا باڵادەستە.

وڵاتەکەم وڵاتێکی سەر بەخۆیە.

ئاڵا، سنورومارشی نەتەوەییو نیشتمانیم هەیە...

خاوەنی تاکی وام کە هەر کامیان دەتوانێ خەیاڵی بنیاتنانی وڵاتێک لەزەینیدا بپەروەرێنێ.

ئابەمجۆرە من بۆ ئەوەی ببمە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بەئاسانی دەمەوێ واز لە سەر بەخۆیی، باڵادەستیو دەسەڵاتی نەتەوەو سنوروئاڵاکەم بهێنم.

بۆ ئەوەی واز لەم شتانە بهێنم هەندێك بیانوی بەرهەقم هەن.

لەم وڵاتەدا حقوق سەقەتکراوە، ئەوەی لە بودجە بۆ داد تەرخانکراوە لە سەدا٣٠یە.





پەروەردە لێیدەرژێ، بەناوی مێژوەوە منداڵەکانمان وا باردێنن کە درۆ لەبەر بکەنو لەبیر کردنەوە دابماڵرێن... ئەمەش بەئەنقەستە. تەندروستی بەواتایەك فەلاکەتە. تەنانەت روبەروی مرۆی وادەبینەوە کە ناردویانن بۆ بەیتەرخانە (لەباتی نەخۆشخانە)!

گەندەڵی رێگەی خۆی گرتوەو دەڕوات. مافیا لەناو دەوڵەتدا هاوپەیمان بۆ خۆی پەیدا دەکات.

ئابوری بناغەیەکی سستو کاولی هەیە. هێشتا هێزە سەربازیەکانمان دەسوەردەدەنە سیاسەتەوەو وازی لێناهێنن.

دەی گریمان گوتمان ئەمانە چاکدەکەینو دەمانەوێ ببینە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا!

ئەدی بۆ ئینگلیزێك، فەرەنسی، ئەڵمان، ئیتاڵی، هۆڵەندیو یۆنانیەك کە ئەم کێشانەشیان نیە واز لەئاڵاو سەربەخۆییو سنوری خۆیان دەهێنن؟

بۆچی بەڕێوەبەرێتی هاوڵاتیو هاوجنسەکانیان بەتێرو پڕ نازانن؟

چونکە دەوڵەت کێ دەبێ بابێو سەر بەکام نەژادیش دەبێ بابێ، سەرەنجام هاوڵاتی خۆی دەچەوسێنێتەوە.

لەو کاتەدا دەوڵەت لەهاوڵاتی گرنگتر دەبێت.

سەرەتا ئەولەویەت دەدرێ بە"نیشتمان"و ئەوجا دێنە سەر هاوڵاتیو مرۆڤ.

جارجار لەخۆڕایی شەڕ دەنێتەوەو مرۆڤەکانی دەداتە کوشتن. لەبەر ئەمە ئەوروپا مرۆڤی لە هەمو شیتێك پێ پیرۆزترەو بەچەمکێکی نوێوە بەڕێوەیان دەبات.

لەباتی دروشمی "سەرەتا نیشتمان" دروشمی "سەرەتا هاوڵاتی" داناوەو بۆ دەستەبەر کردنی ئەمەش دەزگایەکی سەروتر لەدەوڵەت پێویستە.

لەبەر ئەمە مرۆڤەکانی واز لەدەوڵەتو سەربەخۆییان دەهێنن، بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆشبەختتر، دەوڵەمەندترو ئازادتر بێت. لەم دنیا نوێیەدا سیاسەتمەدارانو سەربازان دەسەڵاتیان لەدەستدەدەن.

ئەمرۆ تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا دەیەوێ هاوڵاتی بخاتە پێشەوەی وڵاتو مرۆڤیش لەپێشەوەی دەوڵەت دابنێ.

لەم چەمکە نوێیەدا چیتر گرنگ نیە تۆ سەر بەکام نەژادو دینو زمانی. تۆ مرۆڤیو لەهەمو شتێکیش گرنگتری.

بێگومان هەندێك کەس هەن کە دەیانەوێ ڕێگای تورکیا بگرن.

ئەوانەی ئیمتیازاتو دەسەڵاتیان لەدەسدەدەن دیانەوێ کۆسپ بخەنە بەردەم پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەشیان هاوپەیمانێکی تیرۆریستیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە.

ئەمانە دوژمنی یەکترن، بەڵام یەك ئامانجیان هەیە:

"درێژەپێدانی ئەو بنیاتەی دەوڵەتی پێ پیرۆزترە لەمرۆڤ".





جا کورد بی یا خود تورك بی، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە: بۆ ئەوەی زەمینەی بەمرۆڤ بون برەخسێنی، ئایا دەتەوێ گەرەنتی گرنگتر بون لەهەمو شتێکت دەسکەوێ؟

یا خود لای تۆ، تورك بونو کورد بون لەمرۆڤ بون گرنگترە؟

ئایە تەنها لەبەر ئەوەی هاورەگەزێکت بەڕێوەت بەرێ ئامادەی چاوپۆشی لەهەمو جۆرە چەوساندنەوەو سەرکوتو داوای شتێکت بکەی؟

من ساڵەهایە لەلایەن هاونەژادەکانمەوە بەڕێوە دەبرێم.

لەئاکامیشدا ڕازی نیم.

نەك دەسەڵاتی هاونەژادەکانم ناوێن بەڵکو دەسەڵاتی مرۆڤم دەوێ. تۆ چیت دەوێ؟

پێموابێ وەڵامەکەی بەردەوامبون یا بەردەوامنەبونی تەقینەوەی بۆمبا لەم وڵاتەدا بێت.

ئەگەر دەتەوێ مرۆڤ بی، ئەوکاتە تەنها بیر لەپاراستنی گیانی خۆت نا، بەڵکو بیر لەپاراستنی گیانی ئەوانیتر دەکەیتەوە.

تۆزێك بیر بکەرەوە، بزانین چیت دەوێ...

## ئەفسەرێکی تیرۆریست، کوڕێکی باش

**ئەحمەد ئاڵتان**

دوابەدوای ئەوەی ئاشیل لەپێش شورەکانی تروڤادا هیکتوری کوشت، بۆ خۆشی بەگریانەوە دوای تەرمە بەرعەرەبانە راکێشراوەکەی کەوتو بەشانو بەچۆکی خۆیدا دەدا. ئەم نەریتە لای گەلانی رۆژئاوا بەم پەندە دەردەبردرێت:"دەشیکوژێو بۆشی دەگری".

ئەو چەتانەی لەهەناوی دەوڵەتەوە سەریان دەرهێناوە، دەستە ـ دەستە پیاو دەکوژن. بۆیە لەو وڵاتەی هەراجکراوە شایەتی گەلێك کوشتنو برین بوین.

لەناو ئەمانەدا بەتایبەتی چەند دانەیەکیان قەت فەرامۆشناکرێن.

یەکێك لەمانە ئەو رونیکردنەوەیە بو کە محەمەد ئاغار* سەبارەت بەدەعمی ئوتۆمبیلێکی مودیری تاوان حوسەین کۆجاداغو عەبدولا چاتلی دابوی کە هەردوکیان مردن.

بەڵام سەیر لەوەدا بو کە هەر کەس دەیپرسی داخۆ چی حوسەین کۆجاداغی پیاوی پۆلیسو عەبدولا چاتلی بازرگانی موخدراتی هێنابوە لای یەك کە پێکەوە بەدەعمی ئوتۆمبیل مردن؟ ئاغار وایگوتبو:

"پێموابێ حوسەین کۆجاداغ عەبدولا چاتلی دەسگیر کردبو. خەریکبو دەیهێنا!"

کابرا(محەمەد ئاغار) خۆی هەموشتێکی دەزانی بەڵام ئێمەی بەنەفام دەزانیو دیارە زەوقی لەخەڵەتاندنمان وەردەگرت.





یەکێکی دیکەی ئەو قسە سەیرانەش ئەو گفتوگۆیە تەلەفزیۆنیە بو کە فەرماندەی پێشوی ژەندەرمە "تیۆمان کۆمان" کردیو گوتی "دەزگایەك بەنێوی ژیتەم" لەئارادا نیە!

ئەمجارە وا دوقسەی سەیرتریشیان پێ زیاد بوە.

یەکیان لەمەڕ ئەو ئەفسەری ئیستیخباراتە بو کە بۆمباری هاوێشتە کتێبخانەکەی شەمزینانو لێپرسراوان بەکەسێکی گوماناویان لەقەڵەمدا.

گوتبویان:

"ئەو ئەفسەرە نهێنیەمان لەکاتی تەقینەوەکەدا بەسودفە بۆ کڕینی جگەرە رۆشتبوە بەر ئەو کتێبفرۆشیە".

سەر تۆپی ئەمجۆرە رونکردنەوە سەیرو سەمەرانەش لێدوانی فەرماندەی هێزە زەمینیەکانە کە سەبارەت بەو ئەفسەرە کردی کە خەڵك لەکاتی بۆمبا هاوێشتندا لەبەر دەرکی کتێبفرۆشیەکەدا دەسگیریان کردو ئۆتۆمبیلەکەی پڕ بو لەکلاشینکۆفو لیستەی ناوی ئەو کەسانەی دەبوا بکوژرایەنو کرۆکیو نەخشەی هەندێك شوێن بو:

"ئەم ئەفسەرە کورێکی باشە، باوەڕ ناکەم کاری وا بکات".

ئەفسەرانی ژەندەرمەی ئەم وڵاتە بەرۆژی رۆشنا هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە دەکوژن، یان لەکاتی تاواندا دەسگیر دەکرێنو کۆمەڵێك بەڵگەشیان لەسەر دەگیرێتو فەرماندەیەکی سوپاش پێیدەڵێ "کورێکی باشە"!

براینە ئەمە وەکو ئەوە وایە بەهەمو خەڵکی کۆمەڵگەکەمان بڵێ "هەموتان هیچو پوچن"!

گوتنی قسەی "کوڕێکی باشە" بۆ ئەو تاوانبارەی بەتەقینەوەکەی خەریکە تێکڕای کۆمەڵگەی تورکیا روبەروی ئاژاوەو بشێوی‌و لێکترازان دەکاتەوە، شتێکی ئاسایی نیە.

ئەم "کوڕە باشە" لەلایەن جەماوەرەوە دەسگیر کرا کەچی پۆلیس لێیوەرگرتن‌و بەو پەڕی سەرسامیەوە بەریان دا!

ناوی دیارە، جنسیەی دیارەو پۆستەکەشی ناسراوە، کەچی ئەم "کوڕە باشە" ناگیرێت.

نە دەسبەسەر دەکرێ‌و نەش حوکمدەدەرێت.

کابرا بۆمباکانی فرێدەداتە نێو کتێبفرۆشیەکەوەو کاتێك دەیەوێ سواری ئوتۆمبیلەکەی ببێ خەڵك بەسەریدا دەدەن‌و دەیگرن. لەسندوقی ئوتۆمبیلەکەیدا چەند چەکو لیستەی مەرگو نەخشەو پلان .. دەردەهێنرێت کەچی کەس لەم کابرایە ناپرسێت.

بۆچی؟

چونکە ئەوە "کوڕێکی باشە".

ئایە ئەو کوژراوە داماوە کورد نەبوایە، هاوڵاتیەکی قوڕ بەسەری ئاسایی نەبوایەو کاربەدەستێکی دەوڵەت بوایە، داخۆ ئەو کاتە فەرماندەی هێزە زەمینیەکان دەیتوانی بێگوتایە ئەم بکوژە"کوڕێکی باشە"؟





لەکاتێکدا لەم وڵاتەی ئێمەدا کاربەدەستانی دەوڵەت دەتوانن هاوڵاتیان بکوژن.

گەلۆ ئەمە هیچ موبالغەی تێدایە؟

کاربەدستانی دەوڵەت لەهەموان زیاتر بەرژەوەندیەکانی ئەم وڵاتە دەناسن.

کابرا دەڕواو بەرۆژی رۆشنا هاوڵاتیان دەکوژێ‌و تێکڕای وڵاتەکەمان بەرەو هەڵدێری ئاژاوەو دوبەرەکی دەبات، ئەمە چیە گوایە هەندێك لایەن بەگوێرەی "بەرژەوەندیە باڵاکان" بیر دەکەنەوەو بڕیار دەدەن.، ئایە ئەو کەسە دەتوانێ بڵێ کورینە ئێوە خەریکن تۆوی دوژمنایەتی دەچێنن؟

کێ بۆی هەیە بڵێ ریساکانی حقوق بۆ کاربەدستە پێشێلکەرەکانی دەوڵەتیش یەکسانەو دەبێ تاوانکارانی دەوڵەتیش داد بکرێن.

هیچ کەس ناتوانێ فزە بکات.

خۆ پۆلیس کابرای ژەندەرمەی دەسگیر نەکرد.

کابرای لێپرسینەوەی دادگاش دۆسیەی "تاوانی رێکخراوی چەتەگەری"بۆ ئەم روداوە ناکاتەوە.

کابرای تاوانبار لەلایەن جەماوەرەوە دەسگیر دەکرێ، دوای ئەوەی پۆلیس لەچنگ خەڵك رزگاری دەکەن بەکەیفی خۆی لەشەقامەکان پیاسە دەکات.

بۆچی؟

چونکە ئەو کابرایە "کوڕێکی باشە".

لەم وڵاتەدا سەدان ساڵە ئەم "کوڕە باش"انە تاوان ئەنجامدەدەن.

هەم تاوان دەکەن‌و هەم هەڕەشەمان لێدەکەن‌و گەورەکانیشیان پشتیان دەگرن.

هەم پیاو دەکوژن‌و هەم جەو وەردەگرن.

"کوڕە باشەکان" رادەبوێرن.

کە واتە لەمەولا،

کێ تورکیاو یاساو سەقامگیری‌و بەختەوەری‌و ئازادی‌و دیموکراسی دەپارێزێ فەرماندەکەم؟!

بلێی ئەوانیتر "کوڕی خراپ" بن.

واتە هاولاتیانی ئاسایی...

چونکە نە کوشتن دەزانن‌و نەش رابواردن...

پەراوێز:

محەمەد ئاغار: سەرۆکی پارتی رێگای راستەو یەکێك لە کەسە نەژاد پەرستە ئەمنیە پشت پەردەکانە کە لەتیرۆری دەولەتی دژ بەکورددا دەستێکی بالای هەبوە.

ژیتەم: رێکخستنی ئیستخباراتی ژەندەرمە

# ئەقڵ و چەك

**ئەحمەد ئاڵتان**

ئەوانەی لەتورکیا هەنگاو بەرەو ئاشتیو برایەتی هەڵدەگرن لەچەند لاوە بە"خائین" تاوانبار دەکرێن.

ئەمە (مەستەفا کەمالو عیسمەت ئینۆنۆی لێدەرچێ) لەلایەن چەکدارانەوە ئیمزا دەکرێت.

پەیمانی لۆزان بەتەواوەتی پەیمانێکی بێ نیقاشە.

تەنانەت سەرۆکی جونتای عەسکەری "کەنعان ئەڤەرەن"یش بەرامبەر بەگەڕانەوەی یۆنان بۆ ناتۆ فزەی نەکردو تەنانەت چرای سەوزیشی هەڵکرد.

تۆزێك بیربکەنەوە ئەگەر ئەم دو پەیمانە لەلایەن مەدەنیەکەوە ئیمزا بکرایە چی رویدەدا؟

پێموابێ تێدەگەن چ گۆبەندێك دەنرایەوە !

ئەنجامدانی پەیمانە ئاشتیانەکان چەندی گرنگن، ئەنجامەکەی لای ئێمە چۆن دەبێ با بێ، دەسپێکردنەوەی شەریش لای ئێمە چەپڵەی بۆ لێدەدرێت.

نەشەڕی روس کە ئاگرەکەی گەیشتە "یەشیل کویی"، نەشەڕی خەدیوی میسر کە لەشکری هێنایە ئەنادۆڵ، نەسوپای بەلکان کەشەڕی گەیاندە





"چاتالجا"، و نەشەڕی یەکەمی جیهانی لێکدەدەینەوە کە بوە هۆی پارچەکردنی عوسمانی...

ئەو کاتەی ئەم شەڕانە لەدژی ئێمە هەڵدەگیرسان، کەسانی ئاقڵمەندمان هەبون کە هەنگاوی خێریان هەڵدەگرت، بەڵام لەبەر ئەوەی پەڵەی "خائین"یان لێنەدرێت ناچار بون بێدەنگ بمێنن.

بۆچی بەرامبەر بەئاشتی ئەوەندە شکمان هەیە؟

یا خود بۆچی بەرامبەر بەدەسپێشخەری سیاسەتمەدارە مەدەنیەکان بۆ ئاشتی ئەوەندە گومانمان هەیە؟

پێموابێ لەبەر ئەوەی بنیاتنەارنی ئەم کۆمارەمان گشتیان عەسکەر بونو کادری بەرێوەبەری ئەموڵاتەش تا ئەم دواییانەش عەسکەر بون و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەرامبەر بەپیاوە مەدەنیەکان ئەوەندە گوماناوی بین.

هەمیشە مەراقی"فەنتازیای مێژو"دەکەم. داخۆ ئەگەر سوڵتان وەحدەدین پەیمانی لۆزانی ئیمزا بکردایە کە گەورەترین زیانی خاکی لێکەوتەوە، مستەفا کەمال چیدەگوت؟

ئەو پەیمانانەی ئیتیحادچیەکانو عەسکەرەکان ئیمزایان کردوە هەتا وەکو ئەمرۆش کاریگەریان بەردەوامە.

بۆیە ئێستاش ئاشتی مەدەنیەکان بڤەیە.

مەدەنیەکان تەنها بۆیان هەیە جەنگ بنێنەوەو، ئاشتیان پێناکرێت.

شەڕ هەڵایسانی ئەوجەویت لەقوبرس باشبو، بەڵام هەنگاوە ئاشتیخوازانەکانی ئەردۆغان بۆ پرسی قوبرس خراپە.

واز لەوەش بێنە کەقەت ناتوانین بەخۆێنساردیەوە ئەنجامەکانی شەڕی قوبرس گفتوگو بکەین.

باسکردنی ئەوەی "شەڕی قوبرس ئاکامی خراپی هەبو و ئاشتی قوبرس لەقازانجی وڵاتەکەماندایە" بەخیانەت لەقەڵەمدەدرێت.

دەزانم عەسکەریکردنی پەروەردەی مێژوی کۆمەڵێك چی لێدەکەوێتەوە، لەزۆربەی کۆمەڵگەکانیشدا زەین لێڵیەکی وا لەئارادایە.

بەڵام لەکۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا سیاسیەکان بەقەد روناکبیران هەوڵی رونکردنەوەی ئەم لێڵاییە دەدەن.

هەم شەڕو هەم ئاشیش لێکدەدەنەوە.

کێشەی ئێمە چەواشەبونی تێگەیشتنی مێژومان نیە. بەڵکو نەبونی مشتومڕی سیاسەتمەدارەکانمان لەگەڵ روناکبیرەکانمانە.

ئەمڕۆش کە پرسی بەئەندامبونی یەکێتی ئەوروپا تاکو ئیمزا کردنی "یەکێتی گومرکی" هاتوە، دەسەڵاتی وڵاتەکەمان تا سنوری خیانەت تاوانبار دەکەن.

زۆربەی پارتە سیاسیەکان دژی ئەمەن.

بەخۆشیەوە بەهۆی هەڵکردنی بای ئازادیەوە هەندێك کەس پەیدا بون کە ئەمە بەباش دەزانن.





بەڵام چی ئەوانەی ئەم هەنگاوە بەباش دەزانن‌و چی ئەوانەش بەخراپ باسیدەکەن، لەهەڵە بێبەری نین...

گرفتی ئێمە ئەوەیە کە بۆ هەنگاوی ئاشتیخوازی عەسکەرەکان چەپڵە لێدەدەین‌و هەنگاوی ئاشتیخوازنەی مەدەنیەکان بەتوندی رەخنە دەکەین.

وایلێهاتوە خەریکە ئاشتەوایی مەدەنیەکان قەدەغە دەکەین!

ئایا ئاشتیخوازی کۆمەڵگایەکی پەستاوتو و گوشاراوی وا کەمێك زەحمەت نیە؟

عەسکەرەکان خەتا دەکەن، مەدەنیەکانیش وان.

بەڕای من ئەوە گرنگە کە کۆمەڵ، روناکبیران‌و سیاسەتمەداران‌وتەنانەت سەربازەکان بۆ جیاکردنەوەی راست لەهەڵە نەك بەچەك بەڵکو بەئەقڵ هەنگاو هەڵبگرن.

ئەوکاتە کەمتر هەڵە رودەدات‌و ئەوەشی روبدات زو راستدەکرێتەوە.

# ئەگەر کوردەکان ئازاد نەبن، تەیب ئەردۆغانیش ئازاد نابێت

## ئەحمەد ئاڵتان

وا دیارە تێگەیشتنی تورکەکان لەوەی کە ئەوان تاقە نەژادێك نین کە لەسەر زەوی دەژین‌و هێزی خودایی ئاراستەپێدەری ژیانیش لەدەستی ئەواندا نیە، شتێکی نامومکینە. هەروەها لەبەر ئەوەی گوێ نادەنە مێژوی سەردەمی(نزیك)ی خۆیان زۆر لەوەش تێناگەن کە زنجیرەی "بڕیارە نائەقلانی"یەکان، ئەم وڵاتە بەرەو کوێ دەبات. ئەگەر تەنیا ئەو قسە کۆکراوانە بخوێننەوە کە وا بەر لەشەڕی بەڵکان لێرە داکراون، لەوە باشتر تێدەگەن کە بەڵای حەماسە چۆن وڵاتێك وێران دەکات.

ئێستاش کە وا دیار دەبێت هەلومەرجەکە بۆ تورکیا لەبارەو وەزعی باش بوە، لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا روبەرو بوینەتەوە.

لەسەروی هەمو کەسێکەوە سەرۆك وەزیران وەکو بایەکی توند هەڵدەکات‌و خۆ لەهەمو جێگایەك دەدات. ئەم هەڵسوکەوتانە ئەوەندە لەخۆباییانەن کە بەبەراورد لەگەڵ رەفتارەکانی "زێۆس"دا کە لەچیای "ئۆلیمپۆس"ەوە دنیای بەڕێوە دەبرد، کارەکانی زێوس زۆر سادەو خاکیانەتر دێتە پێش چاو.

نەمانویستوە کە لەوێدا دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت. باشە بۆچی نەمانویستوە؟ باس لەچەندین هۆی جۆراوجۆر دەکەن، مافی تورکمانە





هاورەگەزەکانی خۆمان لەوێ دەپارێزین، ئایا بەڕێوەبەرانی ئێمە بەهیچ جۆرێك پرسیار لەخۆیان ناکەن؟

ئایا ئێمە کۆمەڵگاکەی خۆمان لەسەر بنەمای هاورەگەز بون دامەزراندوە؟

ئەگەر وەها بایە پێویست بو کە ببواین بەنەتەوەیەك کە لەسەر پەیوەندی خوێنی دروستکرا بێت. هەروەها ئەوەی کە تورك نەبوایە نەیدەتوانی ببێتە هاوڵاتی. بوبێتیش لەلای ئێمە گرنگ "هاوڕەگەزی" نییە، بەڵکو هاوڵاتی بونە. ئەگەر هاوڵاتی بونیش لەلای ئێمە گرنگە، ئاخۆ دەبێت، هەڵویستی رەتکردنەوەی ئێمە لەبەرامبەر ملیۆنان کوردی هاوڵاتی خۆمان‌و هاوڕەگەزەکانیان لەباکوری ئێراقدا (باشوری کوردستان - و)دا چۆن رونبکرێتەوە؟

ئایا لایەنگری لەتورکمانە هاوڕەگەزەکانی هاوڵاتیە تورکەکان لەبەرامبەر کوردە هاوڕەگەزەکانی هاوڵاتیە کوردەکانی خۆمان‌و تێکۆشان بۆ ئاراستە دان بەسیستەم لەئێراقدا، لەتکردن‌و جیا کردنەوەی کۆمەڵگەی خۆمان ناهێنێتە ئاراوە؟

ئیدیعایەکیتریش کە وابزانم لەبەر سەیرو سەمەرە بونی خۆی دەچێتە ناو مێژوەوە، ئەوەیە کە کوردەکان کەرکوك دەخەنە دەستی خۆیان‌و بەهۆی نەوتەکەیەوە ئەوێ دەوڵەمەند دەبن؟

هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوان دەوڵەمەند دەبن کوردە فەقیرەکانی ئێمەش دەیانەوێت لەگەڵ ئەواندا ببن بەیەك.

ئەگەر ئەو دەوڵەتە کوردیەی لەوێ دادەمەزرێ توانای ئەوەی هەبێت کە لەوەی وا کۆمارێکی حەفتا- هەشتا ساڵەی کە میراتگری ئیمپراتۆریایەکی شەشسەد ساڵەیە، دەیدات بەهاوڵاتیەکانمان، شتێکی زیاتریان پێبدات وژیانێکی دەوڵەمەندو پڕلەخۆشیان بۆدابینبکات، ئەوا چی بکەن‌وچینەکەن، ئەوان هەر بەرەو ئەوێ دەچن. ڕێگای کۆسپنانەوە لەبەردەم شتێکی وەها، ئاستەنگنانەوە نیە لەبەردەم دەوڵەمەند بونی کوردەکانی باکوری ئێراق، بەڵکو وەرگرتنی تەدبیرە بۆ ئەوەی کە کوردێکی هاوڵاتی لەباشوری رۆژهەڵات بەئەندازەی هاوڵاتییەکی ئەستەنبۆڵی باش بژی.

چەمکی "من خاوەنی ئەو لێهاتوییە نیم کە هاوڵاتییەکانم باش بژێنم، هەر لەبەر ئەوەش رێگا بەسەرکەوتنی کەسانی دەوروبەری خۆم نادەم "شتێکی پێچەوانەی ڕەوتی ئاسایی مێژوەو ئەنجام بەدەست ناهێنێت.

خۆی لەخۆیدا ئەگەر ئەوەندە هێزت هەبێ کە بتوانی لەبەردەم سەرکەوتنەکانی دەوروبەردا ئاستەنگی دروست بکەی، هەلومەرجی ژیانێکی باش بۆ هاوڵاتیانی خۆت فەراهەمدەکەی، بەڵام ئەمانە کێشەی گرنگ نین، کێشەی گرنگ ئەمەیە، تۆ ئەگەر بەتەنیا بتەوێ دەست لەکارو باری ئێراق وەر بدەی‌و بەگوێرەی خۆت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داڕێژیتەوە وئاماژەیەکی وەها دیاریکراو بکەیت کە دەتەوێ نەوتەکەی کەرکوك بخەیتە دەستی خۆت، ئەوسا دونیای ڕۆژئاواو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیدەڵێن؟"

ئایا مۆڵەتی ئەم کارەت پێدەدەن؟





ئەگەر رێگات پێنەدەن، ئایا هێزو توانای شەڕکردن‌و سەرکەوتنت هەیە ؟

پێکدادانێکی لەم جۆرە چ کاریگەرییەك لەسەر ئارامی سیاسی‌و ئابوریت دادەنێت؟

بەگوێرەی من ئەگەر تورکیا دەست لەکارو باری باکوری ئێراق‌و کوردەکان وەربدات شانسی سەرکەوتنی نیە.

خۆی لەخۆیدا بەگوێرەی ئەوەی وامن دەیبینم، ئامانجی ئەوانەی کە کێشەی کەرکوك زەق‌و گەورە دەکەنەوە، ئایندەی ڕوداوەکانی باکوری ئێراق نییە. ئامانجی سەرەکیان ئەوەیە کە لەپەلامارێکی ناژیرانەدا تورکیا لەدنیاو لەڕۆژئاوا داببڕن، دەیانەوێت کە دوبارە بچێتەوە ناوخۆی‌و لەڕێگای دیموکراسی لابدات‌و لەباتی دەسەڵاتی سیڤیل (مەدەنی) رژیمە کاتیەکان بێنە ئاراوە. لێرەدا تێگەیشتن لەوەی کە ئەوانەی ئامانجیان دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکی فاشیستی داخراوە، بۆچی ئاوا کێشەی کوردو کەرکوك دەئالۆزێنن. شتێکی ئاسانە ئەمە لەگەڵ ئامانجەکانیاندا دەگونجێ. لەوەش زیاتر ئەوانە سبەی دەچن‌و بەشێوەیەکی شاراوە لەگەڵ ئەمریکادا ڕێکدەکەون‌و دەڵێن: "ڕێگامان پێبدەن کە ئێمە دەسەڵات بگرینە دەست، ئێمەش باکوری ئێراق فەرامۆشدەکەین وبەو جۆرەش دەتوانن پەیمان بدەن".

ئەو شتەی کەوا مرۆڤ ناتوانێ لێی تێبگات ئەوەیە کە رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیران بەو لێدوانە سەیروسەمەرانەی خۆی یارمەتی ئەوانە دەدات کە دەیانەوێت کۆتایی بەهەبونی سیاسی بهێنن.

پێداگرتن لەسەر ئەو قسەیەی کە دەڵێ: "ڕێگا بەدەوڵەمەند بونو ئازاد بونی کوردەکان نادەم،لە ئەنجامدا باکوری ئێراق ناگۆڕێ، بەڵکو هەمو تورکیا بەرەو تێکچونو گۆڕان دەبات."

لێرەدا هەندێك بەسەرهاتی خراپتر لەوەی وا پێشبینی دەکەین رودەدەن. لەڕاستیدا یارمەتیدانی سەرۆك وەزیر بەو کەسانەی کە کێشەی کەرکوك گەورە دەکەنەوەو دەیانەوێ دەسەڵاتەکەی بڕوخێنن، دەبێتە شتێکی کۆمێدیا. بەڵام ئەگەر پێشکەوتنێکی وەها بێتە ئاراوە، کەسێك نامێنێتەوەکە پێیان پێبکەنێ.



# پرسی کورد

**حەسەن جەمال**

دیاربەکر، یەکەم هەفتەی کانونی یەکەمی ١٩٩١. لەباڵەخانەی شانۆی دەوڵەتەدا واتە لە خانەی کولتوردا چوار ـــ پێنج ڕۆژنامەنوسین‌و هەتا درەنگانی شەو لەگەڵ سەرەك وەزیران دەمیرلدا قسە دەکەین.

ئیتلاف پارتی ڕێگای ڕاستو پارتی سۆسیالیستی گەل تازە پێکەوە نراوە. دەمیرلو ئینۆنۆدەستوری نوێی دابینکەری مافەکانی مرۆڤ دەنوسنەوە "ئەمە قسەی دەمیرل بو. ئەوجا بەیەکجاری پەردەکە هەڵدەماڵێ:

"ناتوانین چیتر حاشا لەناسنامەی گەلی کورد بکەین. دەبێ دان بە ریالیتەی کوردا بنێین".

سەرەکوەزیران لەپەستا قسە دەکاتو قسەکانیشی دەنوسرێتەوە... ڕۆژێ دواتر لەگەڵ ئەردال ئینۆنۆ لە سەکۆی گۆڕەپانی شاردا ئەم قسانەی دوبارە دەکاتەوە. بەڵام کەشوهەوا تێکەڵ ـ پێکەڵ دەبێت.

شەپۆلێکی گەورەی خۆشبینی هەڵدەستێت.

بەشی دیموکراتیزە کردنی پرۆتۆکۆلی ئیتلاف لە لایەن وەزارەتی دەرەوە وەردەگێڕدرێتە زمانی ئینگلیزی. یەکێك لەسەردێڕەکانی ئەم بەرنامەیە قبولکردنی واقعی کوردە. ئیتلافیەکان ئەو بڵاوکراوەیە لەبروکسلو





پایتەختەکانیتری ئەوروپادا بڵاودەکەنەوە. چوار ـ پێنج مانگ دواتر وەزیری دەرەوە حیکمەت چەتین لەئەنجومەنی ئەوروپا لەستراسبورگ قسە دەکاتو من بە وردی سەیری دەکەم. کەشێکی ئۆمیدەوار هەیە. قورگی دیپلۆماتەکان لەگوێیاندایە..

بەڵام ئەمە هیچی بەدوادا نایەت!

گفتوبەڵێنەکان لەسەر کاغەز دەمێننەوە. دەستور نەبە گوێرەی مەرجەکانی پاریس‌و نەش مافەکانی مرۆڤ جێبەجێناکرێت. دەمیرل چیتر باسی ریالیتەی کورد ناکات.

چاوەروانیەکان تێکڕا روبەروی نائۆمێدی دەبنەوە...

ئەو کاتە بیرم کردبۆوە:

ئایا قبولکردنی ریالیتەی کورد لەلایەن سەرەکوەزیران دەمیرلەوە سیاسەتێکی درۆینە بو بۆ قازانجکردنی کات؟...

بەتایبەتی دەمزانی کە ئەنکەرە ناوە ـ ناوە کێشەی کورد دەخاتەرو..

لەبەر ئەمە ئەمەم بەئەقڵدا دێت:

بڵێی ئەم هەڵوێستەی ئەردۆغانیش کە بەراشکاوی باسی "پرسی کورد" دەکات سیاسەتێك بێت بۆ قۆستنەوەی هەل؟

پێموابێت وایە.

حکومەتی ئەردۆغان لەم بوارەدا هەنگاوی بوێری وای هەڵگرتوە کە تاوەکو ئێستا کەس خۆی لەقەرەی نەداوە. لەمەودوا بەردەوامبونی ئیرادەی سیاسی‌و خاوەن بڕیار بون ئەگەری زۆرتری هەیە. لەبەر ئەمانەی وترا قسەکانی بەرێز ئەردۆغان دەمخەنە گومانەوە.

# سانسۆر ـ دورخستنەوە

## حەسەن جەمال

دەسەڵاتی مەدەنی ـ عەسکەری ئەنکەرە، پێدەچێ سەبارەت بەوەی دەربارەی باشوری رۆژهەڵات لەمیدیاو یاساکاندا هاتوە، زۆر رازی نەبن.

ئەم رەوشە دەمگێڕێتەوە بۆ ڕابردو.

کاتێك لەمانگی نیسانی ١٩٩٠دا لەکۆشکی سەرکۆماری "چانکایا"دا سەرکۆمار ئۆزال کوبونەوەیەکی ئاستبەرزی بەڕێوەبرد، ئێستا وەکو فیلم بەبەرچاومدا دێتو دەچێت....

جاروبار نائومێد دەبم.

چونکە هیچ ناگۆڕدرێت. لێرانە کارەکان سادە دەکەن. یاخود یەکلایەنە سەیری شتەکان دەکەن واتە بەچاوی هەسپ سەیری شتەکان دەکەن.پێمانوایە ئەمە گرفتەکانمان لەکۆڵ دەکاتەوە، بەڵام وانیە.

ساڵەهای ساڵ وابوە.

پێموایە ئەمرۆش هەروا بێت.

نیسانی ١٩٩٥

کۆشکی سەرکۆماری "چانکایا".

کۆبونەوەی سەرانی دەوڵەت لەگەل کار بەدەستانی میدیاکان.





لەناویاندا رۆژنامەنوسی وەکو ئێمەش هەن.

ئۆزال ئەودەمە سەرکۆمار بو.

لەلای ڕاستی سکرتێری ئەنجومەنی ئەمنی قەومی، ژەنەراڵ سەبری یەرمی بێش ئۆغولو دانیشتوە. لەلای چەپی موستەشاری میت ژەنەراڵ تیۆمان کۆمانو والی هەرێمی ئاوارتە خەیری کۆراکچی ئۆغولو .....

ئۆزال قسە دەکات:

"ئەمە روداوێکی ئاسایىو ئاسان نیە، هەندێك وای بۆ دەچن بەڵام نەخێر وانیە. چیتر ئەم پرسە بەمیتۆدەکانی جاران چارەسەر ناکرێ، جاران دەمانگوت یاخبونمان ئاوا سەرکوت کرد بەڵام ئەمرۆ چیتر ناتوانین وابکەین".

قسەکانی راستبونو من خۆم ئەمەم یاداشت دەکرد "داخوا بزانین بەکردەوە چیدەکەن" کەجیابێ لەرابردو بەقنگەچاویش ئاوڕم لەجەنەرالەکان دایەوە.

ئاگایان لە....

کاتێك ئوزال ئەمەی پێدەگوتن چرچولۆچی دەموچاویان گرژ بو، مرومۆن بون. دیاربو قسەکانی ئۆزالیان بەدڵ نەبو....

دوابەدوای رەخنەکاری میدیاکان، پەردەکە هەڵدەدرێتەوە. زیاتر لەهەموان سکرتێری ئەنجومەنی ئەمنی قەومیو موستەشاری میت خۆش دەدوێت. هەم لەناڵ دەدەنو هەم لەبزمار:

میدیا بۆتە ئامرازی دەستی pkk ... بەئەنقەست بێ یاخود نائەنقەست خەریکە پروپاگەندەکانی ڕێکخراوی جوداخواز دوپات دەکەنەوە... باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ هەواڵی ڕۆژنامەکان چۆن بنوسرێو تەنانەت باسی چۆنەتی نوسینی مانشێتەکانیش دەکەن.

بەکورتی:

سەبارەت بەروداوەکانی باشوری ڕۆژهەڵات (کوردستان – وەرگێڕ) پەیامەکانی جارانیان دوبارە دەکەنەوە. دوای چەند ڕۆژ سڕو نهێنیەکانی چانکایا ئاشکرا دەبێت:

واتە بڕیارنامەی سانسۆرو دورخستنەوە....

بڕیارنامەیەکی ٤١٣مادەییە کە سەرکۆمار ئیمزای کردوە...

واتە دەیانەوێ میدیا بەهەستیاریەوە هەواڵەکانی باشوری ڕۆژهەڵات بگوێزێتەوەو دەسکاریان بکات...

لەوەش گرنگتر:

خێرایی دەبەخشن بەکۆچی زۆرەملێ.

لەباشوری ڕۆژهەڵات گوندەکانو مەزراکان چۆڵدەکرێن.

هەندێکیان کاول دەکرێن.خەڵکی هەرێمەکە لەگوندەکانیان دوردەخەنەوە.

واتە بەپێی ئاماری دەوڵەت ٥٠٠هەزار گوندی کورد دەردەکرێن بەڵام بەپێی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمیلیۆنان کورد دەربەدەر دەکەن.

ئەمە دڵی مرۆ دەسوتێنێ.





بەڵام ئایا ئێمە ئاگامان لێیەتی؟

گومان ناکەم.

ڕای گشتی تورکیا تا ئەمڕۆش ئاگای لەتراژیدیای کاولکردنی گوندەکان نیە.

چونکە میدیا لەو سەردەمەدا ناتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەم تراژیدیایە پەردەی بەسەردا دەدرێت...

بەڵام پرسەکە تەواو نابێت.

دیاردەی ڕاستەقینەش ئەمەیە.

پاکانەی بۆ دەکەنو دەیشارنەوە کەچی پرس هەر بەردەوامە. تۆوی توندوتیژی دەچێنرێ... سەدان هەزار کەس لەشارە گەورەکان نیشتەجێدەبن.

جەماوەرێکی بێکاری قوربانی توندوتیژی... ئەمڕۆش دە بیخۆن ئەوە منداڵی ئەوجەماوەرەیە خەریکە سەرتان دەخوات.

جا بۆچی ڕادەچڵەکێن؟

ئەوە منداڵەکانیانن کە بەبەردەباران لەدیاربەکر، باتمان، جزیرە، قزلتەپە، هەکاریو گەڤەردا یاخەتان دەگرن... ئەگەر خەریکن مۆلۆتوف کۆکتێل بەکاردەهێننو شەڕتان لەدژ دەکەن ئەوە دەرئەنجامی ئەوبێکاریو ئاوارەییو نەداریە بو کەپێتان بەخشین.

گەلۆ چیدەکەن؟

نەخێر پاکانە بۆتوندوتیژی ناکەم.

هەوڵمداوە ریشەکانیتان بۆ وەدۆزم.

بابەتی من بریندارو کوژراوەکانمانە...لەولاش پرسی گیانی ئەو گەریلا کوژراوانەیە کە ئاخی دایکەکانیان وڵآت دەسوتێنێ، ساڵەهایە هەوڵدەدەم لەمە تێبگەم.

چونکە تاوەکو لەژانی هەردولا تێنەگەین و خۆمان بەوە بخەڵەتێنین کە" PKK ڕێکخراوی تیرۆرە" کێشەکە تەواو نابێت.

خۆشتان بینیتان نەبڕایەوە .

پرسەکە ئاڵۆزو درێژخایەنە ـ ١٦ ساڵ بەر لەئێستا بیردەهێنمەوە. بڕیارنامەی ٤١٣ مادەیی سانسۆرو دورخستنەوە چی بەچیکرد؟ من داوای بەدوادا چونی ئەمە دەکەم.

ئەوسەردەمەش لە میدیا ڕازی نەبون و ئیدارەی مەدەنی — عەسکەری توڕەبون. ئەمڕۆش هەروا دەڵێن.

ئایا پەند لەرابردو وەرناگرن؟...

ئەمە نائومێدم دەکات .

بەڵام هێشتا کارگێڕی ئیداری وەکو ئەفغان ئالآی والی دیاربەکرمان هەیە کە بڵێ " خوخدەکانی رابردو زیانمان پێدەگەیەنن. ئەگەر رەوشی ئاوارتە چارەسەر بوایە ئەوا ئەمڕۆ کێشەکانمان لەکۆڵ نەدبونەوە. ئیتر سەردەمی ئەوانە بەسەر چوە کە لەکوتەك زیاتر هیچ ناناسن".





# پرسی کورد، pkkو یەکێتی ئەوروپا

**حەسەن جەمال**

کوژرانی جێگری پێشوی سەرۆکی پارتی دیموکراتی گەل DEHAP واتە حیکمەت فیدان و پاشان ڕوداوی ناوچەی "چەشمە"و دواتر ناوچەی "قوش ئاداسی" جارێکیتر پرسی کوردوpkk و پرۆسەی یەکێتی ئەوروپای خستەوە ڕۆژەڤ...

یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەندامێتی تورکیا هێڵی دانا. ئەگەر دەتەوێ سروشتی تاکەکان و ڕێکخستنەکان و ئامانجەکانیان بناسی سەیری پەیوەندیان لەگەڵ ئەوروپا بکە. چونکە پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێك گۆڕانکاری وای هێنایەکایەوە کە حکومەتی ناچار کرد(هەر چەند تەنها لەسەر کاغەزیش بوبێ) دان بەدیموکراتیزە کردنی تورکیادا بنێ...

ئەوانەی باسی "گۆڕان و وەرگۆڕان" دەکەن چۆنچۆنی سەیری ئەم قۆناغە دەکەن، هەروەها چۆن ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا لێکدەدەنەوە، ئەمانە روی راستەقینەی گشت لایەك دەردەخات...

نکۆلیکەران داخ لە دڵن لەپرۆسەی بەئەندامبونی یەکێتی ئەوروپاو دژایەتی دەکەن. ئەوانە بەدوای "سیاسەتی خۆیان"و بەختی خۆیانەوەن... ئەوانە لایەنگری "سیاسەتی گۆڕانن"و لەهەوڵی ئەوەدان کە خۆیان لەگەڵ ئەم

قۆناغەدا بگونجێنن‌و پێداویستیەکانی جێبەجێ بکەن. جیاوازی سیاسی تورکیا "ئەمەیە".

ئەو رۆحەی لەسەردەمی سیستەمی تاقە پارتی تورکیاوە تا ئەمرۆ ماوەتەوە پرسەکانی زیادتر کردوە. بۆ نمونە پرسی کورد یەکێك لەم کێشانەیە...

هەرچی بێ دیموکراتیزە کردنی پەیوەندی "تاك ـ دەوڵەت" دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئازادی‌و مافە سەرەتاییەکانی" هاوڵاتیانمان‌و لەگەڵ ئەمەدا کە بەرە ـ بەرە کێشەکان کەمدەبنەوە، پرسی کوردیش ئاوای لێهات.

خۆ گونجان لەگەڵ ستاندرادە جیهانیەکاندا هیوای هەرێمەکەمانی زیاد کردو لەڕوی سیاسیشەوە پێکەوە ژیانی هینایە ئاراوە...

دیارە چارەسەر بونی بەرە ـــ بەرەی پرسەکان نەچوە دڵی pkkو سیاسەتکارانی دەورو وبەری....

هاوڵاتیە کوردەکانیشمان وەکو هاونیشتمانیانیترمان، نەك دەردەکانیان بەڵکو پێشەرۆژی سیاسی خۆیان خستە جێی دەردەکانیان...

سیاسەتمەدارانی کورد کە چەمکی "شەخس پەرستی"یان پەرەپێداوە، لەباتی ئەوەی دینامیکی پرۆسەی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا بەهێز بکەن‌ولەباتی ئەوەی ماف‌و ئازادیە سەرەتاییەکان پتەو بکەن‌و داوای جێبەجێکردنی ئەم پێوانانە بکەن‌و لەبەرانبەر کۆسنپەرەوەکاندا بوەستنەوەو





ململانییەکی حقوقی بەڕێوە بەرن، خۆیان لەپرۆسەی بەئەندامبونی یەکێتی ئەوروپا دور خستەوە..

خۆ دور ڕاگرتن لەپرۆسەی ئەندامبونی یەکێتی ئەوروپا تەنها بژارەی سیاسەتمەدارانی کورد نیە بەڵکو ئامانجی هەندێك باڵی دەوڵەتی تورکیاشە...

دوبەدو دەست لەناو دەستی یەك کوسپیان نایەوەو کەشی تیرۆریان بەهێز کرد...

ئایا چەمکی پەیرەو کردنی فەرمانی کەسێك کە حوکمی ئەبەدی هەیەو لە زیندانی سەربازی خەوێنراوە، سیاسەتێکی ئاقڵانەیە؟ ئەمە دوڕیانەیەکە لەبەردەم پرسی کوردا...

ئاگامان لێیە کە هاوڵاتیانی بەرەگەز کوردمان پشتیوانی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا دەکەن... بۆ نمونە هاوڵاتیانی بەرەچەڵەك کوردمان لەشاری وان لەسەدا ٩٥یان خوازیاری پرۆسەی یەکێتی ئەوروپان..

بەڵام دیارە ئەمە لەگەڵ خواستی سیاسەتمەدارانو لایەنگرانی pkkدا پێکدا دەدەن.

ئەوانەی تا ئەمرۆ دەم لە"دیموکراتیزە کردن" لێدەدەن، لەوەتی ئەم قۆناغە دەستپێکردوە هێڵی خۆیان گۆڕیوە.. ئەو رێکخستنەی هێشتا نازانرێ چەندی گەلی کورد تەمسیل دەکات‌و لەچارەسەری دیکە دەگەڕێ، دەستی بەتیرۆر کردنی مرۆڤە بێگوناهەکان کردوە...

دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی پرۆسەی یەکێتی ئەوروپا، دیارە بەگوێرەی پێویست کارتی pkk بەکار دەهێنن... بەنزیك بونەوەی مانگی ئۆکتۆبەر تیرۆر ڕو لەزیاد بون دەکات.

هەمومان ئەمە دەبینین.. دیارە حکومەتیش ئەمە دەبینێ.. ئەودەم ئەمە کاتی بەدەستەوەگرتنی ئینسیاتیڤە.. بۆ ئەوانەی بەدوای بەرەژەوەندی تاکەوەن کۆسپانەوەی پرسی کوردو ئەوروپا جێبەجێکردنی کریتەرو ستاندارەکانی ژیان بۆیان گرنگە.

خوێنڕشتن لەپێناوی هەندێ کەسو بەئامراز بونی دەسەڵاتدارانو کۆسپانەوە لەبەردەم چارەسەر کردنی یەکێك لەگرنگترین پرسەکانی تورکیا خەریکە پەرە دەسێنێ..

جا لەخۆڕایی نەماندەگوت "دیموکراتیزە کردن کلیلی هەمو کێشەکانە". ئەوەتا وردە ــ وردە دەمامکی ساختەکاران لادەچێ..





# بیوك ئانت پاشا

**حەسەن جەمال**

ئەمە یەکەم نوسینم لەسەر ژەنەراڵی سوپاو فەرماندەی هێزی زەمینی یاشار بیوك ئانت نیە. پێشتر چەند جاریتریش نوسیبوم رەخنەم لەسەر هەندێك قسەکانی بیوك ئانت پاشا کە ناوەرۆکی سیاسیان هەیە گرتبو و ئاماژەم بەوە کردبو کە بۆ رژێمێکی دیموکراتی مەترسی دروستدەکەن.

ئەم نوسینەشم هەر لەسەر ئەو بابەتەیە.

بیوك ئانت پاشا دوبارە قسەی کردو دوبارە بەهەڵە قسەی کرد.

لەوەش زیاتر نەك تەنیا جارێك بەڵکو دوجار بەهەڵە قسەی کرد. بەقسەیەکیتریش تەنانەت پێداگریشی کرد.

بەڵی وایە.

یەکەم هەڵەی لەدوای تەقینەوەکەی نێو کتێبخانەکەی شەمزینان کرد. ئەوە دەرکەوت کە هەندێك ئەفسەری سوپا پەیوەندیان لەگەڵ روداوەکەدا هەیە.

ئەو کەسەی کە گیراو لەشوێنی روداوەکە ناسنامەکەی دەسنیشانکرا: عەلی کایا بو.

بیوك ئانت پاشا لەمیوانیەکدا قسەی بۆ رۆژنامەنوسان کردو گوتی: عەلی کایا دەناسم، سەربازێکی باشە.

پرسیار دەکەم:

ئەمە پەیامێك نیە؟

ئێوە وەکو پەیام لێی تێگەیشتن؟

لەوەدەچێ نیەتی بیوك ئانت پاشا جیاواز بێ. لەوەدەچێ مەبەستەکەی ئەمە یا خود ئەوە بێت، بەڵام ئەنجامەکەی ناگۆڕێت. تۆ ئەگەر وەکو فەرماندەی هێزی زەمینی لەگەرمایی باسەکەدا قسەیەکی وا بکەیت خەڵکی شەمزینان چۆن تێدەگەن؟

داخۆ قسەکانی بیوك ئانت پاشا هیچ کاریگەرییەکی نەکردۆتە سەر قایمقام، دادوەر، پارێزەر، بەڕێوەبەری ئاسایش، فەرماندەی ژەندەرمەو دەوڵەت لەشەمزیناندا؟

دەتوانن وەها بڵێن؟

ئەگەر کەسێك بڵێت ئەم لێدوانە کاریگەری لەسەر دەزگاکانی دەوڵەت لەشەمزیناندا ناکات دەبێ زۆر ساف بێت.

ئەم قسەیەی پاشا هەڵە بو.

بەڵام ئەمەی قبولنەکرد. سەرەڕای ئەوەش لەسەر ئەم بابەتە میدیای رەخنە کرد.

تەنانەت ئەمەشی پێ کەم بو. پێداگری لەسەر هەڵەکەی خۆی کرد. لەدوای رەخنەکان لەرپیۆرتاژێکی خۆی لەگەڵ رۆژنامەی حورییەتدا وەهای گوتوە:





"لەمێژەوە عەلی کایا دەناسم، بەڵام ئەگەر ئەفسەرێك هەڵە بکات سزای تاوانەکەی دەبینێ. من دەڵێم ئەگەر تاوان بکات. تاوەکو ئەوەش دیار دەبێ هەر دەیپارێزم".

بیوك ئانت پاشا چیدەکات؟

لەسەر لێدوانەکەی جاری پێشو پێداگری دەکات. هەڵویستی نەگۆڕاوە. قسەکانی دوبارە دەکاتەوە. ئایا ئەم هەڵویستە یارمەتی رونبونەوەی شتەکان دەدات؟

نا، نەخێر.

قسەکانی بەئەنقەست بێ یان نا دیسان هەر هەڵەیە. نمونەی بێبەختیەو کاریگەری لەسەر دادگاش دادەنێ.

خاڵێکیتر:

باوادابنێین کە تەقینەوەی نێو کتێبخانەکە کاری pkk و پیلانی ئەوانە. چەندە جێگای متمانەیە؟ دەتوانن بیلێن؟ لەدوای قسەکانی بیوك ئانت پاشا بڕیاری دادگا ناکەوێتە ژێر کاریگەریەوە؟

پاراستنی پێچەوانەکەی ئاسان نیە.

خاڵێکیتری جیاواز:

فڕینی (f-16)کان..

لەکاتێکدا جەنازەکانی شەمزینان هەڵدەگیرێو دەیان هەزار کەس خۆپیشاندان ئەنجامدەداتو ئامادەی وروژانە، فڕینی (f-16)کان لەسەریانەوە یانی...

راستیان کردوە؟

بەگوێرەی من نا.

بیوک ئانت پاشاش ناڵێ ئەمە راستە (ناتوانێ) لەریپۆرتاژەکەی خۆی لەحوریەتدا وا دەڵێ!

"رێکەوتە. فڕینی پەروەردەی رۆژانە بۆ رۆژێك دواناخرێت؟

ئەو فەرماندەیانەی کە بیر لەشتە وردەکان دەکەنەوە ئەگەر بیانویستایە ئەو کارەیان نەدەکرد."

خاڵێکی جیاوازیتر:

قسەکانی بیوک ئانت پاشا دەردەکەونە دەروەی کاری ئەوەوە. وەکو جارانیش وتومە ئەمە بۆ رژێمێکی دیموکراتی مەترسی دروستدەکات.

هەر لەمێژەوە وەها بیر دەکەمەوە.

پێموایە لەهەلومەرجێکدا کە هەندێك دەوروبەری سیاسی دەیانەوێ کودەتایەکی سەربازی بکرێتو تەنانەت خەریکن فەرماندەی ئەرکانی سوپا (ژەنەراڵ ئوزکۆك) وەکو ئیسلامی لەقەڵەمبدەن، پێویستە فەرماندەکانی سوپا ئاگادارتر بن.

بیوک ئانت پاشا دەیەوێ بەبێ خوێن چارەسەری ببێت منیش لەدڵەوە وام دەوێ. بەڵام ناتوانم بڵێم هەڵوێستەکەی ئەم فەرماندەیە بۆ ئەم شتە لەجێی خۆیدایە.



# تورکەکان، کوردەکان، نەفامەکان

**تەها ئاقیۆل**

ئەمڕۆ باسی دو بڵاوکراوەتان بۆ دەکەم، سەرەتا لەسەر بەرگی گۆڤارێکی چەپە تورکەکان وێنەی مستەفا کەمال ئەتاتورک، نازم حیکمەتو دەنیز گەزمیش دەبینرێت.

لەدوا ژمارەی خۆیدا مانفێستێکی ٩ مادەیی چاپکردوە.

"هەر تورکێك دەبێ تەنها لە تورك شت بکڕێت، ئەو پارەیەی دەدرێ بە کورد بە واتای یارمەتیدانی pkk دێت..".

ئەمە سەرەتای گۆڤارەکەیە، لەو دوکانانە کاسێت مەکڕن کە کاسێتی کوردی دەفرۆشن.. هەروەها داوا دەکات سواری ئەو پاسە مەبن کە بە کوردی قسەی تێدا دەکرێت، جگە لەوە دەڵێ نابێ بە "خواردنی کوردی" دەماغی تورك تێکبدرێو پێویستە کەبابو لەحم بعەجینی کوردی ئەفەرۆز بکرێت!

پێیوایە شارستانی شارو دێ پێکدادەدەنو کوردایەتیو عەلەویاتی بەواتای شارستانی دێنشین دێن. وەك بڵێی دێنشینی تورکی سوننی لە ئارادا نەبن!

گوایە پرسی شار–دێ بابەتێکی ئابوری–کۆمەڵایەتی نییەو پرسی نەژادو بروایە! بەرامبەر بەم وڕێنە نەفامانەیەی یەکێتیو مافی هاوڵاتیبونی تورکیا





دینامیترێژ دەکات، چاوەڕوان دەکەم پەرچەکرداری "یەکتا گونگورئوزدەم" چۆنچۆنی دەبێت! چونکە جەنابی سەرنوسەری ئەم گۆڤارەیە..

ئەو نوسەرە کوردانەی لەسایتی کوردی "نڤیسکار"دا دەنوسن هەمان وڕێنەی نەفامانە دوبارە دەکەنەوەو ئەمانەش ئەودیوی سکەکەن. تەنانەت بەرێساکانی نوسینیش نەژادپەرستی دەکەن، واتە وشەی کورد Kurd بەپیتی گەورە دەنوسنو ناوی تورکیش turk بەپیتی بچوك دەنوسن:

ئەوەی بە تورکی قسە بکات دەڕواتو هێڵی ئاسمانی تورك turk بەکاردەهێنێ.. ئەمەش تۆرکۆفۆنە ...turkofon هیچ قیمەتێکی نییە..

کورد زەمانێکیش دەڕوات ڕۆژانی پشوی خۆی لە شوێنی وەك ئەنتالیادا دەباتەسەر. بە راستی پیاو باوەڕ ناکات.. دەبێ لەم لیستەیە دوربکەوینەوە، ئەم لیستەیە مادەی مەسرەفی تورکەکانیش دەگرێتەوە کە دەبێ کورد خۆی لێ ببوێرێت. تەنانەت خواردنو خواردنەوەشیان.." سمایل بێشکچی لەم وڕێنانەدا رۆڵێکی گەورەی هەیە، بێشکچی یەکەم کەس بو کە سەرمایەدارە کوردەکانی بە ئاژانو سیخوڕ تاوانبار کرد کە سەرمایە دەخەنە بانکەکانی تورکیاو خزمەتی تورکیا دەکەن.

گەلۆ پێشکەوتنی ئابوری چۆن دەبێت؟ ئەمانە دوژمنی سەرەکی پەرەسەندنی هەرێمەکەن؟

بەسایتی رزگاریشەوە چەندین سایتی کوردی پڕن لەوڕێنەی لەم بابەتە.

دیارە ئەم دوجارە پەخشەش مارژینالن. بەڵام ئاماژەی ئەوەن کە نەژادپەرستی هەڕەشەیەکی ترسناکە!

نەژادپەرستی هەمیشە بانگەوازی خوێنرشتن‌و مەرگە!

کوردەکان ئەو هاوڵاتییە کوردانەمان بە "تورکۆفۆنی" تاوانبار دەکەن کە لە تورکیا سەرمایەگوزاری دەکەن‌و لەگەڵ تورك بازرگانی دەکەن! ئەو نەژادپەرستیەکەیتریش خەڵك بەوە تاوانبار دەکات کە "مەکەن توخنیان مەکەون ئەمانە تورکیا داگیر دەکەن"! ئەمانەش هەردوکیان ئاگایان لەوەیە کە هاوپەیوەندی ئیکۆنۆمی ئەنتەگراسیۆن‌و تێك ئامێتەبون دروست دەکات بۆیە دەیانەوێ ئەمە ببچڕن‌و خوێن لەیەك داچۆڕێنن!

"با هەر نەژادەو بگەڕێتەوە زێدی خۆی" ئەمە قسەی مەهدی زانایە.. لە ١٩٦٧ یشدا دیسان لە نوسراوێکی دیکەیدا دەڵێ ڕەچەڵەکتان چییە گرنگ نییە بیر لەوە بکەنەوە کە ئێوە هاونیشتمانی هەزارساڵەی ئەم سەرزەمینەن.

سنورە نێوخۆییەکانی یۆگۆسلاڤیا کەم-کورت دیاریکرابون!

تیرۆری PKKش چی لێکەوتەوە ئەوەش دەزانین! بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر یەك لەسەر سێی تورکیا بکرێتە "کوردستان" بەشەکەی دیکەشی دەبێتە "تورکستان" ئایا لەم دۆخەدا چیرودەدات!

دەبا قەدری تورکیاو هاوڵاتیبونی تورك‌و ماف‌و دیموکراسیەکەی بزانین!





# نەژاد پەرەستە تازەکان

## فەرهاد کەنتەل

سەردەمانێك (بەتایبەت لەسیەکان‌و چلەکاندا) نەژادپەرستی لەتورکیا ئایدیۆلۆژیایەکی ناسراو بو. ئیدیعای ئەوە دەکرا کە نەژادی تورك لەسەروی هەمو نەژادێکەوەیە. بەگوێرەی ئەو نەژادپەرستانەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی نەژادپەرەستیان دەدا، تورکەکان ڕەنگی چاویان کراوەیە، باڵابەرزن، سینگ پان‌و ئاقڵ‌و چی لەدنیا هەیە لەکولتورو شارستانیەوە بگرە تا شتی دیکە زو فێری دەبن... یا خود کەم تازۆر لێکدانەوەی وا لەئارادا بون‌و تورکیان بەنەژادێکی غورورمەند دەزانی. ئەمە لەشوێنەکانی دیکەی دنیاشدا ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگ داکوتاو بو، بەتایبەت ئەمە هەوڵدانێك بو بۆ ئەوەی لەبەرامبەر ڕۆژئاوای باڵادەستی مۆدێرندا گرمۆڵە نەبن. هەروەها جگە لەوەی لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا بو و هەوڵدانێك بو بۆ خۆگونجاندن لەتەك نەژادپەرستی مرۆی سپی ئەوروپیدا.

ئێستا سەردەم گۆڕاوە.. چیتر مرۆی تورك سپی نابێت، لەبەرامبەر سپی پێستەکاندا پڕە لەگرێ‌و کۆمپلەکس‌و چیتر نەژادپەرستەکان باسی باڵادەستبونی نەژادی تورك ناکەن. ئەمجارەیان لەجیاتی ئەوەی لەبەرامبەر دەرەکیەکاندا باسی باڵادەستی خۆیان بکەن، خۆیان کێشاوەتەوە قاوغی خۆیان‌و نەك باسی باڵادەستی ناکەن، بەڵکو توشی گرێی خۆبەبچوکزانین بون‌و

چی زەبونیو نابوتی هەیە، لەخۆیاندا دەیبیننەوەو لەوپەڕی بێدەسەڵاتیدا هاتوهاواریانە.

سەردەمانێك بەهەڵەو درۆش بوایە، نەژادپەستەکان ئاماژەیەکی "زانستی" یان شاردبۆوە، باسی پشت بەستنی تیۆرەکەیان بەلێکۆڵینەوەکان دەکرد. نمونەیان دەهێنایەوە، مۆدیلی تیۆریان بەکار دەهێنا.. ئێستا کە دەردی وایان نیە، خۆیان توشی حسابی ئەندازیاری ناکەنو کەس ناشوبهێننە خۆیانو ئەمجارە لەبەرامبەر ئەو گروپە کولتوری، ئەتنی، دینیو کۆمەڵایەتیە خۆیان بە"هەرە نیشتمانپەروەر"لەقەڵەمدەدەن. ناوێرن راستی خۆیان ببیننو تەنازولی لێناکەن بۆیە پەلاماری ئەملاو ئەولا دەدەن. بەگوێرەی نەژادپەرستە نوێیەکان "ئەوانیتر" بەدەربڕینێکی سادە "دیاردەی چەپەڵن"... ئەو دیاردە چەپەڵانە تەنانەت ناخەنە ناو کاتەگۆری مرۆییشەوە... دیارە ئەم دەربڕینانەیان لەچوار چێوەی وشەدا نامێنێتەوە.. چیتر پێویست بەلێکۆڵینەوەی زانستیو فلانو فیساریش ناکاتو زۆرتر مۆری "خائین"یان لێدەدەن.

هەر کام لەم نەژادپەرستە نوێیانە لەخەونێکی وەنەوشەییدان. چونکە سەردەمێك لەسایەی "مرۆی سپی"یەوە خۆی پێناسە دەکردو لەشتە هاوبەشەکان دەگەڕا.

بەڵام ئێستاکە رەوشێکی واش لەئارادانیە. لەبەرامبەر "دەنگ"دەرخستنی گروپە کولتوریو کۆمەڵایەتیە جیاوازەکاندا سنوری ئەدەبیان بەزاندوەو چی





رقو نەفرەت هەیە دەیرێژن بەسەریاندا. لەناوخۆفێکی بێوێنەدا هەمو شتێکیان تێکەڵ ـ پێکەڵ کردوە: نەفرەت لەو گروپو چینە نزمانە دەکەن کە بەگوێرەی ئەمان نینو هەروەها جموجۆڵی گروپێکی ئەتنی بەخیانەتو جیاخوازی دەزانن...

بۆ نمونە لەناو ١٥ نوسراویاندا ٩یان بۆدابەزاندنی رەوشی موسڵمانانی تورکیایەو بۆ وێنە گ. قرك کانات ماوەیەك لەمەوبەر لەژێر سەردێڕی "گەلەکەمان شادی دەکات" گوایە دکتۆریشە نوسیویەتی: "فرۆکەخانەی ئەتاتۆرك هی عەرەبان نیە" بەڵام رۆژانی شەممە کاتێك دەچیتە فرۆکەخانە چڕەدوکەڵی مەنقەڵی کەبابی "تورك"چزە لەدڵی هەڵدەستێنێ"!

قۆناغی "بەشارستانی بون"ی تێپەر کردوە! ئەم نوسەرە کە خاوەنی زەوقێکی ناسكو ستاتیکە، لەقەراخ ئەو جادەیەدا لەتەنیشت ئەو چڕدوکەڵەدا ئاوا دەنوسێ: "ژنانی پەچەپۆشی مەلۆتکە لەباوەش لەقەراخ دەریا دیمەنی جوانیان تێکداوەو چڕەدوکەڵی مەنقەڵی کەباب...و خەڵکە رەشەکەمان شایی دەکات. ئەم دیمەنە لەهەر ١٥مەتری چوار گۆشەدا دوبارە دەبێتەوە. هەمو گۆشت دەبرژێنن. لەناو ئەمانەدا تەنانەت یەك خێزان نابینی "گۆشتی ماسی ببرژێنن!" لەوانەیە حەز لەگۆشتی ماسیش بکەن یان بتوانن بیشی برژێنن، بەڵام ئەمانە بەژێر کراسیە سپیەکانیان نانون، شپرزە بونو دەوروبەریان تێکداوە. با ئەوەندە بەس بێت ئەگەر وا نەبوایە ئەوەندە باڵا کورت، قوڵ درێژو خوارو خێچ نەدەبون".

ئەو مرۆڤانەی بەشپرزەییەوە تێکەڵ بەکۆمەڵێکی سپی پێست نابن بەڵکو لەتەنیشتیشیدا ناتوانن بژین، لەلایەن نوسەرەوە تەحەمول ناکرێن‌و بوێرانە ئەم کابرایە سنورەکان دەبەزێنی‌و سوکایەتی بەمرۆڤایەتی دەکات: "تەنانەت عەرەبستانیش نیە، گۆشتی سوتاوی ئەسیۆپیاش نیە، ئیسلامستان دەسپێدەکات، خوێنەرانی بەڕێز! چی ئەستەمبوڵی نیەو خەڵکی ئەستەنبۆڵ نیە لەوێیە: لەم چوار ـ پێنج ساڵەدا "کوردی خوارو خێچ لە چوارلاوە ڕۆژانی شەممە بەچڕەدوکەڵی مەنقەڵی کەباب کەشی ئەم شارە تێکدەدەن".

نوسەری دلێرو بژارەمان ئەوجا لە"رومەلی"یەوە بەرەو ئەنادۆڵ دەرواتو پاشان دەگاتە "جادە بۆستان"و لەسەر پلاژەکانی بنەو بارخانە دادەخاتو بە تەکانێکی ئاسنینەوە دەنوسیٚ"لەپلاژی عومرانیە دابەزی. لەکاتێکدا مایۆکەی لەکەنار جێهێشت خۆی هاوپشتە دەریاوە، ئیتر پیاسەی قەراخ مەحاڵ بو. خێڵی دایکانی چارشێو بەسەرو مەنقەڵی کەبابو باوکانی شڕپۆش دیمەنی ئەو کەنارە جوانەی وا ئاڵۆزاندبو هەر نابێتەوە!"بەمجۆرە دیارە بژارەخوازی کولتوری نوسەر جێی خۆی دەداتە خۆبەلزانی چینایەتی‌و لەناو ئەریستۆکراتیەکی خەیاڵی شێواودا مەلە دەکاتو ئەمەش دیاردەی "نەژادپەرستی نوێیە"و بەرونی لەتۆیی گروپێکی سیاسیدا خۆی دەنوێنی‌و پارتی کۆماری گەل CHP نوێنەری ئەم بیرەیە.

بێگومان ئەمجۆرە نەژادپەرتیستیە موتوربە بوە. لەشوێنەکانی دیکەدا بەوشك‌و برنگی بۆتە پەرسپیکتیڤی ژیان. ئەمرۆ ئەم پارتە کە لەرابردوی خۆی





هیچی بۆنەماوەتەوە بەگوێرەی ئەو مامۆستایانەی خۆیان بەشارەزایی نیشتمانپەروەری راست دەزانن پێیانوایە بەرگری لەراستی دەکەن‌و ئەمانە "راستترین رەوتن".

ئەمە وروژاندن‌و ئاڵۆزاندنی مرۆڤە. ئەگەر هەندێك لەناو پارتی کۆماری گەلدا بەم زمانە دەدوێن، دەیانەوێ ئەو پارتە داگیر بکەن. دیارە ئەوانەی بۆنی کۆمار دەکەن لەمجۆرە نەژادپەرستیەی پارتی کۆماری گەل "خۆش نابن".

بەگوێرەی ئەمانە هەمیشە لەولاتدا "رەوشێکی قەیراناوی" لەئارادایە. ئەوانەی رابردو پشتیان بە "کەلەسەر" دەبەست، بەلام ئەم نوێیانە پشت بەقۆڵدرێژی، قاچ کورتی‌و توکن بون دەبەستن‌و بەمجۆرە نەژادپەرستی خۆیان دەنوێنن. بەگوێرەی ئەمانە تورك ئاقڵترین‌و مەدەنیترین گەلن‌و باسکردنی موسڵمانانی دیکەو ئەرمەنی‌و کوردەکان خیانەتە. چونکە ئەمانە واتە ئەرمەنیە پەرتەوازەکان‌و ئەو مرۆڤانەی لەمەنقەڵدا کەباب دەبرژێنن‌و بەقاچاخی لەهەرێمە کوردنشینەکانەوە هاتونەتە ئەستەنبۆل‌و دیمەنی ئەو شوێنەیان شێواندوەو بۆن‌و بەرامەی دیاربەکریان تێکەل بەتورکیا کردوە،"مرۆڤی تەواو" نین! لەبەرئەمە ئەم نیمچە مرۆڤانە دەبیٚ لەگەرەك‌و شوێنەکانی خۆیاندا بژین. ئەوانە رەوشی ئێمە تێکدەدەن. ئەوانە تەنها بەو بژێوە دەژین کەئێمە دەیاندەینیٚ، بۆیەنابی خیانەت بکەن". ئەم نەژادپەرستانە لەپای کۆنەکاندا نوێن... بەلام زۆر خراپ بۆن دەدەن! ئەمە بۆنیکی شوێنێکی تاریك‌و کەمهەوایەو گەنیوە... بەراستی بۆنێکی زۆر ترسناکە...

# ١٢ ئەیلولچییەکان: نەتەوەپەرەستەکان و نیشتمانپەروەرەکان

**فەرهاد کەنتەل**

نیو چارەکە سەدە بەسەر دوازدەی ئەیلولدا دەربازبو. تورکیا چەندی گۆڕانیشی بەسەر هاتبێ، خاوەن دەستورێکە کە لەسایەی کودەتای ١٢ی ئەیلولدا نوسراوە. لەسەروی هەمو ژانەکانی تورکیاوە"دەستوری کۆدەتای ١٢ی ئەیلول" هەیە.ئەو وڵاتەی خاوەنی "دەستوری کودەتاییە" چەندی سیاسەتی "یەك بانودو هەوا"شی تێدا وەدۆزین، لەچوارچێوەی کارەکتەری "کۆمەڵی نەتەوەیی دیموکراتیانەی یەکێتی ئەوروپا لەمەڕ" "ئەندامێتی یەکجارەکی"ماندا چەندی گرفتمان بۆ بێتە پێشەوە دیسان دیاردەیەکی سروشتیە. سەرەڕای ئەوەی ٢٥ ساڵ بەسەر کۆدەتای ١٢ئەیلولدا تێدەپەرێ، گفتوگۆی ئەوەی ئایا لەتورکیا ئەگەری روداني کودەتا هەیە یاخود نا، پەندێکی سەیرە! لەنوسراوی دوێنێی یاسەمین چۆنگار لەرۆژنامەی "میللیەت" کە نوسیبوی دوای ٢٥ساڵ هەمان "پرسی جاران" بەردەوامە سەرەرای ئەوەی ٢٥ساڵ دەرباز بوە ئەگەر گیروگرفت هەبێ ئەوا دۆخی "ئاوارتە" لەئارادایە: لەم هەفتانەی دواییدا لەواشنتۆن دەگوترێ ئایا لەتورکیا ئەگەری هەڵمەتی سەربازی هەیە یان نا؟





من خۆم شایەت بوم کە ئەم پرسیارە لەگەڵێك شوێنی ناسراوی ئەمریکادا دەهێنرایە زمان. لەم هەفتانەی دواییدا گوێبیستی شیکارەکان بوم دەیانگوت "ئایە بڵێی جارێکی دیکە کۆدەتای سەربازی لەتورکیا دوبارە ببێتەوە؟" بۆچی ئەمجۆرە پرسیارانە هێشتا لەئارادان؟ بۆچی هێشتاش زەمینەی ئانالیزی وا لەئارادایە؟ لەم کاتەدا کە گفتوگۆی بەئەندامبونی وڵاتەکەمان لەیەکێتی ئەوروپادا دەسپێدەکات "نمایشی ماکرۆئیکۆنۆمی" وڵاتەکەمان گەلێك گرنگە. گلێنەی چاوی وڵاتەکەمان ئەستەمبوڵ وەك یەکێك لەناوەندە گرنگەکانی دنیا دەدرەوشێتەوە. بۆچی نابێتە ناوەندێکی "نێونەتەوەیی"و باری سیاسی نێونەتەوەیی هەڵناگرێت؟ چونکە لەتورکیا "ئاژاوەیەکی ئەتنی جەماوەری" رو لەتەقینەوەیە. لەناو ئەم لایەنانەدا یەکیان بەرەی نەتەوەیی کوردە لە تورکیا کە رەوتی چەکداری pkk نوێنەرێتی دەکات. لەولاش بەرەی نەژادپەرستی تورکە کەدژ بەم نەتەوەپەرستیەی کورد وەستاوەتەوە. هەروەها لەلایەکیتریش هەندێك باڵی ناو دەوڵەتن کە لە سەر ئەم ناتەباییە لەسەر حسابی نەتەوەگەری رانت دەخۆن. واتە ئەو بەشەی رژیمە کە پێیدەڵێین "دەوڵەتی قوڵ" کە لەژێر پەردەیەکی ئەفسوناویدا خۆی شاردۆتەوەو بە"ناوەندی بریار" ناسراوە. ئەمانە هەرسێ لایان توانای "قۆرغکردن"یان هەیە.

Pkkکە لەسەر پۆتانسیەلی نەتەوەگەری‌و نیشتمانپەروەری کورد پاڵی داوەتەوە، دوای کۆدەتای ١٢ی ئەیلول سەریهەڵدا. "دەوڵەتی قولیش" کە

باڵی ئیتحادچیەکەی رەگی داکوتاوەو کۆنسۆلیدە بوە یەکێك لەقوڵەکانی ئەختەپۆسی بەناوبانگە.ئەمانە بەهاوبەشی بونەتە کۆسپ لەبەردەم پرۆسەی دیموکراسی تورکیاو بەواتایەکی گشتگیرتر ئاستەنگی پیش"وەرگۆڕان"ن. تەنانەت لەقۆناغی شەڕە قورسەکانی pkkواتە لە١٩٩٩ ـ ١٩٨٤یشدا کە تورکیا گەوزابوە خوێنەوە، کێشمەکێشێکی ئاوا لەنێوان کورد ـ تورکدا نەهاتبوە ئاراوە. لەرۆژئاوای فوراتدا لەهەر تاکێکت بپرسایە قەد وشەی "کورد" برەوی نەبو تەنها ناوی "تیرۆریستەکان" یان جوداخوازەکان"و لایەنگرانی pkkتان بەرگوێ دەکەوت. بەپێچەوانەوە لەباشوری رۆژهەڵاتیش (کوردستان) تەنها دەستەواژەی حکومەت، دەوڵەتو عەسکەرتان بەرگوێ دەکەوت. کەس نەیدەگوت "تورکەکان"! بەڵام ئێستا هەرکەس باسی کورد– تورك دەکات.روداوەکانی"بۆزیۆك"و ئاژاوەگێریەکانی pkk، دواتر ئەو بێحورمەتیەی لەشاری "سوغوت" لایەنگرانی پارتی بزاڤی نەتەوەپەرستی mhp بەرانبەر سەرەکوەزیران ئەردۆغانیان کرد، هەروەها هەوڵدانی پارتی کۆماری گەلو بەتایبەت سەرکردایەتیەکەی بۆ ئەوەی یاساکانی ٤ئەیلول بەبیانوی بەرپەرچدانەوەی تیرۆر بژیەنێتەوە.... تێکرا کۆسپو مەترسی بەردەم پرۆسەی بەدیموکراتی کردنن. هەروەها نمونەی دیکەش هەن. بۆ نمونە "کێ ئەنجامی دەدات بابیدات" باتوێژینەوەیەك بکەن، ئەوجا دەردەکەوێ کە پارتی داد لەسەر هێڵی لەسەدا ٤٠ـ٣٠دایە، پارتی دیموکراسی گەل DEHAPنزیکەی لەسەدا٧ـ٥ن. پارتی دایکی نیشتمان کە دەیەوێ





لەئەنجومەنی گەورەی میللەتدا گروپ پێکەوە بنێ لەنێو ٥–١دا دێو دەروات ـ کەوابو کوا ئەو سیاسەتەی کە تەرجەمەی نەتەوەپەرەستیو نیشتمانپەروەری بو؟

ئەو گۆڕانی جەماوەرەی کە لە٣–٢ساڵی رابردودا لەنێوان هاوسەنگی هێزەکاندا رویدا واتایەکی گەورەی هەیە. بەمجۆرە بەئاشکرا دیارە "کۆدەتای"سەربازی بەهیچ کلۆج شانسی نیە.

ئەگەریش هەیبێ ئەوا چالاکی گروپە مارژینالو پەراوێزخراوە سەربازیەکان دەهێنێتە ئاراوە کە دەیانەوێ بەڤایروسی نەتەوەپەرستی لەملاو لەولا هەندێك چالاکی جەماوەری ئەنجامبدەن. وەك ئەو روداوانەی بەرلە ١٢ئەیلول کە لەشاری مەرعەش هاتنە کایەوە. بەڵام بەخۆشیەوە ئەمرۆ پارتی داد پشتیوانیەکی بەهێزی جەماوەری هەیەو بە بەسیرەتو دوربینیەوە سیاسەت دەکاتو لەمەڕ پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی تورکیا هەڵویستی نەگۆڕی هەیەو بەمانەش لەبەردەم کۆدەتایەکی سەربازی چاوەروانکراودا دەبێتە کۆسپ. بۆیە دەڵێم نەخێر. کۆتایی ئەم رەوتەی تورکیا کۆدەتای سەربازی نابێت.

## خیانەتی کورد بەرامبەر بەکورد



## مەتین ئیشغ

هەولّی تێکدانی بەر لەوادەی سێی ئۆکتۆبەر لەتورکیا بەردەوامە. بەبیانوی ئەوەی گوایە "پیاوی ئیمرالی" عەبدولا ئۆجەلان هەلومەرجی نالەباری تەریکبونی هەیە، ملیتانانی pkk و لایەنگرانیان بەس لەئەستەنبۆڵ نزیکەی ٢٠چالاکی تێکدەرانەو خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە کە تێیدا دامودەزگاو پۆلیسیان بەردە باران کردوە.

بەتایبەت ئەو دیمەنانەی تەلەفزیۆنی flash پیشانیدان، گوێزەرەوەی پێکدادانی نێو شاربونو بەراستی مرۆ نیگەران دەکەن. ویستویانە ناوەندی پۆلیسی "بەگئۆغلو" بە کوکتێل مۆلۆتۆف بسوتێنن. نەوجەوانانی ١٤ - ١٥سالان بە دەمامك دەموچاویان پێچاوەو لەپێشی پێشەوەن. بەلام ئەو بانگەی پێیاندەلێ "راکەن، راکەن گاز هات" رایاندەپەرێنێ. دیمەنێکی دیکە....

لە"غازی عوسمان پاشا" ئۆتۆبۆسێکی پڕ لەسەرنشین رادەگیرێت. دیسان هەمان نەوجەوانە ١٤ - ١٥ساڵەکانن. لەپشتەوە دەنگێك هەڵدەداتێ "ئەم سەرنشینانە دابەزێنن".

دوای ئەوەی شۆفیرەکە دادەبەزێنن گەنجەکان دەورەی پاسەکە دەدەن. لە بەلکونی ماڵێکدا کەسێك ئالای تورکیای دەرهێناوەو بەچەپو راستدا





دەیشەکێنێتەوەو دەلێ "بمرێ pkk". بەلکونەکە بەردەباران دەکرێت. لەکۆلانەکەش پەلاماری ئەو گەنجە دەدەن کە ئالای تورکیای پێیە. پەرچە کرداری بەرامبەری ئەوانەی "بەکار هێنانی مافە دیموکراتیەکان" دەکەنە بیانو بۆ ئەوەی برژێنە ناو شەقامەکان زۆر بێ تەحەمولە، تەنانەت پەلاماردەریشە. لەگەملیكو بۆزیوك بەبیانوی ئۆجەلان خۆپیشاندان رێکدەخرێت. لەبەرامبەر ئەمانەدا لایەنی ئەولاش بەتوندی وەلامدەداتەوە.

گەلۆ ئەم روداوانە بۆ رودەدەن؟

ئەگەر دەربرینەکە راست بێ داخۆ کێ دوگمەی پەستاوت؟

بەڕای من بەرێز رەجەب تەیب ئەردۆغان. لەکۆبونەوەی لەگەڵ روناکبیرەکاندا بەرێز ئەردۆغان هۆی سەرەکی کێشەکەی دیاریکردوە، واتە عەبدولا ئۆجەلان. لەسەردانی دیاربەکریدا پرسی کوردی وەك پرسێکی سیاسی پێناسە کرد. ئەمەش لەرێگەی برایەکەی محەمەد ئۆجەلانەوە ئەنجامدەدرێ و ئاپۆ گوتویە:"بەکورتی پێتان بڵێم گوشەگیر کراوم". هەروەها ئاپۆ بەروناکبیرانی گوتوە"مادەم سەردانی ئەردۆغانتان کرد سەردانی منیش بکەن". کارتی بەمخاتەب گرتنی ئاپۆ بەکار دەهێنرێت. منداڵەکانمان گەرەنتیمانن.

گەلۆ دەبوایە بەرێز ئەردۆغان ئاپۆی بەمخاتەب وەربگرتایە؟ هەزار جار "نەخێر". لێرە لاوازی دوڵەت لەئارادایە، لاوازی دەسەلات لەئارادایە. لاوازی لە ناسینو پێناسینی پرسەکەدا هەیە. سەرئەنجام نەوێرانو ترسنۆکی دەسەلات

لەئارادایە. هیچ بەڕێوەبەرێتیەك جا چی تورك بێ چی کورد بێت، تێکدەران‌و بەردەبارانکەران بەرەڵا ناکات.

روداوەکان دیمەنێکی دیکەمان پیشاندەدەن. لەکاتی گەرماوگەرمی شەڕی pkk جادەکان ئەوەندە نائارام نەبون. مافی رەخنەکردنمان هەیە بەڵام ناکرێ حاشا لەهەنگاوی ئەرێنی حکومەت بکەین. حکومەت دەبێ بەری هەردولایەنەکە بگرێت.وروژاندنی جوداخوازی کورد، کۆمەڵانی تورك دەجولێنێ. نابێ ئەم ململانێیە ببێتە ناتەبایی نەژادی. هەمیشە ئەمەمان وتوە. ئایا ناموس کەمبایەخە؟

تێکەڵبونی کۆمەڵایەتی‌و ژنوژنخوازو ئەو مندالانەی لەم ژنوژنخوازەوە لەدایك دەبن، گەرەنتی ئاشتەوایی نێوانمانن. بەڕێز ئەردۆغان دەبێ بەخێرایی هەوڵی بەزەیی خۆی دەسپێبکات. دەبێ سەرلەنوێ بەم بابەتەدا بچێتەوە. ئاماژەی بەپرسی کورد دا کە رەنگە هەندێکان بیکۆڵنەوە. ئەو بەهەوڵی دڵسۆزانەی خۆی کێشەکەی وەك کێشەی ئەتنی پێناسە کرد.

دیارە دەوڵەتیش دەبی دەوڵەت بونی خۆی بسەلمێنێ. کەس بۆی نیە جادەکان بکاتە گۆڕەپانی چەقۆکێشانی خۆی.

خیانەتی سەرەکی لێرە هی خودی کوردەکانە، کەشوهەوایەکە دەوروژێنن. باکەس بیری نەکات. لەتورکیا نەتەوەیەکی گەورە هەیە واتە گەلی تورك. ئەگەر پێویستی مێژویی هەبێ، ئەوا دەتوانێ هەمو شتێك لەسەرەتاوە بنیاتبنێ. لێرەدا ئەوەی رەوشەکە تێکدەدات جموجۆڵی کوردەکانە. واتە





خیانەتی کورد بەکورد شتەکان دەئالۆزێنێ. گەلۆ دواکەوتنی ئەو وڵاتە خزمەتی کێ دەکات؟ خزمەتی کاملا بکات ئەوا سەرچاوەی دواکەوتنەکەش خودی ئەوە.

## ئایا موسڵمانی‌و هاوڵاتیبون کێشەی کورد چارەسەر دەکات؟



فیکرەت بیلا

قسەکانی رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیر یەکناگرنەوە. ناکۆکیان تێدایە. بەئاسانی دەتوانێ بەپێچەوانەی لێدوانەکانی رابردوی سەبارەت بەبابەتێك قسە بکات. بۆ نمونە سەبارەت بەکێشەی کورد وەهای کرد..

لەئەوروپادا گوتی: کێشەی کورد شتێکی ئاساییە"، لەئەنکەرەدا گوتی: کێشەی کورد هەیەو بەرێگای دیموکراسیەوە چارەسەر دەبێت، لەدیاربەکریشدا باسی هەڵەکانی سیاسەتی رابردوی تورکیای کرد.

هەم باسی کێشەی کوردی کرد، هەم جەختی لەسەر شیعاری"یەك وڵات، یەك نەتەوە" کردەوە. لەراستیدا کێشەی کورد لەبەرامبەر چەمکی یەك نەتەوەیی بونی تورکیا(تورك) دەرکەوتوە. لەدەرەوەی گوتارەکانی ئەم دواییەی سەبارەت بەکێشەی کورد گوتارەکانی پێشو ناوەرۆکێکی جوداخوازی هەبوە، بەڵام وادیارە سەرۆکوەزیران ئەمەی فەرامۆشکردوە یاخود پێی ناخۆشە....

ئەمجارەش لە"زیلاندای نوێ"دا گوتی" کێشەی جوداخوازیمان هەیە".

سەرۆکوەزیران یان وەکو نازانێ چۆن کێشەکان پێناسە بکات (مێشکی تێکەڵۆ پێکەڵە)یاخود دەیەوێ گرنگی بەپێناسەکردنی کێشەکە نەداتو چارەسەری بەبنەما وەربگرێ..

"چارەسەری"





هەر چەندە ئەردۆغان لەقسەکانیدا بەشێوەیەکی ناکۆك باسی لەم کێشەیەی دەکرد، بەڵام لەم دواییانەدا وردەوردە دەرکەوت کە چۆن بیر لەچارەسەری دەکاتەوە.

لەقسەکانی ئەردۆغاندا دو تایبەتمەندی دەردەکەونە پێش:

تورکایەتی وەکو شوناسی باڵا لەقەڵەمنادات.

موسڵمانبونو هاوڵاتیبون وەکو چارەسەری دەبینێ.

هەمو جارێك باس لەوە دەکات کە تورك، کورد، لازو چەرکەس هەمویان گروپی ئەتنی جیاوازنو هیچیان لەویتر گەورەتر نیە.

سەرۆکوەزیر، هاوڵاتیبون وەکو شوناسی باڵا پەسەند دەکات. لەلایەکیتریشەوە ئاماژە بەوە دەکات کە موسڵمانبونی هەمو گروپە ئەتنیەکانی تورکیا پێکەوە گرێدەدات. هەر لەبەر ئەمەش دەڵێ تورکیا نابێ بەیۆگۆسلاڤیا.

پێیوایە موسڵمانبونو هاوڵاتیبون کێشەکە چارەسەر دەکات.

ئایا ئەمە کێشەکە چارەسەر دەکات؟

ئەگەر هاوڵاتیبونی کۆماری تورکیاو موسڵمانبون بەس بونایە پێویست بو کێشەکە دەرنەکەوتبایە.

چونکە کوردەکان تازە نەبونەتە هاوڵاتیو تازە نەبون بەموسڵمان...

خۆی لەخۆیدا ئەوان ئەم دوتایبەتمەندیەیان دەخستەبەر باس.

ئەگەر ئەوە بەس بایە، کوردەکان باسی جوداخوازییان نەدەکردو تێزی نەتەوەیەکی جیاوازیان نەدەهێنایە رۆژەڤەوە. هەروەها

نەیانـدەگوت:"لـەتورکیادا تـورك تاقــە نەتــەوە نیــە، پێویــستە کوردکــانیش لەدەستوردا بنوسرێن".

کە واتـە موسـڵمانبون بەشـی چارەسـەری کێـشەکەی نـەکردوە.. هـەروەها هاوڵاتیبونیش...

لەبواری مافی هاوڵاتیبون، یاسا،و ئەرکەکانەوە لەتورکیادا هـیچ جیاوازییـەك لەنێوان گروپە ئەتنیەکاندا نیە. تەنانەت تاکێکیش پەیدا نابێت کە ئەو مافانەی لیێ زەوتکرابێت.

کێشەی کورد ناوەرۆکێکی ئەتنۆ –پولیتیکی هەیەو داخوازیـەکانی ئێـستای pkkو ئەو پارتانەی وا لەوخەتەدا سیاسەت دەکەن وەهایە! پێویستە مـادەی ٦٦ی دەستور بگۆڕدرێت کە دەڵێ هـەمو هاوڵاتیـەکی کۆمـاری تورکیـا تورکـە. تەنانەت ئەگـەر مـومکین بێـت دەسـتورێکی نـوێ بنوسـرێتەوەو بـونی یاسـایی کوردەکان لەوێدا بچەسپێت".

سەرۆکوەزیران دەڵێ: هـاوڵاتیبون شوناسـی باڵایـەو بـەهیچ جۆرێـك باسـی مادەی ٦٦ی دەستورو مادەکانیتری سەبارەت بەنەتەوەی تورکی ناکات...

ئایا ئەردۆغان بیر لەگۆڕینی مادەی ٦٦ دەکاتەوە یان نا؟

هێشتا نازانین.

# چالاکیەکی چە پەڵو نامۆ



## گونەری جیڤائۆغلۆ

تولگا شار ئاوا روداوی شەمزینان دەگێڕێتەوە:

"تائەمداوییانەش شەمزینان ئەمنترین شوێنی هەرێمەکە بوە. هەتا نیوەی شەو...هەندێك لەدوکانەکان کراوە بون. تەنانەت ئەو کەسانەش هەتا درەنگان لەدەرەوە پیاسەیان دەکرد، سەربەست دەگەڕان. پۆلیسەکان رۆژانی پشوش لەچایخانەکان بون. لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکەدا قسەیان دەکردو تاوڵەیان دەکرد. یەکینەکان لەکاتی خزمەتگوزاریدا بێ ترس دەگەڕانو ئەفسەرەکانیش بەپیادە لەنێوان ماڵو بنکەکانیاندا هاتوچۆیان دەکرد. بەکورتی لەشەمزینان هیچ گرژیەك رووینەدابو.

بەمداوییە ئەگەر سەیری وێنەکانی شەمزینان بکەین... بەدەربازبونی کاتژمێر ١٦,٠٠کەشوەهەوا ئاڵۆز دەبێو جادەکان پڕ دەبن لەکێشمەکێش. لەنێوان کارمەندانی دەوڵەتو خەڵکی هەرێمەکەدا خۆشەویستی جاران جێی خۆی دەداتە شکو گومان. نائەمنی گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی. هەست بەرقوکین دەکرێت.





دەبێ بۆ رای گشتی رونکردنەوەی نوێ پێشکەشبکرێن.دەبێ هەموتاوانباران بێ جیاوازی بدرێنە دادگاو ئەمجارە "داد" جێبەجێبکرێت. هەروەها پێویستە کاربەدەستە کۆنەکان بگۆڕدرێنو کاربەدەستی نوێ جێیان بگرنەوەو لاپەرەیەکی سپی بکەنەوە".

گوندیە کۆچکەرو کۆچپێکراوەکانی شەمزینان لەهەرێمەکەیان نەچونەتە دەرەوە. جەماوەری ئەم دەڤەرە خۆبەرێوەبەرەو بەشی خۆی ئارامیو سەقامگیری تێدا هەیە.

لەنێوان هێزە ئەمنیەکانو خەڵکی دەڤەرەکەدا بێمتمانەییو گرژی لەئارادا نیە.

جا من لێرە.. دەپرسم:

"گەلۆ بۆچی شەمزینان کراوەتە نیشانە؟".

لە کاتێکدا شاری وا هەن کە هەردەم وەك بروسکە دەتەقنەوە بۆچی چالاکیەکی وا کە بۆنی "بیلانگێڕی" لێدێ لەشارێکی ئەمنو نائارامی وەکو شەمزیناندا جێبەجێدەکرێت؟

خاوەنی ئەو کتێبخانەیەی کە نارنجۆکەکانی تێ فرێدراون کۆنە ئەندامێکی pkkیە، بەڵام بەگوێرەی زانیارییەکان یارمەتی پروپاگەندەو لوجیستی دەگەیەنێتە pkk.

دیارە هەر نیازێك کە ژیانی مرۆ بخاتە مەترسیەوە، خۆی لەخۆیدا زەبونیە. بەڵام ئەگەر تەنها لە لۆژیکی ئەم "چالاکیە" بکۆڵینەوە نازانین بۆچی ئەویان کردۆتە نیشانە. سەدانی وەك ئەو هەن.

دەنا خۆ پەیوەندیەکانی دەوڵەت تەنها بەموچەخۆران‌و تۆمارکەرە رەسمیەکانەوە سنوردار نیە.

ئەگەری یەکەم لاواز دەنوێنێ.

ئەگەر ئاژاوە شەمزینان بگرێتەوەو شارێکی دیکە بخرێتە سەر شارە ئاشوبیەکانیتر، دەوڵەت چی قازانجێك لەم دۆخە وەردەگرێت؟

تەواو بەپێچەوانەوە...هەر دەڕوات ئاژاوەی لەم بابەتە وەردەگەڕێتە پێکدادانی ئەتنی‌و ئەمەش دیارە دەرگای یەکێتی ئەوروپامان لێدادەخات.

بڕوانن وایلێهاتوە ئەم سیناریۆیە کە خەریکە دەبێت شەڕی نێو خۆیی، بەرێوەبەرانی وڵاتی لێك هەڵدڕیوە لەسەر ئەوەی ئایە ئەمە دەوڵەت کردویەتی یا خود نا.

لەلایەکیتر... بەچاوێکیتر سەیری بکەین، ئەو بکەرانەی بەچالاکی وا تورکیا دەئاڵۆزێنن لەناو هێزە ئەمنیەکاندا وەکو داروەدەستەی "رابورادن"و دەستو پەیوەندی "چەتە" هەڵدەسوڕێن‌و حسابی وایان هەیە.

بەگوێرەی بۆچونی ئەمانە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا واتە: "خیانەت"و بۆ بەربەستکردنی چی لەدەستیان بێت دەیکەن.

هەندێکیشیان ملیتانی دارودرەستەی "سێوی سور"ی پیرۆزن.





هەندێکیش بەلێڵ بونی ئاو بڕوایان بە بەهێزکردنی خۆیان هەیە. ئەمانە لەپەیوەندیە شاراوەکانیانەوە بگرە تاوەکو قاچاقچێتی‌و بێهۆشکەرەکان حسابی بەرژەوەندیەکانی خۆیان کردوە.

دیسان مرۆڤ ناتوانێ بەتێروپڕی رەوشی ئەمانە رونبکاتەوە:

چونکە.... سەردەستەی ئەم گروپە مارژینالانە، ئەوەندە سەری خۆیان ناخەنە قوماری ئەم چالاکیە نەگریسانەوە.

ئەمانە تەنانەت بیانەوێ لەجوگرافیای ژیانیانەوە بچنە شوێنێکی دیکە، فەرمانی هاتۆچۆیان لەگیرفانی فەرماندەکانیاندایەو پێویستی بەئیمزای والی هەیە.

لەولاش..ئەو چالاکیە بەگەورە لەقەڵەمدەرێ بەڵام بەپێی زانیاری کەسانی ئاگادار، بەشێوەی "ناشی" ئەنجامیان داوە.

تەنانەت لێپرسینەوەکەشی نامۆیە. دو گومانبارەکەیتر گوایە ٢رۆژ پشویان دراوەتێ‌و ئەو جا لێیاندەپرسرێتەوە. واتە با کاتی لێپرسینەوەی هاوبەش بێت ئەوجا... ئێستاش بەریانداون.

بەڵام لەناو کۆمەڵێك چەواشەکاریدا دانانی بنچینەی لۆژیك گەلێك درەنگە.

# بەوجۆرە نیە کە لە ئەنکەرەوە دیارە

## سایگی ئوزتورک

والی هـەکاری لـەکاتی نرخانـدنی روداوەکـانی شـەمزینان‌و گەڤـەردا وتـی روداوەکان بەوشێوەنین کە لە ئەنکەرەو ئەستەمبوڵەوە دیارە. لێرە هەرکـەس چەکدارەو رێکخستنیش پشتیا دەگرێ.

### هەرکەس چەکدارە

ئـەردۆغان گویربـویز، والی هـەکاری گـوتی پـەیتا پـەیتا فـەرمان بـە هێـزە ئەمنیەکان دەدەیـن کـە لـە بەرامبـەر بـەردەبارانی خەڵکدا تەقەنەکـەن. بـەڵام قەڵەباڵغی خەست وەك باران بەرد دەبارێنێ. مودەریعەیـەکمان وەرگـەڕاو سـێ پۆلیسمان بون بەژێرەوە. لەبەرئەوەی ڕاپـەڕیوان چـەکیان بـەکارهێنا ئێمـەش وەڵاممان دانەوە.

### DEHAP چیبلێ

لێـرەدا سـەرۆکی بەلەدیـەکانی پـارتی دیموکراسـی گـەل DEHAP چـی فەرمان بە خەڵك بدەن خەڵك ئەوە دەکەن. لەهەردولاوە تەقەدەکرێت.

### سێ تانك

لەبەر روداوەکان داوامان لە وەزارەتی ناخۆ کرد سێ تانکی ئاوپرژێنمان بـۆ بنێـرێ. هـەروەها ٦٠ گـاردی پۆڵامـان بۆهـاتوە. لەمـەولاش هێـزی تەقویـەو ئامرازی ئەمنی دیکەمان بۆ دێ.





### بەردەوام ئیخبار

بەردەوام ئیخبارمان بۆ دێت. هێزەکانمان تا بەیانی نانون. ناچار پـەلاماری هەندێك ماڵ دەدەین. دەڵێن لە نەخۆشخانەو شوێنە ئەمنیـەکان دەدرێـت بۆیـە ناچارین وریابین.

### دادوەری کۆمار لێمان ناپرسێت

لێـرە پـۆلیس‌و ژەندەرمـەو خـەڵکیش چـەکدارن. هەرکـەس تەقـە لەیـەك دەکات. کە باس دەکەین لە ئەنکەرە وادەزانن ترساوین.

### ڕێکخستن خەڵك دەوروژێنێ

ڕێکخـستن (پ.ك.ك) بـە بێـسیم فـەرمان بەخـەڵك دەدات تەقـە لـەپۆلیس‌و ژەندەرمە بکەن. خەڵك پۆلیسێکی ئیستخباراتیان گرت وئەوەندەیان لێدا وڕیان کردبو. چەك‌و ناسنامەکەیان لێسەندو خۆشیان ڕفاند، بەزۆر ڕزگاریبو.

# Pkk لەسەر دانانی چەك گفتوگۆ دەكات

**دەریا سازاك**

سەبارەت بەوتەكانی سەرۆك وەزیران بەتەلەفون لەگەڵ زوبێر ئایداری پەرلەمانتاری پێشوی (DEP) و سەرۆكی ئێستای كونگرەی گەل قسەم كرد. دیارە كە قسەكانی سەرۆكوەزیر كاریگەری خۆی كردوە، بەلاّم Pkkسەبارەت بەچەكدانانێكی وەكو(IRA) لەسێ خاڵدا توشی دودڵیو گومان بوە كە بەپێی خوارەوەن!

ئایا قسەكانی سەرۆك وەزیران لەدیاربەكر دەركەوتنێكی تاكتیكیە؟ حكومەت چەندە بۆ چارەسەری كێشەی كورد بەبڕیارە؟

هەڵویستی سوپا سەبارەت بەم قسانە چیە؟

ئەردۆغان گوتی لەرابردودا كەموكوڕی زۆركراوەو كێشەی ئاسایش ئازادییەكان سنوردار ناكات. بەلاّم ئایە پیشنیاری ئەركانی گشتی سوپا بۆ فراوانكردنی دەسەلاّت پەسەند دەكرێت یان نا؟

ڕای گشتی توركیاو ڕۆشنبیرانی بەچ شێوەیەك تەماشای كێشەكە دەكەن؟ ئایە دوای چەكدانان قۆناخێكی ئاشتی دەستپێدەكات یان نا.لە ئاگربەستەكانی رابردودا دەممان سوتاوە، بۆیە فو لە ماستیش دەكەین.

** ** **





## "واقیعی كوردی" دەمیرلو"كێشەی كوردی" ئەردۆغان

ئایە قسەی دەمیرلی نۆهەمین سەرۆك كۆماری توركیاو سەرۆكوەزیر لەساڵی ١٩٩٢دا كە گوتی: "ریالیتەی كورد دەناسین" لەگەڵ قسەكانی ئەردۆغاندا كە دەڵێ "كێشەی كورد"، جیاوازی هەیە یان نا؟

ئەردۆغان لەلێدوانێكی خۆی لەئەستەنبولدا گوتی:" ئەو قسەیەی وامن ئێستا دەیكەم تورگوت ئۆزالیش گوتویە، سولەیمان دەمیرلیش گوتویەتی. بەلاّم سولەیمان دەمیرل لەوبارەیەوە وەها بیرناكاتەوەو گوتی: من كە گوتومە"راستی كوردی" دەناسم مانای ئەوە دەدات كە مرۆڤێكی كورد هەیەو هاولاّتی توركیایە. بۆتورك بون پێویستی بەهاورەگەزی توركی نیە بەڵكو كوردێكیش دەتوانێ ببێت بە هاولاّتی توركیاو نەتەوەی تورك دەتوانێ رەگەزیتریش لەخۆ بگرێت. قسەكانی من ئەم مانایە دەدات.

دەمیرل لەدرێژەی قسەكانیدا گوتی: من لەگەڵ قسەكانی دەنیز بایكاڵی سەرۆكی CHP دامو تیرۆر بەمامەڵە كردن كۆتایی پێنایەت".

# ماوەکەی "ئۆزکوك"

## دەریا سازاك

بەسەرسامیەوە سەیری مشتومەڕەکانی روداوەکانی شەمزینان دەکەین‌و سەیر لەوەدایە کە ئەم روداوە بە روداوی تەزکەرەی ١ی مارس دەچێت. لەکاتێکدا ئەمریکا خۆی بۆ داگیر کردنی ئێراق ئامادە دەکرد، دامودەزگا مەدەنی‌و سەربازییەکانی تورکیا بەدەزگای ئەمنی قەومیشەوە نەیانتوانی سیاسەتێکی هاوبەش بەرهەم بهێنن. واتە نەماندەزانی لەو شەڕەی کە بەسەرماندا دەتەقیەوە کێ چیدەڵێ‌و مەبەستی چیە. لەناو ئەو کادیرانەی قەیرانیان بەڕێوە دەبرد جگە لە"بێمتمانەیی" بەیەکتر جیاوازی بیرو بۆچونیش لەئارادا بو. ئەو بەڵێنانەی حکومەت بەواشنتۆنی دابو، دەوروبەرەکانی حکومەتی ئیقناع نەدەکردو ئەم هەڵوێستەی ئەنکەرە رای گشتی ناوەوەو دەرەوەی ئالۆز دەکرد.

پرسی دەربازبونی سوپای ئەمریکا بەسنوری تورکیاداو مەسەلەی هێزەکانی سوپای تورك لەناوخۆی خاکی ئێراق لەئەنجومەنی نوێنەران مقو ـ مقۆی لێکەوتەوەو دوای ٤٨کاتژمێر مشتو ـ مڕ ئاخری بوە هۆی توڕەکردنی فەرماندەی هێزە زەمینیەکان‌و سەرەنجام ئەم بابەتە بێئەنجامە کۆتایی پێهات.





حکومەت رێگەی بەتەزکەرە (مۆڵەتدانی دەربازبونی هێزەکانی ئەمریکا)نەدا. تورکیا لەدەرەوەی شەڕدا مایەوە. بەبڕوای ئێمە باش بو، لەو سۆنگەیەوە گفتوگۆکانی یەکێتی ئەوروپا دەستپێکرد، هێزە چەکدارەکانمان دەستیان نەدایە شەڕی نێوخۆیی ئێراقەوەو وەکو هێزی داگیرکەر سەیر نەکران. ئەگەر تەزکەرەی یەکەمی مارس نەبوایە، روداوەکانی باکوری ئێراق بەشێوەیەکیتر کاریگەریان دەکردە سەر تورکیا. چونکە بەراستی دیارنەبو عەسکەرو مەدەنیەکان داوای چیدەکەن. مێژونوسان لەپێشەرۆژدا رونیدەکەنەوە کە بابەتی تەزکەرەی ١ی مارس چی کاریگەری بەدواوە بوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەمرۆش...

روداوی تەقینەوەکانی شەمزینان جارێکیتر پێشانیدا کە لەنێوان ئۆتۆریتەی سەربازی‌و مەدەنیدا ناکۆکی هەیەو ئەمە وایکرد کە ئەم روداوە بە"سوسورلوکی دوەم" ناوزەدبکەن‌و ئەنجامی ئەمە فڕینی هەڕەشە ئامێزی فرۆکە جەنگیە F16 کانی لێکەوتەوە.

گرفتی باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا یەکپارچەیی ئەموڵاتەی شێواندوەو"پرسی کورد" گەلێك کێشەی هێناوەتە پێشێ‌و حکومەتی لەکرۆکی دیموکراتیانەی دورخستۆتەوەو ئەولایەنانەی رێگەی زەبروزەنگ هەڵدەبژێرن خەریکن گرفتەکان بەئاراستەی "ئەتنۆ ـ نەتەوە پەرستی" دادەبەن‌و ئەمەش پێویستی بەبەرهەمهێنانی سیاسەتی گونجاو هەیە، کەچی بابەتی لاوەکی کاربەدەستانی خەریك کردوە!

ئایا ئەمە کاتی گفتوگو کردنی کۆتایهاتنی ماوەی پۆستی فەرماندەی گشتی حیلمی ئۆزکۆکە؟ کورکوت ئۆزال فورمیلی زیاد کردنی ساڵێکی پێشنیار کردوە. ئەگەر سالێك بەئەرکی ئۆزکوك زیاد بکرێت ئەوا پێشی بەفەرماندەی گشتی بونی یاشار بیوك ئانت دەگیرێت کە ئێستا فەرماندەی هێزە زەمینەکانە. ئەم سیناریۆیە وا دەروات کە پرسی بەسەرکۆماری بونی حیلمی ئوزکوك لەکۆشکی "چانکایا"بکەوێتە مشتومڕەوە.

حیلمی پاشا خۆی لەرونکردنەوە دەبوێرێت. تورکیا کە بڕیار وایە لە٢٠٠٦دا ببێتە ئەندام هەر لەئێستاوە بەئاراستەی ناسەقامگیری‌و ئاژاوەدا دەروات.

# هەڵبژاردنەکانی ئێراق و گرژی کەرکوك

موراد یەتکین

هەڵبژاردنەکانی ئێراق بو بەهۆی ئەوەی کە تورکیا بابەتی ئاسایشی خۆی زیاتر بخاتە رۆژەڤەوە. لێدوانەکەی فەرماندەیی سوپای تورکیا:"وەزعی کەرکوك دەتوانێ ببێ بەهۆی شەڕی ناوخۆ" نیشانەی گرژیو نائارامی ئەنکەرەیە.

ئیلکەر باشبوغی فەرماندەی دوهەمی سوپای تورکیا نیگەرانی خۆی لەسەر زیادەڕۆییەکانی کوردەکان لەکەرکوك هێنایە سەر زمان. بەگوێرەی باشبوغ ئەگەر لەئەنجامی هەڵبژاردنداو لەدوای ئەوە لەهەنگاوی یەکەمدا کوردەکان بەرەو راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەر بەخۆ بچن، پێکهاتەتەکانیتری کەرکوك لەبەرامبەر ئەمەدا نارەزایی نیشاندەدەن. دیارە ئەم هەنگاوە رەوایی هەڵبژاردنەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. تەنانەت بەبۆنەی کەرکوکەوە ئەگەری دەرکەوتنی شەڕێکی ناوخۆش هەیە.

چەند رۆژ بەر لەئێستاش سیناتۆر ژان کێری گومانەکانی خۆی لەسەر ئێراق هێنایە سەر زمان کە وەکو هی باشبوغ بو. لەراستیدا گروپی قەیرانی ناوەنەتەوەیش لەراپۆرتێکی خۆی لەرۆژنامەی نیۆیۆرك تایمزدا ئاماژەی بەم شتانە کردبو. بەگوێرەی رۆژنامەکە ئەگەر کوردەکان بیانەوێ لەکەرکوکدا





خۆبسەپێننو ئەمریکاش چاوپۆشی لەمە بکات، تورکیا بێدەنگ نامێنێو ئەگەری ئەوەش هەیە دەستێوەردانی سەربازی کەرکوك بکات. هەر ئەم پرسیارانەمان لەباشبوغ کردەوەو وتی:

"ئەمە کێشەیەکی جێدییە".

لەئێراقدا ئەگەر بەهۆی کەرکوكو کوردەکانەوە شەڕ دەسپێبکرێ دەبێ بەکێشەیەك بۆ هەمو هەرێمەکە. تورکیا لەبەرامبەر تورکمانەکانی ئەوێدا بەرپرسیاری هەیە. لەکاتی شەڕدا تورکمانەکان زۆر لاواز دەبن. بۆیە ئەمە کێشەیەکی گرنگە"؟

وەزیری کاری دەروەش پێیوایە کوردەکان لەهەڵبژاردنەکانی کەرکوکدا تەزویری زۆریان کردوەو هەر لەبەر ئەوەش نامەیەکی بۆ کۆفی ئەنان ناردوە.

باشبوغ لەبەشێکیتری قسەکانیدا گوتبوی پەیوەندەییەکانی ئێمەو ئەمریکا بەبابەتێك سنوردار نابێتەوە. ئێمەش ئەم قسەیەمان لاگرنگ بو. بۆیە بەدوایدا چوین. ئایا لەدیدارەکانی ئەم دواییەی بەرپرسیارانی ئەمریکا لەتورکیا چ داواکارییەك هاتبوە رۆژەڤەوە؟

ئایا ئەم قسانەی باشبوغ نیشانەی ئەوەیە کە داواکاری بەرپرسیارانی ئەمریکا تورکیای نارەحەت کردوە؟ داواکارییەکانی ئەمریکا چین؟ سەبارەت بەئینجەرلیك، قوبرس، کەرکوك یاخودpkkیە؟

باشبوغ وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوەو لەسەر pkkراوەستا.سوپاسی ئەمریکای بۆ هاوکاری تورکیا لەشەڕی دژ بەpkkدا کرد. بەڵام بەگومانیشەوە

چاوی لەهەلویستی ئەمریکا سەبارەت بەئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی pkkدەکرد.

ئایا مامەڵەیەك هەیە؟

ئەمریکاو فەرماندەی گشتی سوپا هەمیشە پەیوەندییان باش بوە؟ ئایا داواکارییەکانی تورکیا تەنیا لەچوار چێوەی هێرشکردنە سەر کەمپەکانی pkkیە؟

ئایا چارەنوسی کەرکوکو تورکمانەکان بەpkkەوە گرێدەدرێت؟

ئایا مامەڵەیەك هەیە؟

وەڵام لەپرسیارەکان گرنگترە.





# ڕاستی PKK ئاوایە:
# عەلی بابامان گرتوە بەڵام چل دزەکە هێشتا لەوێن

**یەڵماز ئۆزدیل**

لەم ساڵەدا ١١٤ کوژراومان هەیە، بۆمباو مین دەتەقنەوە، ڕیگاکان دەگیرێن، مرۆڤەکانمان دەرفێنرێن، پۆلیسمان بەردە باران دەکرێنو ئاڵاکانی خۆیان هەڵدەکەنو ئاڵای وڵاتەکەمان دادەگرنو دەیدڕن...

کەسەیری گۆشەی ڕۆژنامەکان دەکەم، پڕن لەبابەت، هەندێك لەسەرەك وەزیران دەپرسنەوەو هەندێکیش ڕو لەسەربازەکان دەکەن....

قەڵەمەکان گەمە بەهەستی نەتەوەیی دەکەنو بزەی شیرین بۆ جەرگە بریندارەکان لێدەدەن...

چەند ئیجرائاتیش بکرێ، حکومەت چیتر بەری تیرۆری پێناگیرێو دەستەوەستانەو پێشاندانی دەستەپاچەیی سودی چیە؟ لەژورە لوکسەکانماندا دادەنیشینو دەپرسین "ئەم دەوڵەتە لەکوێیە؟ یا خود..." لەسەر تابوتی شەهیدەکان فرمێسك دادەڕێژین! ئایە نیشتمانپەروەری فرۆشتنی چەند ژمارەی زیاتری ڕۆژنامەیە؟

باسەیری ئەو ئەوروپایە بکەین کە زۆرمان خۆشدەوێ.

بۆ نمونە ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرە...

ئایە تاقە بەیاننامەکی "ئارتەشی ڕزگاری ئایرلەندا" بڵاو دەکەنەوە؟ یان ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا...لەگەڵ لیدەری ئەو ڕێکخراوانەی دوژمنی ئەڵمانیان ڕێپۆرتاژ دەکەن؟ مەحاڵە...

تەقینەوە دەبێ... جیاواز ڕەنگدەداتەوە.

ڕەشە کوژی هەیە، یەکسەر...ئەوەندە... پشتیوانی سیاسیو دەرونی ئەو تیرۆرە ناکرێ کە خودی خۆیانی کردۆتە نیشانە.

ئەی خۆمان چی؟

دوا نمونە لە"چەشمە"دا ڕویدا. بۆمبا تەقیەوەو ٢٠کەسی بریندار کرد. گوایە ئەمە زەبر لەگەشتیاری دەدات، چی لەدەستیان هات سەبارەت بەم ڕوداوە کردیان. بەڵام هەمان ڕۆژنامەگەل.. سەبارەت بەقسە مەترسیدارەکانی ئاپۆ لەمەڕ وڵاتمان فزەیان لێوە نایە... هۆی تەقینەوە لەخەڵك وەدەشێرن. هۆی ڕاشەکانەوەی ئاڵای دوژمنەکانمان لێدەشارنەوە... بەهەڵە تێنەگەن باسی "سانسۆر" ناکەم. باسی "بڕیارێکی نەتەوەیی"و "هەڵوێستێکی هاوبەش" دەکەم. بەکورتی... ئەگەر حکومەت بۆ ئەم وڵاتە باشی بکات با ڕۆژنامەنوسانی ئەم وڵاتە کۆبکاتەوە. دەبێت لەبەرامبەر تیرۆر! "زمانێکی هاوبەش"مان هەبێت.چونکە پرسەکە زیانی بۆمبایەك نیە، پرسی زیاندەرانی وڵاتەکەمانە. لەبەر ڕکابەری هەواڵەکان، خەریکە دەبینە ئامرازی "بۆمبا بارانی سایکۆلۆژی". ئاگاتان لەخۆتان بێت.





## ئەو کاتەی دەڵێن شوناسی باڵاو شوناسی نزم



## حەسەن پلور

سەرەکوەزیران ئەردۆغان کەلەدیاربەکر گوتبوی "پرسی کورد پرسی منە"، ئەمجارەیان لەسەردانەکەی شەمزینانیدا بەگوێرەی خۆی سەبارەت بەشوناسی باڵاو شوناسی ژێر، هەندێك رونكردنەوەی پێشكەش كرد. بەگوێرەی سەرەك وەزیران "تورك، كورد، چەركەز، ..." شوناسی ژێرەوەن‌و شوناسی باڵاش هاوڵاتیبونی كۆماری توركیایە، هەمو كەس دەبێ لەژێر چەتری ئەم شوناسەدا بژیت". ئایا ئەم بیروبۆچونانەی سەرەك وەزیران لەگەڵ دەوڵەت — نەتەوەدا ناتەبا دەبێ یان نابێ، ئایە تەمەنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەسەرچوە یان نا؟

***

جەمسەری مێژونوسەكان پرۆفیسۆر خەلوق ئینالجیك چۆنچۆنی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە، یاخود داویەتەوە: سەرەتا رەوشەكە دەنەخشێنێ:

"بەرێوەبردنی دەوڵەتی توركیا وەكو وڵاتێكی پارچە نەكراو سیاسەتی نەتەوەییمانە... لەبەرامبەر ئەمەدا هەندێك لایەن كەمینەش بن داوای بەهێزكردنی ئیدارەی محەلی دەكەن، تەنانەت هەندێكیان داوای سیستەمی فیدرالیزم بۆ توركیا دەكەن*".





***

ئایا دەوڵەتی نەتەوەیی لە تایبەتمەندی هاوڵاتیبونی توركیا حاشا دەكات؟

بەگوێرەی پرۆفیسۆر ئینالجیك دەزانن ئەو كاتە چی رودەدات؟

"ئەو كاتەی حاشای لێبكەین بەرەو پارچەبون دەروات. هێزە چەكدارەكانی توركیا دێنە مەیدانەوەو دەڵێن ئەركی ئێمە پاراستنی یەكپارچەیی ئەم وڵاتەیە. واتە لایەنی بیروڕای نەتەوەپەرستی ئەتاتوركچی دەگرن".

***

ئایا دژی ئەم بیروبۆچونە لەئارادا نین؟

بەرێز ئینالجیك دەیانژمێرێت:

"بۆ نمونە لەناوماندا ئەوانەی پشتی تێزی ئەرمەنی دەگرن سەر هەڵدەدەن، هەندێك هەن دیانەوێ ئەلفبێی عەرەبی بگێڕنەوە بۆ كوردان، لەلایەكیش هەندێك هەن وێرای ئەوەی بەتورك لەقەڵەمدەدرێن كەچی نەتەوەپەرستی كوردن‌و جەماوەرێكی جوداخوازیان هەیە. ئەم جەماوەرە دەیانەوێ نەتەوەپەرستی تورك بدەنە لاوە. لەباشوری رۆژهەڵات كوردی لەقوتابخانەكان ناخوێندرێت‌و دەڵێن نامانەوێ مێژو كولتورمان لەدەست بدەین".

***

جوداخوازە شاراوەكان...

ئەمانە كێن، چیدەڵێن‌و چیان دەوێت؟

پرۆفیسیۆر ئینالجیك ئاوا باسیان دەكات:

لەناوماندا جوداخوازی شاراوە هەن، ئەمانە لەهەمو لایەك هەن. دەوری نەتەوەپەرستی ئەمانەش بەسەرچوە، بەناوی مافەكانی مرۆڤەوە دەڵێن دەبێ دان بەشوناسنامەی ئەتنی كەمینەكاندا بنرێت. باسی ٢٦ گروپی كەمینە دەكەن، كەوابێت وەكو تاڵی گۆرەوی هەمو وڵات هەڵدەوشێنێتەوە. لەلایەكیش ئەمریكاو ئەوروپا بەفیتی یۆنان دەیانەوێ توركیا پارچە بكرێ، ئایا ئەجەویت هۆشداری ئەمەی نەدابو؟

***

گەلۆ كەس لەبەرامبەر ئەم رەوتانە راناوەستێ؟

پرۆفیسۆر ئینالجیك دەڵێ "لەبەرامبەر ئەم رەوتە تێكدەرانەدا میللەتی پتەوی تورك هەیەو لەپشت ئەمەشدا هێزە چەكدارەكانی تورك وەستاون".

بەڵام پرۆفیسۆر نیگەرانیەكانی خۆش دەڵێت:

"لەحاڵەتێكی وادا چۆنچۆنی رێگەیەكی میانە دەدۆزرێتەوە، نازانم؟" ئینالجیك دەڵێ وشیاری ئەتنی پەرەدەسەنێ. ٢٦ گروپی ئەتنی توركیایان جیاكردۆتەوە، هەندێك لەمانە لایەنی ئەمریكا دەگرن، هەندێك بەلای روسیادا دەرۆن، لەوەودوا توركو توركیا لەكوێ دەمێننەوە؟ پرسی سەرەكی دەوڵەتەكەمان ئەمەیە...

***





پرۆفیسۆر مارك.ل. ستەین كەشانازی ئێمەیەو مێژوناسانی دنیا رێزی دەگرن، دەڵێ "خەباتەكانی لێ دەربێنن، ئەوجا هیچ شتێك لەعوسمانی نامێنێتەوە" خەلیل ئینالجیك دەڵێ ئایا بەرێز سەرەك وەزیران ئەم دێڕانەی خوێندۆتەوە؟

واز لەهەموی بێنن، كاتێك دەڵێ "شوناسی نزم" ئایا ئاگای لەبونی ٢٦ گروپی ئەتنی هەیە؟

مامۆستا ئینالجیك تێچوی ئەم روداوە روندەكاتەوە. با قەدری بزانین...

* جەمسەری مێژونوسان: كتێبی خەلیل ئینالجیك، ئەمینە چاكار، پەخشی بانكی كار.

## ئەگەری ئەوە هەیە روداكە لەوەش گەورەتربێتەوە

## گوندوز ئاکتان

پێشکەوتن و روداوەکانی دوای ١١ی ئەیلول بوە هۆی گەشەکردنی شەپۆلێکی دژایەتی کردنی ئەمریکا لە دنیای ئیسلامدا . جەماوەری موسڵمان لە پشتی ئەلقاعیدەوە بە دوای دەستێکی ئەمریکاییدا کەوتونەتە جموجوڵو برِوایان بەوە هێناوە کە ئەمریکا هەڵگری ئامانجی روخاندنی دنیای ئیسلامە. هەرچەندی ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت، نەرێگا لە تیرۆریزم دەگیرێت، نەوەکو دنیای ئیسلامی دیموکراتیزە دەبێت.

لە دوای روداوی "تەزکەرە" ( رێگەپێنەدانی تورکیا بە سەربازە ئەمریکاییەکان بۆ بەکارهێنانی خاکی ئەو وڵاتە بۆ رۆیشتنە ناو خاکی ئێراق ) بەملاوە هێشتا پەیوەندیەکانی تورکیا – ئەمریکا لە ناوساردو سڕی دایە. ئەمریکا بەرێگای ماف تورکمانەکانی باکوری ئێراق و بابەتەکانی وەکو کەرکوك وpkk دەستی بە سزادانی تورکیا کرد. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکانی تورکیا و ئەو پەیمانانەی کە دابوی چاوی لە جێگیر بونیpkk لە چیای قەندیل گرت. تەنانەت هەوڵی بێ چەککردنی ئەو رێکخستنەشی نەدا کە خۆشی وەکو تیرۆریست ناوی لێدەبات.

ئەمڕۆ نیوەی pkk دەربازی خاکی تورکیا بونەتەوەو دەستیان بە چالاکی تیرۆریستانەی! خۆیان کردۆتەوە. لە ڕیگا ئاسنینەکاندا تەقەمەنی دادەنێن، بە





کاری تەقاندنەوە لە ڕۆژئاوای وڵاتدا هەوڵی زەربە لێدان لە توریزم ( گەشتیاری ) دەدەن. گروپێك سیاسەتمەداری چەپی تێکەڵاو بە نەتەوەگەرایی ئەتنیکی و فاشیست و نهیلیست ( یانێ لەدەرەوەی زەرەرو زیان گەیاندن بە خۆو کەسانیتر هیچ هەدەفێکیتریان نیە )، بە فەرمانی ئۆجەلان فیدراڵیزم دەپارێزن و ئامانجی یەکگرتنەوەیان هەیە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە فیدراتیڤە کوردیەی باکوری ئێراق و پاشان پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخوی کوردی. تورکیاش لە بەر ئەشقی یەکێتی ئەوروپا بارودۆخی نائاسایی راناگەیەنێت. Pkk لەوەش دڵنیایە کە ئەمریکا pkk دەپارێزێت، هەربۆیە دەیەوێت تورکیا و ئەمریکا لە باکوروری ئێراقدا روبەڕوی یەك بکاتەوە.

لە تورکیادا بەرپرسیاری کوژرانی هەرتاکە کەسێك بەدەستی pkk دەخرێتە ئەستۆی ئەمریکا و پەیوەندیەکانمان بە شێوەیەك خراپ دەکات کە دوبارە چاك نەکرێتەوە.

Pkk لە یەکێتی ئەوروپاشدا کار و چالاکیەکانی خۆی بەردەوام دەکات، بە سەدان کۆمەڵەو ئۆرگانی راگەیاندنی و لایەنگری ئەوروپایی، تیرۆری pkk لە تورکیادا دەوروژێنن و یارمەتی ماددی بۆدەنێرن و پشتیوانی سیاسی لێدەکەن . ئەگەر یارمەتی هەندێك لەو وڵاتانە نەبێت کە دژایەتی بە ئەندامبونمان لە یەکێتی ئەوروپا دەکەن سیاسەتمەدارێکی کورد ناتوانێ هەمو شتێك بڵێت.

راگەیاندنی ئەوروپا کە بە هەزارانجار چالاکیەکانی مەدرید وەکو چالاکی تیرۆریستی ناودەبات، pkk وەك ریکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەد ناکات و

چالاکیەکانی بە چالاکی تیرۆریستی نازانیٚ. بە گوێرەی ئەوان ناوی pkk پارتی کرێکارانی کوردستانە و تیرۆریستەکانیش "میلیتانن" و چالاکییە تیرۆریستیەکانیشیان " هێرشی باڵی سەربازیە".

وادیار دەبێت کە رۆژئاوا فەرق و جیاوازی دەخاتە نێو تیرۆریستە کانەوە . ئەو چالاکی و توند و تیژیانەی کە "قەڵغانی" نەتەوەگەرایی ئەتنیان هەبێت وەکو چالاکی تیرۆریستی لە قەڵەمنادرێت تەنانەت ئەگەرکەسی سیڤیل و مەدەنیش بکوژن.

باشە ئەگەر ئەوروپا لە بەر ئەو هۆیە pkk بە هەق دەردەخات، ئایا لە بەر کێشەی فەلەستین و داگیر کردنی ئێراقیش کە هەردوکیان هۆی راستن، دەکرێت ئەلقاعیدەش بە هەق دەربخرێت؟

لە راستیدا کاتیٚ کە مایرز و بەرپرسیارانیتر دەڵێن موخاتەبی ئێوەیە، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکەن کە مافی موداخلە کردنمان لەو تیرۆریزمەدا هەیە کەوا لە ئێراقەوە دژی ئیمە سەر هەڵدەدات.

لە باری یاساییەوە ئێراق لایەنی ئیمە نیە لە کێشەی تیرۆریزمی pkk دا، بەڵام ئەگەر لە بەرامبەر ئەمە رێگریش نەبێت و نەیەوێت رێگری لێبکات ، ئەوا تورکیا خاوەنی مافی ئەنجامدانی شتی پێویستە.

ئەگەر ئەمریکا لە شەڕی دژی تیرۆریزمدا هاوکاری تورکیای دەوێت، . ئەوا پێویستە بەدڵنەرمیەوە نزیکی بابەتی بێکاریگەرکردن یاخود ئاستەنگ نانەوە لە بەرامبەر pkk دا ببێتەوە.





## دەیەوێت کە ئاپۆ ببێت بەنوێنەر!....

**تەوفیق دیکەر**

تەوفیق دیکەری نوسەری رۆژنامەی گوێزجو باسی لەریپۆرتاژەکەی محەمەد ئاغاری سەرۆکی پارتی رێگای راست لەگەڵ گۆڤاری ئاکتوەل دا کردو ئیدیعای ئەوەی دەرخستە مەیدانەوە کە محەمەد ئاغار دەیەوێ ئاپۆ وەکو نوێنەرو ناوبژیوان بەکار بهێنێت.

بەگوێرەی محەمەد ئاغار لەشەڕی دژی تیرۆردا تاوەکو ئێستا هەڵەی بەرچاو ئەنجامدراوە خەڵکیش چاوپۆشی لەمە کردوە. ناوبراو پێیوایە کە چالاکییەکانی ئەم دواییەی pkk رێگای لەبەردەم دەرکەوتنی لێبوردنێکی گشتی گرتوەو وەکو سیاسەتمەدارێکیش بەشێوەیەکی جیاوازتر لەجاران چاو لەبابەتی تیرۆر دەکات. لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر وەکو چۆن بستێك زەوی نادەین لەهیچ کەسێك بەهەمان شێوەش تاقە کوردێکیشمان نییە کە بیدەین بەکوشت. بەشێك لەدەقی چاوپێکەوتنەکە: بەگوێرەی ئێوە رۆڵی ئۆجەلان لەم روداوانەی دواییدا چییە؟

هەندێك کەس دەڵێن ئۆجالان شەڕی ناوێ‌و لایەنگری ئاشتیە بەڵام پەیامەکانی ناگەیەننە pkk .... بەڵام ئەگەر نییەتێکی وای هەبێت ئەوا دەکرێت ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتنی پەیامەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا هەڵبگرێت. پێموایە ئەو وەها بیر دەکاتەوە کەهێشتا گرنگی پێدەدەن (لەلایەن pkk). بەگوێرەی من کەسێك لەناوخودی روداوەکاندا ژیابێ، دەتوانێ لەهەمو





کەس باشتر روداوەکان هەڵبسەنگێنێ. لەچوار چێوەی گشتیداو لەپەیوەندی لەگەڵ قسەکانی خۆیدا پێویستە رۆڵێکی وەهای بدرێتێ.

یانی دەبێ میسێونی بەرقەرار کردنی ئاشتی بدرێت بەئاپۆ؟

بەڵێ. لەدوای ئەم هەمو ساڵەو ئەو هەمو چالاکییە بەباشترین شێوە دەتوانێ وەزعی رێکخستن شیبکاتەوە ئەگەر دەیەوێت رو ڕاست بێتو پەیامێکی وەها بدات ئەوا پێویستە خۆی رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە ئەگەر باس لەگەورە بون‌و دیموکراتیزە بونی تورکیا دەکەین‌و هەندێك قسەیتر دەهێننە سەر زمان، ئەوا پێویستە چرای سەوز بۆ تیرۆر لێنەدەین. بەگوێرەی ئەمەش، ئەو خۆی یەکێك لەو کەسانەیە کە بەباشترین شێوە لەوە تێدەگات کە ئەم ڕێگایە ناگاتە ئەنجام. دوای ئەم هەمو خۆێنڕژان‌و کوشتارە پێویستە وەکو لێپرسینەوەی ویژدانی خۆی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ کار بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بکات. لەوەش زیاتر ئەگەر سەرۆکایەتی رێکخستن لە دەستی ئێوەدایە، ئەوا پێویستە ئەنجامی دیارو بەرچاویشی هەبێت. هەروەها پێویست بو بەدەرکەوتنی ئەم بارودۆخانە دەستی لەکار بکێشابایەتەوە، بەڵام وەهای نەکرد.

ئێستاش دەتوانێت دەست لەکار بکێشێتەوە.

ئۆجەلان دەڵێ پارتی دادوگەشەپێدان دەیەوێت ناکۆکی بخاتە نێوان ئێمەو سوپاو خەریکە قوبرس لەدەست دەچێ. ئێوە چۆن ئەمە شیدەکەنەوە؟

شیکردنەوەی دوهەمی دروستە. بەڵام وابزانم سەبارەت بەدوهەمینیان دەیەوێت گاڵتە بکات، پێویستە جاروبار مافی گاڵتە کردنیشی پێبدرێت."

جا ئێستا سەیری محەمەد ئاغاری سیاسەتمەدار بکەن کەچی بەمحەمەد ئاغار بەڕێوەبەری کاروباری دەوڵەتی دەکات!

مەخابن کە محەمەد ئاغاری سەرۆکی پارتی ڕێگای راست ئێستا هەمو زەحمەتەکانی خۆی لەکاتێکدا کە خۆی بەڕێوەبەری ئاسایشو تێکۆشانی دژی تیرۆر بوە بەفیڕۆ دەدات. ئەوەی وا محەمەد ئاغاری کرد بەسەرۆکی پارتی ڕێگای راست، هەمان سەرکەوتنەکانی لەشەڕی دژی تیرۆر بون.

وادیار دەبێت کە ئاغاریش وەکو هەندێك کۆنە سیاسەتمەدار بە دوای ڕێگای ئاساندا دەگەڕێت.

پێویستە ئاغار ئەمە باش بزانێت کە بەڕێگای گوتنەوەی گۆرانی کوردیو دانی میسیۆنی ئاشتیخواز ناتوانین کۆتایی بە پرسی کورد بهێنین بەپێچەوانەوە هەمو ئەو وڵاتپارێزانەش لە پارتی ڕێگەی راست دور دەخاتەوە کە دەنگیان پێداوە.

خەڵك سیاسەتمەدارێکی بەبڕیارو لەسەر خۆی دەوێ. دەیەوێت تێکۆشانی سیاسەتمەدار لەبەرامبەر گەندەڵیدا بەچاوی خۆی ببینێ. بەگوێرەی ئەو نامەو نوسراوانەی کە دەگەنە دەستی من، ئەگەر ئاغار دەیەوێت پارتی ڕێگای راست





بکات بەپارتێکی باشو جێگای متمانەی خەڵك، پێویستە لەپێشدا ببێت بە دوژمنی ساختەچیو فێڵبازەکان. پێویستە بەرلە هەمو شتێك، دوبارە چاوێك بەقسەکانی خۆی لەبارەی ئۆجەلاندا بخشێنێتەوە.

و: مەبەست لەوەرگێڕانی ئەم بابەتە تەنیا دیاریکردنی بۆچونی لایەنە جیاوازەکانی ناو مەیدانی سیاسی تورکیایە.

## بەڵای تیرۆر

## گوندوز ئاكتان

هۆی هەندێك زوڵم ناپرسرێت . ماهیەت و جەوهەری لەوێنەی هەمان ساتیدا دیارە. وەك رەشاییەك دیارە بە ناوچاوانی مرۆڤایەتیەوە. گرنگ نیە ! ئەوەی چالاکیەکی وادەکات ئایا بۆ کردەوەکەی ئامانجێکی پیرۆزی دینی، مرۆیی و شەرعی پێویستە؟ ئەم چالاکیانە بابەتی میتۆدی نین، سەلماندنی ماهیەتن. "من ئەمەم "! ئەمەش هەڵا هەڵایەکی بێکۆتاییە. بە تایبەت چالاکی " بۆمبای گیاندار" لە لایەك وەکو شێوەکانی دیکەی تیرۆر، مرۆڤایەتی دەکاتە نیشانە: لەولاش پەلاماردانی بناغەی هەست و رۆح و ئومێدو بەهاکانی مرۆڤە و تێکوپێکدانیانە. سەرکەوتنی ئەم چالاکیانە چین کەبەشدارەکانی پشتەوەیان شانازی پێوەبکەن! ئەو لایەنە خائینەی(!) چالاکی وا ئەنجامدەدات و بەهای مادی و مەعنەوی هەپرون، هەپرون دەکات بێلایەن نیە. کوێرەوەریەکی وا کە چرای هەمو هەوڵ و ئاواتەکان دەکوژێنێتەوە بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی هەمولایەکمان .

هەندی چالاکی سەداسەد ماهیەت و ناوەرۆکیان هەیە، سەیری ئەوە ناکرێ کێ و بۆچی فلان کردەوەی ئەنجامداوە. ئەوەی پەرانتێز دەکاتەوە بۆتیرۆر ، دەرد دەپێچێتەوە بەسەریدا. ئەگەر ئیمە ئەمڕۆ دوابەدوای روخانی کۆمۆنیزم ، هێشتا بە دەست ئەم جۆرە کێشانەوە دەناڵێنین ، هەموی لە سۆنگەی تیرۆرەوەیە. تیرۆر دەرفەتە پەرچە کرداریە شەرعی و راستەقینە و جدیەکانی خۆی تێکدا. ئەگەر ئەمڕۆ کاردانەوەیەکی تێر دژبە تیرۆر لە ئارادانیە، ئەوا لە





هەموبوارێکدا هەر جۆرە کاردانەوەیەك، مانا، ماهیەت و هاوسەنگی و شانسی خۆی لە دەسدەدات. تەخریباتی تیرۆر هاوتەریبە لە گەڵ نەمانی کاردانەوەی دژبە تیرۆردا و پێکەوە بەڕێوە دەچن. ئەو نادڵسۆزی و لادانەی بینیومانە وەکو یەکەمین ئەنجامی تیرۆر دێتە مەیدانەوە. "خودوشیاری لێپرسراوانە" تێکدەداو وەکو" خانەی شێر پەنجە" شیرازەی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەگەر نەمانتوانیوە ریشەی هیچ پرسێك بناسین و چارەسەری بۆ وەدۆزین لە بەر ئەوەی باسمانکرد نەماندۆزیوەتەوە بیست ساڵ واتە لە ١٩٦٠ وە تاوەکو ١٩٨٠ بە تیرۆری چەپەوە خەریك بوین . بیست ساڵیش هەر لە ١٩٨٥ وە تاکو ٢٠٠٥ بە تیرۆری نەتەوەییەوە خەریکین. ئەمانە درۆنین: خاوەنی رەگ وریشەن . سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتیمان تێکچوە . میزاجمان گۆڕاوە. بوینە مرۆڤی بێموقەید، بێ سەبر، بێ هزر، ناهاوسەنگ، نابەرپرسیار، سەرلێشێواو، ناوشیار و نا ئومێد. دیسان ناڵێم " وەرگۆڕاوین".

ئەگەر تیرۆر نەبوایە ئەوا ئەمڕۆ تورکیا لە پێشەوەی یۆنانەوە دەبو. نەبوینە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و کەوتینە حاڵەتی لالانەوە و پاڕانەوە و ئەگەر تیرۆر نەبوایە شیرازەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵنەدەوەشایەوە... کاتێك وێنای دەکەم دەلەرزم: ئەگەرتیرۆر نەبوایە ئەم دنیایە دنیایەکیتر دەبو. من تەنانەت بیر لە منداڵەکانیشم ناکەمەوە، خەمی نەوەکانمانە ئیمە دنیایەکی چۆنیان بۆ بەجێدەهێلین؟



# روناکبیری کورد نابەرپرسیارە

## ئیسماعیل بێشکچی

هەمو کەس بیری ئەوی کردوە. ئەو مرۆڤەی لە سەردەمی زیندانیدا هەردەم لە ڕۆژەڤدا بوە ودوای بەربونیشی بێدەنگی هەڵبژاردوە ، قەت لە بیرنەکرا. گەلی کورد هیچکات ئیسمایل بێشکچی لە دڵی خۆی دەرنەخست. ئەودەمەی پرسی گەلی کورد لە دۆخی تابۆدا بو، بێشکچی بە ڕاشکاویەکی زانستیەوە ڕاستیەکانی لێکدایەوە و لەم پێناوەدا بەشێکی تەمەنی لە زینداندا بردە سەر.

ئێستا لە دەرەوەیە. چەندی خەیاڵەکانی، ئازارەکانی،ستەم وخواستەکانی لە ناو بێدەنگی وبیرکردنەوەی قوڵدا نقومی بکەن، دیسانیش با کەس گومانی لەوە نەبێ هیچ شتێك ناتوانێ پێشی بەدواداچونی سەبارەت بە جیهان،تورکیا و بەتایبەت کورد بگرێت.

سەرەڕای هەمو گۆڕانکاریەکان بێشکچی باسی زیهنیەتی ئەسیمیلاسیۆنی کۆماری تورکیا دەکات بەرامبەر بە گەلی کورد . لەو ساتەوەی بەردراوە فەلسەفە سەرەکیەکەی ئەوە بوە کە بیر بیخاتەوە کە هەمو هەوڵدانی ئەو حکومەتەی نوێنەری بیری تاقە نەتەوە و تاقە زمانە، ساڵانێکی دورودرێژە بۆ





ئەوەی گەلی کورد ئەسیمیلەبکات ، هەمو ڕێگەیەکی تاقیکردۆتەوە وکوردیش سالەهایە لە بەرامبەر ئەمەدا خۆراگریدەکەن.

### دەبێ بایەخ بە زمانی کوردی بدرێ

بێشکچی کە سەبارەت بە زمانی کوردی بیروڕای گرنگ دەردەبرێ ، هۆی پاشکەوتنی زمانی کوردی دەگێڕێتەوە بۆخودی کورد و بە تایبەتی نابەرپرسیاری روناکبیرانی کورد. بۆ ئەوەی تورکیا بچێتە یەکێتی ئەوروپاوە دەبێ لە یاسایدا خوێندنی زۆرەملێی دو زمانەکە پەسند بکات لەمبارەوە دەڵێ:

لە تورکیا کۆرسی زمانی توێمەر هەیە.دەرسی تورکی دەڵێنەوە.کێ لەم کۆرسانەدا بەشداریدەکات؟ خۆ تورك نین. بۆ نمونە چینیەکان و ئەوروپیەکان و بیانیەکانی دیکە.ئەوکاتە بۆچی تەنها کوردەکان ونەك بیانیەکان بەشداری کۆرسی کوردی دەکەن؟ لە کوێی ئەم دنیایەدا شتی وا بینراوە؟ ئەوکاتە دەبێ زەمینەی خوێندنی زمانی کوردی بدرێ و دەرفەتی پێنوسینی پێ بدرێت.کوردی هەژار دەرفەتی بەشداربونی ئەم کۆرسانەی نیە.

لە کوێی ئەم دنیایەدا بینراوە کە خەڵکی ناچار بوە خوێندنو فێربونو نوسینی زمانی خۆی بەپارە فێر ببێت؟ چیتر کوردان پێویستیان بەدو سەعات کۆرسی جکومەت نیە بەڵکو داوای خوێندنی زۆرەملێی کوردی دەکەن.

## رەخنەیەك لە روناكبیرانی كورد

روناكبیران ئەركەكانیان لە بەرامبەر كۆمەڵگەكەیان جێبەجێناكەن و بایەخ بەزمان وێژەی خۆیان نادەن. بێشكچی پێیوایە روناكبیرانی كورد گرنگی بەزمانی كوردی نادەن. روناكبیرانی فەلەستینی وێڕای ئەوەی خەباتی خۆیان دەكەن بە عیبرانی نا بەڵكو بە عەرەبی دەخوێننو دەنوسن، بەڵام روناكبیرانی كورد لەباتی كوردی بەتوركی بەرهەم دەخوڵقێننو ئەمەش تەنگژەی روناكبیری كوردەو دەبێ لێی رزگار ببێت. بێشكچی دەڵێت روناكبیری كورد روناكبیری گەلی خۆی نیەو روناكبیری توركە. هەروەها دەڵێت: روناكبیری كورد لە روناكبیری تورك زیاتر توركێنراوە. روناكبیری كورد وەكو روناكبیری تورك ئایدیۆلۆژیای رەسمی توركو جیهانبینی رەسمی وەرگرتوە.

بێشكچی كە بانگی روناكبیران دەكات تاوەكو ئەم راستیە بزانن روناكبیرانی كورد بەوە رەخنە دەكات كە بەشداری تەلەفزیۆنی توركی دەكەن. بێشكچی دەڵیت لە شەخسیەتی بەشداربوانی ئەم بەرنامانەدا سوكایەتی بە گەلی كورد دەكرێت، هەروەها وتی: ماوەیەك لەمەوبەر لە بەرنامەیەكی تەلەفزیۆنیدا بەشداربویەك ویستی بەزۆری رۆژێتێك بلكێنێ بەیەخەی روناكبیرێكی كوردەوە. ئایا زەبونیەكی واتان بینیوە؟ سەرەڕای ئەوەی بەشداربوانی ئەم بەرنامانە ئەم راستیانە دەزانن دیسان بەشداری دەكەن. بەشداربون لە بەرنامەی بێ مستەواو نزمی وادا لە زەبونی زیاتر چیە. ئەو كاتە روناكبیرانی كورد دەبێ بەخۆیاندا بچنەوەو خۆیان رەخنە بكەن.





## باش لە ئەحمەدی خانی بتوێژنەوە

بێشكچی كە بەرگری لەو رایە دەكات لەناو كورداندا كەسایەتیەكی وشیاری وەكو ئەحمەدی خانی دەرنەكەوتوە وتی ئیتر كاتی ئەوە هاتوە كوردان لەسەر ئەم كێشەیە بوەستنو بەقوڵی بیری لێبكەنەوە. ئەو شتەی كۆمەڵگایەك لەسەر پێ رادەگرێ، كە بەكۆڵەكە شوبهێنراوە بابەتی زۆر گرنگی زمانە.ئەو گەلەی بایەخ بە زمان نەدات هەمیشە لاقێكی دەشەلێو لەبەرامبەر ئەو ئایدیۆلۆژیا رەسمیەی كە هەمو كەناڵێك بەكاردێنێ بۆ ئەسیمیلە كردنی كوردان دەبێ رابوەستن و هەروەها رێگەی ئەمەش بایەخدان بەزمانو قسە پێكردنیەتی.

بێشكچی كە ئاماژەی بەوەكرد كە لەسەردەمی ئەحمەدی خانیشدا فشار لەسەر زمانی كوردی زۆر بوە، دیسان خانی بە زمانی دایكی شاكاری خوڵقاندوە. بێشكچی ئاماژەی بەوە كرد كە خانی روناكبیرێكی هەرە پێشكەوتوی كورد بوەو بەرهەمی مەمو زینی لە ئاستی دنیادا شاكارێكەو كەچی كوردان لێی تێنەگەیشتون.

## جیاوازی باكورو باشور

بێشكچی ئاماژەی بە كوردەكانی ئێراقو توركیا كردو وتی كوردەكانی باشور لە كوردەكانی باكور زیاتر زمانی كوردی بە كاردێنن. كوردەكانی باشور جلی نەتەوەیی خۆیان لەبەردەكەنو لە وێژەیانەوە بگرە تاوەكو ژیانی رۆژانەیان زمانی خۆیان بەكاردێنن. بێشكچی وتی وێژەی كوردەكانی باشور زۆر باش پێشكەوتوەو رەخنەی ئەوەی كرد كە بۆچی لە باكور شتێكی وا

روینەداوە. وتی هەر کۆمەڵگایەك بەزمانەکەیەوە بونی هەیە وئەودەمەی خاوەنداری لە زمانەکەی خۆی بکات دەتوانێ بژیت.

### کوردان دەبێ یەکێتی خۆیان پتەو بکەن

بیشکچی دەڵێ کوردان هێشتا یەکێتی ناوخۆییان پتەو نەکردوە. بە تایبەتی بۆ ئەمەش ئاماژە بە رەوشی دو پارتە سەرەکیەکەی باشوری کوردستان دەکات. بیشکچی سەبارەت بەو روداوەی لە تەلەفزیۆندا شاهیدی بو دەڵێ: ماوەی رابردو لەتەلەفزیۆنی کوردستاندا هەواڵەکانی بارزانیم سەیر دەکرد. هەواڵێکی گرنگی تیابو سەبارەت بە دیداری وەزیری بەرگری ئەمریکاو بارزانی. دیارە وەزیری بەرگری ئەمریکا بەر لەوەی بارزانی ببینێت سەردانی سەرۆك دەوڵەتی ئێراق واتە تاڵەبانی کردبو. لەهەمان کاتدا تاڵەبانیش کوردە.

سەرەڕای ئەمە لە تەلەفزیۆنی بارزانیدا سەبارەت بە دیداری وەزیری بەرگریو تاڵەبانی تاکە وشەیەکیش نەوترا. ئەمە ژانە بەڵام ڕاستە. لە باشوردا هێشتا روداوی وا رودەدەن.

### پاموك وتی: کوردەکان کەمن

ئەو قسانەی ئورهان پاموك کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە بیری بێشکچی دەخەینەوە. وتی پاموك هەرچەند کەمی وت بەڵام راستیەکی هێنایە زمان. بێشکچی دەڵێ ئورهان پاموك باسی کوژرانی ١ملیۆن ئەرمەنیو٣٠ هەزار کورد دەکات. بێشکچی رو لە پاموك"ئێوە باسی کوژرانی ١ملیۆن ئەرمەنی دەکەن لە ساڵی ١٩١٥دا. بەڵام ئەڵێن ٣٠ هەزار کورد کوژراوە بۆ ئەمەش مەبەستتان ئەم





بیست ساڵەی دوایی بوە. ئایا لە ماوەی ئەم هەشتا ساڵەدا ژمارەی ئەو کوردانەی کوژراون دەگاتە چەند؟ ئورهان پاموك حسابی ئەو هەمو خوێنەی نەکردوە کە لە ئەنجامی سەرهەڵدانەکاندا رژاون. لەلایەکیتر پەموك شتێکیتر نایەنێتە زمان. ساڵەهایە کەسانێك هەن ئەمەیان هێناوەتە زمانو قوربانیشیان بۆ داوە.

### مشتومڕەکانی سەبارەت بە نەتەوەپەرستی

بێشکچی سەبارەت بە دوا روداوەکانی تورکیا لێکدانەوەیەکی کردو وتی لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردودا نەتەوەپەرستی تورك هێزی باڵادەست بوە. بێشکچی لەو باوەڕەدایە کە نەتەوەپەرستی باش شینەکراوەتەوە هەروەها دەڵێ: باسی نەتەوەپەرستی کوردو تورك دەکرێت بەڵام ئەمە روانگەیەکی نازانستیانەیە. نەتەوەپەرستی تورك ئەوە هەشتا ساڵە دەسەڵاتی بەدەستە و لەهەمان کاتدا قۆناغی سۆسیال، ئیکۆنۆمیو پۆلیتیکی تەواوکردوە.

لەهەمان کاتدا کە نەتەوەپەرستی تورك هێزی باڵادەستەو باسی نەتەوەپەرستی تورك دەکرێت، بەڵام باسی نەتەوەپەرستی کورد ناکرێت. ئەو پێیوایە نەتەوەپەرستی باڵادەستی تورك کوردی بە نەبو لەقەڵەمداوە و لەبەرئەوەی خستویەتیە ژێر فشار دەبێ بەلایەن حسابی بۆ بکرێت. بەڵام نەتەوەخوازی کورد داوای مافە بنچینەییەکانی کورد دەکات و بەرەنگاری

داپڵۆساندنی کوردەکان دەبێتەوە و دەبێ ئەمە بە ئاسایی لەقەڵەمبدرێت. بەگوێرەی بێشکچی ناوەرۆکی نەتەوەپەرستی جیایە. کوردەکان لە بەرامبەر سەرکوتو داپڵۆساندن سەریانهەڵداوە، کەوابو ئەمە بۆ نەتەوەپەرستیە؟

**لە تورکیادا روناکبیر دەرناکەوێت**

بێشکچی سەبارەت بە روناکبیرانی تورکیش دوا و وتی روناکبیری تورك کە هەر لەسەردەمی کۆمارەوە تاوەکو ئەمڕۆ هەوڵی بەیەکبون دەدات لەگەڵ سیستەمی رەسمیدا وەکو قسەکەری ئایدیۆلۆژیای رەسمی هەڵسوکەوت دەکات. گرنگترین پێوانەی بەردەمی روناکبیری کورد کێشەی کوردە و پێویستە روناکبیران لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا هەڵوێستی خۆیان دیاریبکەن. نەبونی هەڵوێستی راستو زانستیانە لەبەرامبەر ئەم کێشەیەدا نیشانەی دارِزانی روناکبیری تورکە. بێشکچی وتی: روناکبیری تورك وتەو ئایدیۆلۆژیای رەسمی دەرونیکردوە و هەروەها مەترسی نەریتی تێکهەڵکێشبونی روناکبیری تورکی لەگەڵ سیستەمدا بیرهێنایەوە.

لە هەفتاکاندا روناکبیری کوردو تورك پێکەوە لەزیندانەکاندا بون و پێکەوە خەباتیانکردوە.لەم دواییانەدا لەبەرامبەر وشیاری کوردایەتیدا روناکبیری تورك بە مەترسیو نیگەرانیەوە تێیدەڕوانێ و ئەمەش ناراستگۆبونی بیرو باوەڕی روناکبیری تورك نیشاندەدات. ئەحمەدی خانی لەشوێنێکی بەرهەمەکەی واتە مەمو زیندا ئەڵێ: "ئەوەی دیل بوە بەگی بەگ نیە".





لەمڕۆشماندارِوناکبیری تورك دیلبوی ئایدیۆلۆژیای رەسمیە. لە ئەنجامدا دیلبونی روناکبیری تورك روناکبیرێتیەکەی پەرتوبڵاو دەکات. لەئەنجامی زەبروزەنگی سیستەمدا هەندێك روناکبیرمان هەبون رایانکردە دەرەوەی وڵات. لەئەنجامی پێشکەوتنی تێکۆشینی رزگاری کوردایەتیدا، دەوڵەت گێڕانیەوە دواوە. بۆچی؟ چونکە دەیەوێ ببنە کۆسپ لەبەردەم بەدەستهێنانی مافی کوردەکاندا.

بێشکچی دەپرسێ بۆچی لە تورکیادا نوام چۆمسکیەك دەرناکەوێ؟ پاشان دەڵێ: روناکبیری تورك بە گریانو هاوارەوە داوای دژبەرێتی ئەمریکا دەکات چونکە ئەمریکا هیچ سەرمایەگوزاریەکی سیاسی لە ئارادا نیە. دەقیڕێنێ "بمرێ ئیسرائیل، بژی فەلەستین". بەڵام لە هەمانکاتدا زوڵمو ستەمی سەر کوردەکان نابینێت. ساڵەهای ساڵە ئەم زنجیرەیە درێژەی هەیەو کپو بێدەنگ بوە یاخود خۆی گێل دەکات. ئەمە سیاسەتێکی دوروانەیە. لەهەمانکاتدا ئەمە رەفتاری روناکبیر نیە. روناکبیر دەبێ هەمیشە لە دژی فشارو ناهەقی بوەستێ. نەك لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیای رەسمیدا نیە بەڵکو دەبێ بەرامبەری بوەستێت. بێشکچی دەڵێ چۆن لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی ئەمریکادا دەوەستێ دەبێ ئاوەهاش لە بەرامبەر سیاسەتی چەوساندنەوەی دژ بە کوردی حکومەتیشدا بێدەنگ نەمێنێت. بەوجۆرە کە لەرابردودا هەبوە لۆژیکی روناکبیر قەت وانابێت.

سـالّی پـار روداوی ئەشـکەنجەکردنی گیراوەکـان لـە ئێراقـدا دەنگـی روونـاکبیرانی تـورکی بـەرز کـردەوەو رەخنـەیانکرد، بـەڵام لەتەنیـشتیاندا لـە زیندانی دیاربەکرو گەلێك زینـدانیتردا سـەدان روداوی لـەوە خـراپتر رودەدەن‌و ئایا ئەمانە هەتاوەکو ئێستا ئەو هەمو زەبروزەنگەی سەر کوردانیان نەبینیوە؟ بێشکچی پێیوایە لەپرسی ئەنتی ئەمریکابوندا دوژمنایەتی کورد دەکرێت.

**رەخنەیەك لەرۆژئاوا**

بێشکـچی گـەلێك رەخنـەی رۆژئـاوای کـرد، وتـی: رۆژئـاوا سیاسـەتێکی دو روانەو بێ ئەخلاقیانە بەڕێودەبات. ئەمڕۆ زۆر دەوڵەتی رۆژئـاوایی دەڵـێن ئێمـە پشتیوانی داواو مافی کورد ناکەین. زۆر لەو دەوڵەتانـەی ئەمـە دەهێننـە زمـان نفوسەکەیان ناگاتە نیوەی نفوسی کوردان.چۆنە دەبێت ئەو دەوڵەتەی نفوسـی سەد هەزار کەسـە لەسـەر چارەنوسـی ئـەو گەلـەی بـە ملیۆنـان نفوسـی هەیـە بڕیاربـدات؟ چـۆن دەکرێـت وڵاتێکـی سێـسەد–چـوار سـەد هـەزاری وەکـو لوکزامبورگ کاریگەری لەسـەر چارەنوسـی نەتەوەیـەکی ٣٠ میلیـۆنی هـەبێت؟ بێشکچی دەڵێ: رۆژئاوا هەڵوێستی ئەخلاقی‌و حقوقی نیە.

کتێبە چاپکراوەکانی بێشکچی:

شیکردنەوەی میتینگەکانی رۆژهەڵات١٩٦٧

گۆڕانی کۆمەڵایەتی خێڵە کۆچەرەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ ١٩٦٨

کێشەی پێکهاتەو گۆڕانی رۆژهەڵات ١٩٦٩





بناغـەکانی ئـەتنی‌و سۆسـیۆ–ئیکۆنـۆمی‌و سیـستەمی باشـوری رۆژهـەڵات ١٩٦٩

میتۆدی زانستی ١٩٧٧

میتۆدی زانـستی، پراکتیزەکردنـی لـەتورکیادا ١نیـشتەجێکردنی زۆرەملێـی کوردان ١٩٧٧

میتۆدی زانستی، پراکتیزەکردنی لە تورکیادا٢ تێزی مێـژوی کـورد، تیـۆری زمانی خۆرەتاووکێشەی کورد ١٩٧٨

میتـۆدی زانـستی، پراکتیزەکردنـی لـە تورکیـادا ٣ پـەیڕەوی فیرقـەی جمهوریەتی خەڵك‌و پرسی کورد ١٩٧٨

کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتی.

زانـست، ئایـدیۆلۆژیای رەسمـی، دەوڵـەت، دیموکراسـی‌و کێـشەی کـورد ١٩٩٠

روناکبیرێك‌و رێکخستنێك‌و کێشەی کورد ١٩٩٠

یاسای تونجەلی‌و جینۆسایدی دەرسیم ١٩٩٠

بەرگرینامەکان ١٩٩١

ریپۆرتاژ: بێشکچی: روناکبیری کورد بەرپرسیارێتیەکانی جێبەجێنەکردوە– (١٤,٥,٠٥–١٦:٠٩)

# ئیسماعیل بێشکچی بێدەنگی دەشکێنێ

**دارا جبران:** چی پاڵنەرێکی سیاسی، کۆمەڵایەتیو دەرونی وا لەپیاوێکی ئەکادیمی وەکو جەنابت دەکات بەسەرۆکی پارتێك بلێی "سەرۆکم"؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** قەت بیستومە شتێکی وام گوتبێ؟ کێ وایگوتوە؟ کەیو لەکوێ وایگوتوە؟ ئایا دەتوانی نمونەو بەڵگەیەکم پیشانبدەیت؟

پێموایە بۆچونەکانت بەهەڵەدا بردوی. ئەگەر مەبەستتان بێشکچیە ئەوا هەڵەن. ئەگەریش مەبەستت کەسانیترە ئەوا دەبێ لەخۆیان بپرسی. دیارە ئەوەی گوتتان خیتابێکی جوان نیە. واتە خیتابێك نیە پیاو پەسەندی بکاتو بەکەسێك بڵێ سەرۆکم.

**دارا جبران:**ئەگەر هەڵە نەبم پێموابێ کاتی کوشتاری "ئیکی یاقا"بو. ئێوەش ئەودەم دادگایی دەکران. گوتبوتان "کوشتاری دەوڵەت لەئیکی یاقادا مەحکوم دەکەم"و دواییش بەشداری دادگاکە نەبون. دواجار pkkلەئەوروپا لەدو رونکردنەوەدا لێپرسراوێتی ئەم کوشتارەی گرتە ئەستۆ. هەستتان بەچیکرد؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** وابزانم باش ئاگاتان لەم روداوە نەبوە. کوشتاری گوندی "ئیکی یاقا"ی گەڤەر لە٢٤/١١/١٩٨٩دا رویدابو. ئەم کوشتارە لەلایەن تیمە تایبەتەکانی دەوڵەتەوە رویدابو کە جلی pkkیان لەبەر کردبو.

بێگومان ئەنجامدەرەکانی خۆبەدەستەوەدەرە دانپێنەرەکان بون. ئەوەی تۆ باسیدەکەیت کوشتاری گوندی "گەرە"ی سەر بەشرناخ بو لەساڵی ١٩٩٠.





لەکاتی ئەم تاوانەدا بانگکرابومە دادگاو لەوساتەدا رونکردنەوەیەکم دابو. سەبارەت بەوەش کە ئایا pkk بەرپرسیاری ئەم روداوەی گرتبوە ئەستۆ، پێموابێ هەڵە تێگەیشتوی. بەڵام رەنگە واشبوبێ. ئەوانەی ئۆپەراسیۆنی ئاوایان ئەنجامدابو ئەو کەسانە بون کە لەpkk جیابوبونەوەو تەسلیم بەدەوڵەت بوبون. لەوانەیە ئەمانە بەبەرگی pkkوە رونکردنەوەی ئاوایان دابێتە کەناڵەکانی میدیا.

بەم بۆنەیەوە منیش پرسیارێك لەتۆ دەکەم. لەبەر چی لەباتی ناوی گوندی "ساتە"ئیکی یاقا بەکار دەهێنی؟

**دارا جبران:** تێوری "یەکەم فیشەك"ی ئێوە لەنێوان خۆتو هەندێك لەکادرە سیاسیەکانی کورددا دەمەقرەو پۆلیمیکی نایەوە. ئایا ئەمرۆش پێ لەسەر تێوری "یەکەم فیشەك"دادەگریت؟ ئەگەر وەڵامەکەت "بەڵێ"یە، ئەوا ئەوکات با ئاوڕ لەشەڕی ئەمرۆی "گەریلا"ی pkk لەدژی دەوڵەت بدەینەوە. بەدەربڕینێکی دیکە ئایا دەکرێ لەپێناو کۆمارێکی کەمالیستیدا لەدژی دەوڵەت شەڕ بکرێت؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** هەتا ئێستاش پێ لەسەر تێوری "یەکەم فیشەك"دادەگرم. "یەکەم فیشەك"لە کاتوشوێنی گونجاوی خۆیدا وەکو بەرگری کەڵکی خۆی دەبێت. بۆ نمونە لەسەردەمی رژێمەکەی ١٢ی مارسدا بەرگرینامەی ناوەندە کولتوریە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵات (DDKO)شتێکی لەم بابەتەیە. بەڵام قەڵەمبازی ١٥/ئابی ١٩٨٤ناوەرۆکی جیاوازی هەیە.

پێموایە ئێوە بەشێوەیەکیتر بیر دەکەنەوە. ئەم رونکردنەوەیە تەنها ساڵی ١٩٨٤دەگرێتەوە. واتە تا ئەو دەمەی عەبدوڵلە ئۆجەلان دەسگیر دەکرێتو دەهێنرێتە ئیمرالی تێوریەکەم دەپارێزم. بۆیە ئەو قۆناغە ناگرێتەوە کە لەحوزەیرانی ٢٠٠٤وە pkkسەر لەنوێ دەستی بەشەڕ کردۆتەوە. ئەم دۆخە تازەیە بەفەرمانێکی ئۆجەلان لەئیمرالیەوە دەستیپێکردوە. وەك دەزانرێ ئیمرالیش لەژێر کۆنترۆڵی توندی دەوڵەتدایە. فەرمانی شەڕ کردنەوە لەچی هەلومەرجو بەگوێرەی کام چاوەڕوانی لەئیمرالیەوە گەیەنراوەتە شاخی "قەندیل"؟

**دارا جبران:** ئەوخزمەتەی ئێوە وەکو پیاوێکی ئەکادیمی بەبزاڤی رزگاری کوردستانتان کردوە، مشتومڕ هەڵناگرێت. بەڵام هەندێك کەس پێیانوایە لەبەر ئەو پشتگیریەی لەpkkتان کردوە زیانتان بەتێکۆشان گەیاندوە. ئایا بەپێویستی نازانی سەبارەت بەمە رونکردنەوەیەك پێشکەش بەڕای گشتی کورد بکەی.

**ئیسماعیل بێشکچی:** بەپێویستی نازانم رونکردنەوە بدەمە رای گشتی. بەگشتی هەتا ١٥ی شوباتی ساڵی١٩٩٩بەرگری لەبیرو بۆچونەکانم دەکەم. بەڵام بۆتان هەیە بێشکچی رەخنە بکەن. دیارە ئاسانکاریەکی واش هەیە. هەمو بەرهەمەکانی بێشکچی بەناوی خۆیەوە بڵاو کراونەتەوە سەبارەت بەهیچ نوسراوێك روبەروی ئەوە نابیتەوە بگوترێ"ئەمە هی بێشکچیە یان هی ئەو نیە". بەئاسانی دەتوانن لەرێگەی ناوەندەکانی پەخشەوە ئەم بەرهەمانەتان





دەسکەوێت. دیارەرەخنەی ئێوە سەبارەت بەم بابەتانە سودی بۆ بێشکچی دەبێت.

**دارا جبران:**"روناکبیرانی تورك" (چەند کەسێکی لێدەرچێ) بەگوێرەی هێڵی سیاسی دەوڵەت هەڵسوراون. بەڕای جەنابت "روناکبیری کورد"چی لەبەرامبەر دەوڵەتی باڵادەستو چی لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیە باڵادەستەکانی کوردستاندا تاچی ئاستێك توانیویانە دەسپێشخەری سەر بەخۆ بنوێنن؟ ئایا دەتوانی باسی توێژێکی روناکبیری سەربەخۆی کورد بکەنو بڵێی توێژێکی وا هەیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:**" کورد بێپسانەوە باسی "چارەسەری"، دەکەن، لەکاتێکدا دەبێ چۆنیەتی پرسەکەو رابردوی مێژویی ئەو پرسە بزانرێتو پیاو لەوە تێبگات بۆچی هێشتا وەکو "پرس" ماوەتەوە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، لەچوارچێوەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا چادرێکی لەعنەتی کێشراوە بەسەر کورداندا. روناکبیرانی کورد ئەم قۆناغە ناکەنە کێشە. هەوڵدەدەن بەچەمکی "برایەتی"و "ئەنتەرناسیۆنالیزم"ئەم قۆناغە دەرباز بکەن. بۆیە بێپسانەوەی باسی "چارەسەری" دەکەن. دیارە ئەمەش دەبێتە چارەسەرێك کە ئەوەندە ئایدیۆلۆژی رەسمی نارەحەت ناکات. ئەو پیشنیارانەی بۆ چارەسەری دەیانخەنە رو، وای پیشاندەدەن کە زیانێکی ئەوتۆ بەئایدیۆلۆژی رەسمی ناگەیەنێ. لەوبڕوایەدام ئەوەی لەکۆتاییەکانی ١٩١٩وە تاکو سەرەتاکانی ١٩٢١رویدا لەپشت دەرگا داخراوەکاندا ئەنجامدراو هێزە

نێونەتەوەییەکان ئەمەیان کردو هەمو شتێکیان لەنێو خۆیاندا بڕیەوە. واتە ئەو دۆخە لەعنەتیەی بەسەر کورددا هاتوە هی ئەم سەردەمەیە.

بۆچی بەشێکی زۆری روناکبیرانی کورد، بێوەستان باسی "چارەسەری"دەکەن! باکاتی دادگایی کردنەکان بیربخەمەوە. لەکاتی دادگایی کردنەکاندا کوردەکان کاتێك باسی "کوردستان"یان دەکرد، دادوەرە ناشیەکان دەمودەست دەیانگوت گەلۆ ئەی چارەسەری چی لێدێت؟" دواتر دادوەرەکان بەمجۆرە پێشی بەکار هێنانی ئەم واژەیەیان دەگرت.

هەمو ئەم دیاردانە وات لێدەکەن بەزەحمەت بتوانی باسی توێژی سەربەخۆی روناکبیری کورد بکەیت. هەڵبەت بەشێوەی تاك روناکبیری کورد هەن.

**دارا جبران:** بەمداوییە روداوەکان بەرەو قوڵبونەوە دەڕۆن. لەروداوی گێچەڵی "هەڵکردنی ئالا" لەمێرسینەوە بگرە تاوەکو نائارامیەکانی دەریای رەشو روداوی"لینج" هەمو کارەساتن. هەندێك وایان لێکدایەوە کە ئەو هێزانەی دژی گفتگۆی ئەندامێتی تورکیان لەیەکێتی ئەوروپا، ئەم نائارامیانەیان خولقاندوە. لەمبارەیەوە بابەتەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟.

**ئیسماعیل بێشکچی:** دیارە ئەو کوردانەی لەکوردستانەوە بەرەو رۆژئاوای تورکیا کۆچیان کردوە لەلایەن تورکە نەژادپەرستو نەتەوەپەرستەکانەوە ئازار دەدرێن.

پیاو دەتوانێ روداوی ئالا لەمێرسینو نائارامیەکانی لینج لەم چوار چێوەیەدا بنرخێنێ. رەنگە ئەمە کردەوەی ئەو هێزانە بێت کە نایانەوێ تورکیا ببێتە





ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. ئەم دەستەو تاقمانە زۆر بەهێزو ریشەدارن، چونکە پەیوەندیان بەدەوڵەتی قوڵەوە هەیە.

سەرەڕای هەمو ئەمانە گومان ناکەم لەرۆژئاوای تورکیا ململانێیەکی توندوتیژی نەژادی بێتە ئاراوە. هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "سیاسەتی سەرەکی تورکیا لەمەڕ کوردان ئاسیمیلاسیۆنو تواندنەوەیە". بۆ ئەوەش هەڵکەندنی کوردان لەشوێنو وڵاتی خۆیانو نیشتەجێکردنیان لەرۆژئاوای ئەنادۆڵ بەشێکی ئەم سیاسەتەیە. کاولکردنی گوندی کوردانو رادانی بەکۆمەڵی کوردان بەرەو رۆژئاوای ئەنادۆڵو دورخستنەوەیان کردارێکی سیستەماتیە. بەمجۆرە هیوادارن کە کوردان ئاسیمیلەبکەنو بیانتوێننەوەو بیانکەن بەتورك. لەرۆژهەڵاتو هەرێمە کوردنشینەکاندا پیشەسازی پێشناخرێتو پێشی پێشکەوتنی کشتوکاڵی میکانیزەی کورد دەگیرێتو هەرێمەکە بە ئەنقەست بەدواکەوتویی دەهێڵرێتەوە بۆئەوەی ئەم سیاسەتە جێبەجێبکرێت. لەکۆتایی هەشتاکاندا سەرکۆمار تورگوت ئۆزال نامەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەودەم سلێمان دەمیرل نارد. لەم نامەیەدا سەرکۆمار نوسیبوی: " ئەگەر ٥٠٠ هەزار کوردی ناوچەشاخاویەکان بەرەو رۆژئاوا کۆچ پێبکەن، کێشەکە تارادەیەکی زۆر چارەسەر دەبێت..."

ئەگەر خێزانە کوردەکان بڕۆنە شارەکانی بورسا، ئیزمیت، ئیزمیر، دەنیزلی و ئایدین و هتد و تێیدا نیشتەجێ ببن، چیتر لە لایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ئازار نادرێن. دامودەزگاکانی کار، کاری هاوبەش دەستەبەر دەکەن و تەنانەت

دەوڵەت لەمروەوە یارمەتی دارایشییان دەداتێ، بۆنمونە ئاسانکاریان بۆ دەکات کە لە بانکەکان " سولفە " وەربگرن، بەڵام هەمان کورد ئەگەر لە ناوچە کوردنشینەکاندا سەرمایەگوزاری بکات بەهێزەوە بەرپەرچدەدرێتەوە و ناتوانێ سولفە وەربگرێت. ئەم خێزانە کۆچ پێدراوانە هەرکات لەلایەن تورکە نەژادپەرستەکانەوە ئازار بدرێن دەمودەست دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان لە کوردستان. جا ئەم دۆخە بۆسیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە شتێکی باش نابێت.

**دارا جبران:** بەڕێز بێشکچی ئەگەر هەوڵەکانی بە ئەوروپایی بونی عوسمانیەکانیشی بخەینە سەر، ئەوا هەوڵی بەرۆژئاوایی بونی تورکیا ٢٠٠ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ. سەرەڕای ئەمە، ئەو وڵاتانەی کە پاشماوەی روخانی بلۆکی رۆژهەڵات بون، دوای ئەوەی لیبرالیزمی ئابوریو سیاسییان هەڵبژارد تەنها لەماوەیەکی کورتی ١٤ –١٣ساڵدا بونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. ئایا ئێوە پێتانوایە کە تورکیا لەروی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیستەمی بەدیموکراتی بونەوە بۆ ئەم ئەندامێتیە پێگەیشتبێ؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** ئایدیۆلۆژی رەسمی لەسیستەمی سیاسی تورکیادا زۆر بەهێزەو بەباشی بۆتە دەزگا. دەزگای ئایدیۆلۆژی رەسمی، گرنگترین دەزگای سیاسی تورکیایە. تەنها سیاسەت نییە، بەڵکو زانستو شێوە ژیانی هزریش یەکلاییدەکاتەوەو ئاراستەی پێدەدات ئەو دەوڵەتەی خاوەنی ئایدیۆلۆژی رەسمیە مەحاڵە دیموکراتیزە ببێت. ئایدیۆلۆژی رەسمی لەلایەن زانکۆکان،





راگەیاندن، دەزگاکانی داد، پارتە سیاسیەکان، سەندیکاکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە پشتگیری دەکرێت. لەهەفتاکانو هەشتاکاندا بەباشوری ئەفریقایان دەگوت "نەژادپەرستترین دەوڵەتی دنیا" یە. دیکلەرك سەرەك کۆماری سپی پێستی ئەو وڵاتە بو. ئەو چەمکەی ٢٧ساڵ نێلسۆن ماندێلای زیندان کرد، چەمکی سەرەك کۆمار بو. لەهەڵبژاردنی ١٩٩٤دا نیلسۆن ماندێلا بوە سەرکۆمارو ئایدیۆلۆژی ئەو وڵاتە ئەوەندە وشكوپتەو نەبو کە پێیدەگوترا "نەژادپەرسترین دەوڵەتی دنیا".

هەورەها پیشانیدەدا کە ئەم ئایدیۆلۆژیە بەدەزگا نەبوە. لەکاتێکدا ئایدیولۆژی رەسمی تورکیا بەباشی دەزگایی کراوە.

لەمەولا ویڕای ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت دەدەمەوە، باسی سیستەمی بەبولگار کردنی بۆلگاریا دەکەم لەساڵی ١٩٨٨ –١٩٨٥دا. لەبۆلگاریادا ئەم کردارانە ئەوەندەی نەخایاند. لەژێر فشاری دەرەکیو ناوخۆدا دواجار رژێمی بۆلگاریا ناچار بو واز لەم سیاسەتە بهێنێو بەرەسمی دانی بەزمانو کولتوری تورکەکانی ئەم وڵاتەدا نا. تورکەکانی ئەموڵاتە "پارتی مافو ئازادیەکان"یان دامەزراند. ئەمڕۆ ئەم پارتە هاوبەشی حکومەتی بۆلگاریایە. لەکاتێکدا کوردەکان لەتورکیا هێشتا بۆیان نیە ناوی دڵخوازی خۆیان لەمنداڵەکانیان بنێن! ئەمە ئەو راستیە دەسەلمێنێ کە ئایدیۆلۆژی رەسمی بۆلگاریا چەند نەرم بوە. هەروەها دەردەکەوێ کە لەقۆناغی بەئەندامبونی بۆلگاریا لەیەکێتی ئەوروپادا ئایدیۆلۆژی رەسمی بەیەکجاری هەڵتەکێنرا.

لەسیستەمی سیاسی تورکیادا روبەروی دەزگایەکی ئایادیۆلۆژی رەسمی سەختو ریشەداکوتاو دەبینەوە. ئایدیۆلۆژی رەسمی ناگۆڕدرێت. ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەخێرایی رولەگۆڕانە، لەلایەن ئایادیۆلۆژیایەکەوە بەرێوە دەبرێت کە بەهیچ کلۆج ناگۆڕدرێت. دیسان دەبێ ئەوە بزانین کە ئایدیۆلۆژیای رەسمی لەلایەن دەزگا ئیداریو جەزائیەکانەوە جێبەبەجێدەکرێت.... لەهەمانکاتدا تورکیا هەوڵدەدات ببێتە ئەندامی کۆمەڵەی دەوڵەتە دیموکراتیەکانی ئەوروپا. سەبارەت بەمە ئاوا بیر دەکەمەوە، تورکیا واز لەخواستی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا ناهێنێ. چونکە بەئەوروپی بون، کەسایەتیەکی گەورەی پێدەبەخشێ.

بۆ نمونە کاتێك ناهێڵن تورکیا بەشداری جامی فوتبۆڵی ئەوروپابکات، زۆر ئەم ولاتە جارِز دەکات. کاتێك لەجامی جیهانی تۆپی پێدا تورکیا لەبەشی ئەوروپا قبوڵنەکرا ناراستەو خۆ بەتورکیا دەگوترا "ئێوە سەربە بەشی ئاسیای جامی جیهانین". تورکەکان ئەمەیان بەسوکایەتی لەقەڵەمدا، دیسان لەپێشبڕکێی جوانی جیهاندا کاتێك نەیانهێشت تورکیا لەبەشی ئەوروپادا بەشداری بکات پێیانگوت "ئێوە دەبێ لەبەشی ئاسیادا بەشدارییبکەن".سەرەڕای ئەمانە تورکیا واز لەبەهاکانی خۆیو چەمکی باڵادەستی تورکو شێوازی بەرێوەبەرێتی خۆشی ناهێنێ! بەرواڵەت بۆ رازیکردنی ئەوروپیەکان لەدەستوری خۆیدا هەندێك بەندی داناوە گوایە مافی کوردەکانو عەلەویەکانو هتد دابیندەکات.





باوای دابنێین کاتێك تورکیا سەردانی دەزگاکانی ئەوروپا دەکات، یەکێتی ئەوروپا ئاوایان پێدەڵێن: "دەستورو کردارەکانتان لەگەڵ ستانداردەکانی یەکێتی ئەوروپادا ناگونجیو ئێوە سەبارەت بەپرسی کورد، عەلەوی، ئەرمەنیەکانو کەمینەکان هیچ هەنگاوێك هەڵناگرن. بەڵام دوای تەواو بونی ماوەکەش دوبارە داوای ئەندامێتی دەکات، خۆ ئەوە ٢٠٠ساڵە دەیەوێ ببێتە ئەوروپی. جا ئەگەر یەکسالی دیکەش ماوەی بدەنێ دیسان هەمان تاسو هەمان حەمامە.

تورکیا واز لەم دوهەڵویستەش ناهێنێ. لەم دنیایەی کە بەدیموکراتیبون، مۆدێرن بونو سیاسەتی شوناسو گلۆبالیزم بونەتە رەوتی سەرەکی تێیدا، لەگەڵ سیستەمی سیاسی تورکیاو ژیانی فکری ئەم ولاتەدا وێکنایەنەوە. چونکە تائەمرۆ بەفشار لەسەر پرسی شوناسە جیاوازەکان بەرەنگاری ئەم رەوتە سەرەکیانە دەکەن. ئایدیۆلۆژی رەسمیش خوازیاری بەردەوامبونی فشارە لەسەر شوناسە جیاوازەکان. چی یەکێتی ئەوروپاو چی تورکیا لەمروەوە یەکتر دەخەڵەتێنن. هەردوکیان ئەم راستیەش دەزانن، کەچی لەبارودۆخەکە رازین.

**دارا جبران:** ئایا شێوەی بیرکردنەوەو تێکۆشانی گاندی دەتوانێ بکرێتە مۆدێل بۆ کوردان؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** پێموانیە بیرو چالاکی گاندی بۆ کوردان بکرێتە مۆدێل: ئەمە میتۆدێکی خەباتە کە پێویستی بەسەبرو پشوی درێژ هەیە. لەکاتێکدا

کورد زۆر هەڵەشەو بەپەلەن. ئەو چالاکیەی ئەنجامیدەدەن‌و ئەو ڕێکخراوەی پێکەوەیدەنێن دەیانەوێ ئەنجامەکەی هەر ئێستاو سبەی بەچاوی خۆیان ببینن.

**دارا جبران:** پەیامتان بۆ رای گشتی تورك‌و کورد چیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** ئەمڕۆ لەدنیادا ٢٠٤دەوڵەت هەیە. زۆربەشیان ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکانن. لەئۆلیمپیادی ساڵی ٢٠٠٤دا ٢٠٤ولات بەشدار بون. گەلێك لەم دەوڵەتانە نفوسیان کەمترە لەیەك میلیۆن، تەنانەت دەوڵەتی واشی تێدابو کە ژمارەی دانیشتوانیان لە٥٠٠هەزار کەسیش کەمتر بو. روبەری ئەم وڵاتانەش گەلێك بچوکە. وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاش وەکو لوکزامبۆرگ‌و قوبرس‌و ماڵتا لەروی نفوس‌و روبەروی گەلێك لەنفوس‌و روبەری وڵاتی کوردان کەمترە. بەڵام سەرەڕای ئەمەش نە لەکاتی کۆمەڵەی نەتەوەکان‌و نە لەکاتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا ناوی کوردان لەهیچ کۆڕو کۆبونەوەیەکی نێونەتەوەیدا نیە. بۆ نمونە لوکزامبۆرگ کە ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە نفوسی نزیکەی ٤٥٠ هەزار کەسێکە. ئیمزای لوکزامبۆرگ لەبڕیارەکانی یەکێتی ئەوروپادا هەیە. یەکێتی ئەوروپا جاروبار سەبارەت بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و ئێراق بڕیار دەردەکات "ئێمە دژی گۆڕینی سنورەکانی ئێراقین"، "دژی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردین". یەکێتی ئەوروپا دەڵێ ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە دەکرێ هەندێك مافی کولتوریان بۆ دابینبکەن...". ئایا دەوڵەتۆکەیەکی وەکو لوکزامبۆرگ بۆی





هەیە چارەنوسی کوردان دیارییبکات؟ ئاخر چۆن دەکرێ میللەتێکی ٤٥٠هەزار کەسی چارەنوسی گەلێکی ٤٠میلیۆنی دیارییبکات؟ لێرە ئەخلاقی سیاسی لەکوێیە؟ تێکڕای ئەمانە ئەوە پیشاندەدەن کەچۆنچۆنی سیستەمی نێونەتەوەیی بەتوندی دژی چارەنوسی کوردانە، ئایا بەڵگەو هۆی ئاوەها چی لەزەینی کورداندا دروستدەکات؟ بۆیە لێرە دەبێ رەخنەی سەرەکی ئاراستەی خودی کوردان بکرێت. کوردەکان بەدروشمی "برایەتی، ئەنتەرناسیۆنالیزم‌و چەپگەری" هەوڵی شاردنەوەی ئەم بارودۆخە لەعنەتیە دەدەن‌و لەپرسەکانی خۆیان رادەکەن.

**دارا جبران:** ئایا تێزی "کۆماری دیموکراتی "دەتوانرێ بکرێتە بناغەی چاەسەرکردنی پرسی کورد؟" ئایا کەمالیزم لەم سەردەمەدا دەبێتە مۆدێلێك کە جێبەجێبکرێت؟ ئایا دیموکراسی‌و کەمالیزم دو چەمکن کە دەتوانن یەکتر تەواو بکەن؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** کەمالیزم ئایدیۆلۆژی رەسمی بنیاتناوە. ئایدیۆلۆژی رەسمی خۆی لەخۆیدا ئایدیۆلۆژی نیە. ئایدیۆلۆژیەکە لەرێگەی ئیجرائاتی ئیداری‌و جەزائیەوە بەکار دەهێنرێت. کاتێك ئایدیۆلۆژی رەخنە دەکەیت، یاخود پەسەندی ناکەیت‌و هەڵوێستی گونجاوت نیە بەرامبەری، لەسەداسەد روبەروی ئیجرائاتی ئیداری‌و جەزائی دەبیتەوە. لەدیموکراسیە غەربیەکانیشدا ئایدیۆلۆژی هەیە، دیارە لەژیانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتیدا ئایدیۆلۆژی خۆی پۆلێنبەندیەکی سیاسیە. بەڵام ئەمە تەنها ئایدیۆلۆژیەو بەس، واتە ئایدیۆلۆژی

رەسمی نیە. کاتێك بەدڵت نەبوو رەخنەت کرد، روبەرووی ئیجرائاتی ئیداریو قانونی نابیتەوە. دەوڵەتێك کە ئایدیۆلۆژی رەسمی هەبێت، دەوڵەتێکی دیموکمراسی نیە.

لەبەر ئەمە پیاو ناتوانێ بڵێ کە کەمالیزم لەگەل دیموکراسیدا دەگونجێت. لەدیموکراسیە هاوچەرخەکاندا مۆدێلێکی سیاسی، کولتوریو ئابوری کە پشت بە ئایدیۆلۆژی رەسمی ببەستێ، برەوی نیە. تێزی "کۆماری دیموکراتیش"نەك چەمکێکە لەگەڵ پرسی کوردا وێکنایەتەوە بەڵکو نابێتە بناغەی چارەسەر کردنی ئەم پرسەش. چونکە ئەم تێزە پێیوایە کە دیموکراتی هەیەو دەوڵەت دیموکراتیزە دەبێو هەندێك مافی کوردانیش بەرەسمی دەناسێ. دەوڵەتیش پێ لەسەر بەدیموکراتی نەبونی دادەگرێت. هەورەها پێ لەسەر نەدانی ئەو مافانە دادەگرێ کە ئەو تێزە پێیوایە هەیە. بۆ نمونە سەرەڕای ئەوەی یەکێتی ئەوروپا داوای ریفۆرمی دەکرد، ئەمان هەندێك گۆڕانکاری دەستوری ئەنجام ـ دەدەن کەچی زەینو بیرێکی دیموکراتیانە لەتورکیا پێشنەکەوتوە. بۆیە تائێستا کوردان ناتوانن ناوی کوردی لەمناڵەکانیان بنێن. لەساڵانی ١٩٨٨ — ١٩٨٥دا تورکەکانی بۆلگاریا نەیانتوانی مناڵەکانیان بەتورکی ناو بنێنو بولگارەکان ناوەکانیان دەگۆڕین.

هەولی بەبولگار کردنیان دەدا. بەرێوەبەرێتی بولگار بەتورکەکانی دەگوت "ئەگەر ناوی بولگاری هەڵبژێرن ئەوا لەناو پارتی کۆمۆنیستی بۆلگاریاو بیروکراسی دەوڵەتدا دەرفەتی پێشکەوتنیان بۆ دەرەخسێت بەپێچەوانەی





ئەمەوە، لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا روبەرووی زەبرو زۆر دەبنەوە". لەوکاتەدا ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی بۆلگاریا لەلایەن راگەیاندن، زانکۆکان، دەزگای داد، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پارتە سیاسیەکان، سەندیکاکان، نوسەرانی دەوڵەتو حکومەتی تورکەوە بە"فاشیست"و "کۆلۆنیالیست"،"ئەمپریالیست"، "ناهاوچەرخ"و هتدو تاوانبار دەکرا.

گرنگترین پرۆسەی جێگیرکردنی بەدیموکراتیکردن، رەخنەکردنی ئایدیۆلۆژی رەسمیە بەچەمكو دەستەواژە زانستیو سیاسیەکان. پێویستە ئەم رەخنە بەردەوامو دینامیك بێت. کوردەکان بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی دەوڵەتی تورکیا هێزێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی گرنگن. دیموکراسی بەوە نایەتە دی کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژی رەسمیدا یەکبگرن، بەڵکو بەپرۆسەی رەخنە کردنی دێتە دی.

**دارا جبران:** دوای ئەوەی حیکمەت فیدان کوژرا ئەم کردارەتان مەحکوم کردو گوتتان "دەبێ ناوێك لەم تاوانە بنێین". حیکمەت فیدان یەکەم نارازی نەبو کە کوژرا. بۆچی ئەو هوشیاریەی لەم روداوە هاتە کایەوە پێشتر نەبو؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** دەبێ هەمو کات بەرامبەر بەتاوانی ئاوا وریا بین. ئەگەر پێشتر وریایی نەنوێنراوە ئەوە خۆی کەموکورتیە.

ئەمرۆژانەش (ناوەڕاستی شوباتی ٢٠٠٦)هەواڵی کوژرانی کانی یەڵماز دامەزرێنەرو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پارتی وڵاتپارێزی دیموکرات و سەردار کایا ئەندامی ئەوپارتەمان پێگەیشت کە لە دەوروبەری سلێمانی

رویدابو. بەراستی كوشتنی كەسێك ئابەمجورە كە ٢٥ساڵ بەر لە ئێستا هاتۆتە ناو pkk و دواتر لەبەر جیاوازی بیرورا لەو رێكخراوە جیابۆتەوەو یەكێك لە ئەندامە دامەزرێنەرەكانی پارتیوڵاتپارێزە، درامایەكی خەمناكی ژیانی كوردانە. Pkk لەهەموشتێك زیاتر باسی "ئاشتی" دەكات. دوای "ئاشتی" لە دەوڵەت دەكات. ئەوانە بەهیچ كلۆج لەگەڵ ئەندامە جیابۆوەكانی خۆیانو رێكخراوە كوردیەكانی دیكەدا ئاشتی ناكەن، بێگومان هیچكات ناگەن بەو ئاشتیەی كە بەدوایدا دەگەڕێن...

**داراجبران:** ماوەیەك لەگەڵ ئەو رەخنانە نەبون كە لە ئۆجەلانو pkk دەگیران. تەنانەت جارو باریش كەوتنە مقۆ مقۆوە. بەتایبەت رەخنەی كەسە دابڕاوەكانی pkk تان بە "تۆمەتبار"كردن لەقەڵەمدا. دوای ئەوەی روداوەكانی دواترتان بینی، ئەمڕۆ دەتوانن بڵێن كە هەڵویستی ئەو كاتەتان راست بوە؟

**ئیسماعیل بێشكچی:** سەردەمانێك لەو بڕوایەدا بوم كە pkk ڕاستیەكان دەهێنێتە زمان. سەبارەت بە پێشهاتەكانی باشوری كوردستانو جیابونەوەكان لەpkk ، پێموابو ئەو هەواڵانەی لە pkk وە دێن راستن. بەڵام ئەمڕۆ، پێموایە دەبێ گوێ لە بیروبۆچونی باشوری كوردستانی وەكو پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانی كوردستانو كەسە دابڕاوەكانی pkk بگرم و بۆخۆم هەڵیانسەنگێنم. گیرانی عەبدوڵا ئوجەلان و هێنانەوەی بۆ توركیاو دواتر بەرگریەكانی لە دادگەی ئیمرالی بەخاڵی وەرگۆڕانی ئەم رەوتە





دەزانم. ئەم ساڵانەی دوایی pkkبێوەستان باسی "ئاشتی"دەكات. بۆچی ئەم ئاشتیە لەگەڵ رێكخراوە كوردیەكانیتر یاخود لەگەڵ كادرە جیابۆوەكانی خۆیدا ناكات؟ بەراستی ئەمە بارودۆخێكە كە پێویستە بەجدی لێیوردبینەوە.

**دارا جبران:** بەرێز بێشكچی ئێوە كەسایەتیەكن كە بەتێزە سیاسیەكانتان گەورەترین كۆمەكتان بەخەباتی ئەنتی ـ كۆلۆنیالیستیو تیكۆشانی رزگاری نیشتمانی كوردستان كردوە. ئەو تێزە سیاسیە ناوبراوانە ئازادیو سەربەخۆیی كوردستان وەكو وڵاتێك دەكاتە بنەماو سەربەستی نەتەوەی كورد وەكو نەتەوە بەبناغە دەزانێت. سەرەڕای ئەو هەمو فیداكاریەی كە لەبەر تێزە سیاسیەكانتان كێشاوتانەو ئەو هەمو شەڕەی كە بەرێوەچون ئەمرۆ ئاپۆو pkkهەوڵدەدەن رەوتەكە بگۆڕنو گەلی كورد بكەنە پاشكۆ (یەدەگ)ی دوڵەتی تورك، بۆچی ئەو ماوە بێدەنگ بون؟

**ئیسماعیل بێشكچی:** ئەم رونكردنەوەیەت ناكۆكە لەگەڵ بەشی دوەمی. ئەگەر لەم رونكردنەوەیەتدا مەبەستت لەدوای ١٥ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩یە، ئەوا لەگەڵتام. بەڵام ئەگەر مەبەستت پێشتر لەم مێژوەیە ئەوا لەگەڵت نیم. هەڵگۆستەو تێگەیشتنت سەبارەت بە"بێدەنگ بون"راست نیە. ئێوە ئەو قسانەش بەبێدەنگی دەزانن كە لەنێوان ٢-٣كەس یاخود٤-٥كەسدا ئەنجامدەرێت.

ئیلا داوای نوسراوێك دەكەی یاخود لەپێشدا ئاخاوتنێكت دەوێ كە لەچوارچێوەی پرۆگرامێكدا رابگەیەنرێت، رەنگە لەمەدا لەهەندێك روەوە

بەرهەق بیت. دارا ژیان بەمجۆرە یان بەوجۆرە درێژەی هەیە.... کەسایەتیەکان بەدیویتریشدا بەرپرسیارێتیان هەیە. ئەمانە حاشایان لێناکرێت. ناکرێ هەمیشە بەشێوەیەکی دینامیکیو زیندو بەرهەڵستی بکرێت. هەڵبەت کەسەکان بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان هەوڵدەدەن ئەم بەرپرسیارییە جێبەجێبکەن. جگە لەوەش جۆشی ساڵانی نەوەدەکانم نەماوە. بەڵام دەبێ پیاو غیرەتی دەربازکردنی ئەمانەشی هەبێت. بەم هەموەشەوە "بێدەنگ بون"دەستەواژەیەك نیە کە بخرێتە پاڵ بێشکچی. پێموایە بێشکچیت بەباشی نەناسیوەو تاقیتاننەکردۆتەوە.

**دارا جبران:** ئۆجەلان چەند ساڵێك دەیگوت "من بەتاقی تەنیا ئەم شۆڕشە بەرێوە دەبەم. کەس لەکردەکانم تێناگات". لەپایزی ساڵی ١٩٩٧دا لەگۆڤاری "سەرخۆبون"دوای ئەوەی هەمان وتەی دوبارە کردەوە، ئاماژەی بەئێوەش کرد، "ئیسماعیل بێشکچیش لەهەوڵ و کردەوەی من تێناگات"، ئایا ئێستا قسەکانی ئۆجەلان بەراست دەزانیت؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** ئەو خەباتەی pkk کە لەساڵی ١٩٨٤وە دەستیپێکرد لەبەر چاوی هەموکەس، واتە رای گشتی تورکو کوردو دنیاوە بەرێوە چوە. بێشکچی هەوڵیداوە کە ئەم خەباتەی کە بەبەرچاوی هەمولایەکەوە بەرێوە چوە لەرێگەی زانستو سیاسەتەوە تێبگات، شیبکاتەوەو هەوڵی لێکدانەوەشی بدات. کێ دەچێتە ریزی گەریلاوە، گەریلا چۆن خۆی راڤە دەکات، ئامانجی





چیەو چیدەخوازێت؟ ژنان چۆنچۆنی دەچنە ریزی گەریلاوە، بۆچی دەچنە ریزیانەوە؟ ئەوانیتر بۆ نمونە دەوڵەتو رێکخراوەکانی چەپی تورك، رەوتی راستی تورك چۆن لەگەریلا تێدەگەن؟ لەمروەوە ئەو سەرچاوانەی بەکار هێنراون هەموان دەستیان پێڕادەگات واتە چاپەمەنیەکان. ئەمە قسەو نوسراوو کتێبەکانی عەبدوللە ئۆجەلانیش دەگرێتەوە. دیارە مرۆڤ لەم وتەو نوسراوو کتێبانە هەندێك شت وەردەگرێت. بێشکچی چی رویداوە ئاوا لێیان تێگەیشتوەو هەر ئاواش هەوڵی لێکدانەوەیانی داوە. بەڵام لەدەرەوەی وتەو نوسراوو کتێبەکانی ئۆجەلاندا نابێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە نیەتی سەرەکی ئۆجەلان چیەو ئەوەی دەرینەبڕیون چی بون. بێشکچی مەرامێکی وای نیەو بەدوایشیدا ناگەڕێت. وتەو نوسراوەکانی ئۆجەلان شتێکی تێدا نیەکە پیاو لێی تێنەگات.

بۆ نمونە زۆر بەرۆشنی دیارە کە ئەو بیرو بۆچونەی کە لەئیمرالی دەیەوێ کەمالیزمی پێدەربڕی بەبەراورد لەگەڵ وتەو نوسراوەکانی پێشویدا هەتا بڵێی بەرەو پاشەوە دەرۆن بەڵام زیاتر لە وتەکان هەڵویستو کردەوە گرنگترن. لێرەدا ئاپۆ هەڵویستو کردەیەکی گونجاوی نیە.

بەش بەحاڵی خۆم پێموابو کە خەباتی گەریلا، وشیاری نەتەوەیی، خودئاگایی نیشتمانیو خودوشیاری زمانی زکماکی کوردان پێشدەخات. بەڵام ئەم چاوەڕوانیە نەهاتۆتە دی. Pkk دەم لەکوردو کوردستان دەدات. زۆر ئەم زاراوو دەستەواژانە بەکار دەهێنێ. بەڵام زمانەکەی تورکیە، نوسینی تورکیەو

بەکولتوری تورکی دەژیت. سەبارەت بەزمان‌و کولتوری کورد هیچ جۆش‌و خرۆشێکی نیە. Pkk هەمو ئەو کەسانەی کە بەزمان‌و کولتوری کوردی دانوستان دەکەن‌و داوای بەهاکانی کورد دەکەن‌و لەگەڵ ئەم بەهایانە دەژین بە"نەتەوەپەرستی سەرەتایی ودواکەوتو" لەقەڵەمدەدات. ئەمەش خۆی بابەتێکە دەبێ تێبڕابمێنین‌و بەوردی هەڵیسەنگێنین.

**دارا جبران:** بەرێز بێشکچی، ئێوە ناوێکتان هەیە کە لەگەڵ کورددا وەکو گۆشت‌و ئێسقان ئامێتە بوە. ئەو کاتەی لەزانکۆی ئەرزرۆم بون لەبەر توێژینەوەکانتان روبەروی گەلێك گیروگرفت بونەوە. هەروەها لەبەر ئەم خەباتەتان ساڵانێکی دورودرێژی تەمەنتان لەزیندانەکان بردە سەر. وەکو کەسێك کە کوردتان کردۆتە بابەتی توێژینەوەکانتان، رەوشی ئەمرۆی بزاڤی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** پیاو دەتوانێ ئەمە بەدو شێوە شیبکاتەوە. یەکەمیان دەکرێ ئاوا بێت: بەگوێرەی ٣٠–٤٠ساڵ پێش، پێشکەوتنێکی زۆر هاتۆتە ئاراوە. لەو سەردەمەی کوردو زمانی کوردی قەدەغە بون، زمان‌و کولتوری کورد لەژێر هەڕەشەی نەهێشتن‌و سڕینەوەدا بوە. بەڵام لەرۆژی ئەمرۆماندا لەسایەی تێکۆشانەوە گەلێك دەسکەوت بەدەستهێنراوە.

ئەم دەسکەوتانە چەندی زۆریش نەبن بەڵام پشتیوانیەکی دەستوریان بۆ دەستەبەر کراوەو لەدەستوردا مادەی بۆ بڕاوەتەوە. لەلایەکیتریش دەکرێ ئاواش لێکیبدەینەوە: سەرەڕای ئەو هەمو خەباتەی کراوە دەسکەوتەکان





کەمن. ئەو هێزە (pkk) خەباتی رزگاری نەتەوەیی پێشنەخستوە: بەڕای من هەرچی باشوری کوردستانە رەوشێکی زۆر باشی هەیە. دوابەدوای ئەوەی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣دا رژێمی ئێراقی گۆڕی، کوردەکان بەرلەشەڕو دوای شەڕ دەسکەوتی باشیان هەبوە. کوردەکان سیستەمی فیدراڵی ئێراقیان جێگیر کردو قەناعەتیان بەعەرەبان کردو نوسینەوەی دەستوریان بەگوێرەی خواستی کوردان ئەنجامداوەو بەڕای من ئەمە گەورەترین دەسکەوتە. پێموانیە کەس بتوانێ کوردەکان لەم ئاست‌و قۆناغە بگێرێتە دواوە.

**داراجبران:** لەچالاکیەکانتاندا پێناسەی "کوردستان کۆلۆنی نێودەوڵەتان"تان خستە رو. بەم هۆیەوە گوتتان پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە. ئایا پرسێکی نێونەتەوەیی لەچوار چێوەی مافەکانی تاکدا چارەسەر دەکرێت؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** پێویستە دەستەواژەی "کوردستان کۆلۆنی نێونەتەوەیی" سەر لەنوێ لێکبدرێتەوە. کوردستان تەنانەت کۆلۆنیش نیە. لێرەدا دەبێ بەوردی هەمو شتێك لێی بتوێژرێتەوە. کۆلۆنی سنوری خۆی هەیە. بۆ نمونە کاتێك دەڵێی"هیندستان کۆلۆنی ئینگلتەرەیە"یاخود "جەزایر کۆلۆنی فەرەنسایە"یان "ئەنگۆلا کۆلۆنی پورتوگالە"باس لەوڵاتێك دەکەی کە سنورەکانی دیارن. دەوڵەت‌و وڵاتی کۆلۆنی چەندی ئاستنزمیش بێت کەرەکتەرێکی سیاسی هەیە. دیسان کۆلۆنیەکان بۆ ئەوە نەکراون کە هەتا ــ هەتایە وەکو خۆیان بمێننەوە. دەوڵەتی میترۆپۆل کاتێك بزاڤی کۆلۆنیەکەی لەروی سیاسی، ئیداری‌و ئابوریەوە گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز ئەوا سەربەخۆیی

ئەو وڵاتە بەرەسمی دەناسێ. هەرچی کوردو کوردستانە لەسەر زمانان‌و مێژو سڕاوەتەوە. پارچە ـ پارچە کراوەو دابەشکراوە. لەجەنگی جیهانی یەکەمدا عەرەبەکانیش لەت ـ لەتکران بەڵام ئەمانە هەر کامیان دەوڵەتی جیاوازی خۆی پێکەوە ناوە. لەنێوان ئەم دوجۆرە دابەشکردنەدا لەروی چۆنیەوە فەرقێکی یەکجار زۆر هەیە. لەروی تایبەتمەندیە ئەنترپۆلۆژیەکانەوە چەندی کورد یەکتر قبوڵناکەن‌و کەسیان دان بەویتریاندا نانێن ئەوا عەرەبانیش هەمان تایبەتمەندیان هەیە. بەڵام دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ عەرەبەکان‌و کوردەکان زۆر لێك جیاوازن. شیکردنەوەی ئەمە سودی دەبێت.

لەتورکیا قەناعەتێك هەیە کە دەڵێن پرسی کورد دەسکردی ئیمپریالیزمە. "واتە لەپشتەوەی پرسی کورددا ئەمپریالیزم هەیە. هەمیشە ئەمپریالیزم کوردەکان دنە دەدات...". ئەم قەناعەتە ئەمرۆش برەوی هەیە. لەکاتێکدا بنێشەی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی رابردو.

لەبیستەکاندا ئەم پرسە شاراوە بو و دەرەتانی رونکردنەوەی نەبو.

دەبێ هۆو ئەنجامەکانی بیستەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان لێی بکۆلرێتەوە. بەریتانیای گەورەو فەرەنسا... کاتێك لەبیستەکاندا ئەو هەموە دەوڵەتەیان بنیاتنا، تۆوی دژە کوردیان لەم وڵاتانەدا چاند، واتە هەڵویستی دوژمن بەکوردیان هەبو کەچی لەهەمانکاتدا لەگەڵ دەوڵەتە باڵادەستەکانی کوردا پەیوەندی باشیان هەبو. سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بەکورد هیچ جیاواز نەبو لەسیاسەتی بەریتانیاو فەرەنسا. لەکاتێکدا سیاسەتی دەرەوەی





یەکێتی سۆڤیەت داوای مافی چارەی خۆنوسینی بۆ گەلانی ژێر چەپۆکە دەکرد، کەچی هیچ کات ئەمەیان بۆ کورد روا نەبینیوە.

بێگومان پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە، واتە پرسێکی یەکجار گەورەیە. وەکو رۆژ رۆشنە کە پرسێکی یەکجار گەورە هەرگیز بەپێشخستنی مافەکانی تاك چارەسەر ناکرێت.

لەئاکامی جەنگی یەکەمی جیهاندا کۆمەڵەی نەتەوەکان سیستەمێکی دارشت. لەقاتی یەکەمدا دەوڵەتی گەورە وەکو بەریتانیا، فەرەنسا، ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەت هەن. لەقاتی دوەمدا ئەو ولاتانە هەن کە وابەستەی ولاتەکانی قاتی دوەمن کە بەماندا واتە کۆلۆنی دەناسرێن. وەکو ئێراق، ئۆردون، فەلەستین، سوریاو لوبنان‌و هتد. یاخود ئەو دەوڵەتانەن کە لە روی سیاسی‌و ئابوریەوە وابەستەی دەوڵەتە گەورەکانن. لەو بڕوایەدام کە تورکیاو ئێران لەریزی وڵاتانی قاتی دوەمدان. هەروەها لەدەروەی ئەم دو قاتە سەرەکیەدا ئەو گەلانە هەن کە هێشتا بەدوڵەت نەبون. ئەمانە لەنێوان دەوڵەتە کۆلۆنیالیست‌و کۆلۆنیەکاندا دابەشکراون. کوردەکان گەلێکی ئاوەهان. دەوڵەتەکانی پلەی دوەم بۆ ئەوەی گەلانی پلەی سێیەم مافە نەتەوەیی‌و دیموکراتیەکانیان وەرنەگرن هەمیشە پشتیان بەپشتیوانی سیاسی، سەربازی‌و ئابوری وڵاتانی پلەی یەکەم بەستوە بۆ سەرکوتکردنی گەلانی سێیەم، ئەو گەلانەی لەپلەی دوەمدان، وەکو نمونەی کوردان، جاروبار بۆ ئەوەی خۆیان لەپاکتاوی نەژادی بپارێزن‌و مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن، داوای پارمەتیان لە زلهێزەکانی

پلەی یەکەم کردوە. بەڵام گەلێجاریش کەس دەنگی نەبیستون. ئەم ولاتە گەورانە زۆربەیجار گوێیان لەسەرکوت و پاکتاو و ئۆپەراسیۆنەکانی لەدژی ئەم گەلانە خەواندوەو خۆیان لێ کەڕ کردوە. ئەوەی لێرە هەوڵمداوە بیهێنمە زمان ئەمە: شیکردنەوەی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکان نابێ تەنها لە ئاستی دەوڵەتەکاندا بێت. واتە دەبێ ئیرادەی سیاسیو چارەروانیەکانی ئەو گەلانەش لەبەرچاو بگیرێت کە هێشتا بەدەوڵەت نەبون. نابێ لەئانالیزی پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا ئەم گەلانە لەبەر ئەوەی دەوڵەتەکانی پلەی دوەم بێهێزیان کردونو پەراوێز خراون، پشتگوێبخرین. بەڵام دەوڵەتانی پلەی دوەم هەمیشە بۆ سەرکوتکردنی گەلانی پلەی سێیەم داوای پشتیوانی سەربازی، سیاسیو ئابوری لەدەوڵەتانی پلەی یەکەم کردوە. هەمو کاتێکیش ئەم کۆمەکانەیان دەسکەوتوە. لەسەروی هەمو ئەمانەشەوە بۆچی بەئیرادەوە هەوڵدەدرێ گەلانی پلەی سێیەم (بۆ نمونە کوردان)لەم پلەیەدا بهێڵرێنەوە؟ ئەمە پێویستە بەوردی لێی بتوێژرێتەوە.

**دارا جبران:** دوابەدوای هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق، یەکێك لەدوژمنە ئەزەلیەکانی کورد واتە رژێمی سەدام حوسێن بۆ هەمیشە تێکروخا. لەتورکیا لەرەوتی فاشیستەوە بگرە هەتاوەکو چەپەکان هەمویان لەژێر ناوی دژایەتی ئەمپریالیزمدا پشتی سەدامیان دەگرت. چۆنچۆنی ئەمە شیدەکەنەوە؟ دەبێ هەڵوێستی چۆن بێت؟





**ئیسماعیل بێشکچی:** دەستێوەردانی ئەمریکا لە٢٠ی مارسی ٢٠٠٣دا لەدژی ئێراق، هەڕەشەی گەورەی سەر میللەتی کورد واتە پارتی بەعس، مخابراتو سوپا دامودەزگاکانیتری ئەو وڵاتەی لێك هەڵوەشاندەوە.

هەڕەشەی چەکە کۆکوژەکان بۆ هەمیشە لابراو هەمو ئەمانە رێگەی بۆ کوردەکان کردەوە. کورد توانی کەڵك لەم رەوشە وەربگرێت. توانیان بیرۆکەی سیستەمی فیدراڵ بخەنە مێشکی عەرەبەکانەوە. هەروەها توانیان ئەم پرۆژانە لەدەستوری هەمیشەیی ئێراقدا بچەسپێنن. دوای پەلامارەکەی ئەمریکا یەکێك لەو قسانەی کە زۆرجار دەبیسترا ئەوە بو گوایە "چەکی کۆکوژ قەت لەئێراقدا نەبوە". لەکاتێکدا لەهەشتاکانی سەدەی رابردودا ئەم چەکانە بەشێوەی سیستەماتی لەدژی کوردان بەکار هێنراوە. نابێت ئەمە فەرامۆش بکرێت. پارتی بەعس سەبارەت بەکوردان چەمکێکی هەبو. بەعسیەکان کوردستان بەبەشێکی نیشتمانی عەرەبی دەزانن. کوردستان بۆ کوردان بەحەرام دەزانو بۆ عەرەبانی بەحەڵاڵ دەزانن. هەمان چەمك لەلای کەمالیستەکانیشدا هەیە. لەبەر ئەمە کاتێك ئەمریکا پەلاماری ئێراقی دا دەگوترا"ئەمپریالیزم ئێراقی داگیر کرد". بەڵام ئەو کاتەی سەدام حسێن کوردستانی داگیر دەکردو چەکی کۆکوژی بەکار دەهێنا، پاکتاوی رەگەزی دەکردو ئۆپۆراسیۆنی ئەنفالی ئەنجامدەدا. هەمولایەك ئەمەیان بە دیاردەیەکی نۆرماڵ لەقەڵەمدەدا. رژێمێك کە لەسەرەوە هەتاوەکو نینۆکی پێی بەچەکی کۆکوژو چەکی کیمیاییو

بایۆلۆژیو گازی ژەهراوی پرچەك کرابو، تەنها بەدەستێوەردانی ولاتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکا هەڵدەتەکێنرا.

لێرەدا پێویستە سەرنجتان رابکێشم بۆ دیاردەیەکی سەیری مێژو بەشێوەیەك دوبارە دەبێتەوە. لەبیستەکانی سەدەی رابردودا هێزە ئیمپریالیەکان بەهاودەستی هێزە خۆجێییەکان کوردو کوردستانیان داگیر کرد. دابەشو پارچەیان کرد. لە٢٠٠٠کاندا، هێزی ئیمپریالی سەردەم، سەرەڕای بونی هێزە هەرێمیەکان، "ستاتیکۆی پیرۆزی" بیستەکانی تێکوپێکدا. هێزەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو جیهان هیچیان لەم دەستێوەردانە رازی نین، کەچی کوردەکان بەباشی کەڵکیان لەم هەلە وەرگرتوەو لێی رازین.

ئەمەش دوبارە بونەوەیەکی پێچەوانەی مێژوە. دەبێ ئەمە بەبابەتێکی گرنگی فەلسەفەی مێژو لەقەڵەمبدرێت.

**دارا جبران:** تورکیا لە هەمو پلاتفۆرمو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا چەمکێکی هەیە کە دەڵێ"پرسی کورد پرسێکی ناوخۆیی" ولاتەکمانەو بەمە بەرگری لەخۆی دەکات. لەبەرامبەر ئەمەدا رەوشی باشوری کوردستان بۆ خۆی بەهەڕەشە لەقەڵەمدەداتو هەمو جارێك ئەمە دەردەبڕێو کەنگێ بەپێویست بزانێ لەگەڵ ئێرانو سوریا بۆ لاواز کردنی کۆدەبێتەوە. ئەو دەوڵەتەی کە دەڵێ"پرسی کورد پرسێکی ناوخۆیی تورکیایە" بۆچی گەشەسەندنی پرسی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی (لەکوردستانی خوارو) پێ قبوڵناکرێو بەهەڕەشەی دەزانێو دەستی تێوەردەدات؟





**ئیسماعیل بێشکچی:** چونکە کوردەکانی ئەودیوی سنور ئیمتدادو درێژکراوەی کوردەکانی ناو سنوری تورکیان. ئەمە پرسێکە کە پەیوەندی بەدابەشکردنو پارچەکردنی کوردستانەوە هەیە.

**دارا جبران:** دەوڵەتی کۆماری تورکیا لەلایەن هێزێکی بیرۆکراتی – میلیتاریەوە بنیاتنرا. ئایا ئەم دوڵەتە لەسەرەتای دامەزرانیەوە لایەنێکی دیموکراتی هەبوە؟ ئایا ئەوە راستە کە هەندێك سەرکردەی خۆمان دەڵێن دواتر ئەم کۆمارە گەندەل بوە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** دامەزرانی کۆماری تورکیا بۆ تورکانو کوردان مانای جیاوزای هەیە. دامەزرانی کۆماری تورکیا بێگومان لەچاوی تورکانەوە لایەنی دیموکراتی هەیە. بەڵام لەچاوی کورداندا ناوەرۆکێکی دیموکراتی نیە. هەروەها دەبێ پەیمانی لۆزانیش ئاوا لێکبدەینەوە. پەیمانی لۆزان بۆ تورکو کورد واتای جیاوازی هەیە. دامەزرانی کۆمار بۆ کورد بوە هۆی قەدەغە کردنی زمانی کوردی و سڕینەوەی کولتوری کوردو پاکتاوی نەتەوەیی ئەم گەلە.

**دارا جبران:** ئەو ساڵانەی کۆماری تورکیای تێدا بنیاتنرا، لەهەمانکاتدا ساڵانی سەرهەڵدانی کوردانیشە. بێگومان گەورەترین نمونەی ئەم سەرهەڵدانە راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ە. لەتوێژینەوەکانتاندا ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە"رێکخراوی ئازادی" ناکرێ کە ئەم راپەرینەی رێکخست. هۆی ئەمە چیە؟

**ئیسماعیل بێشکچی:** سەبارەت بەرێکخراوی ئازادی بەم ساڵانەی داویی توێژینەوەی باش دەستپێکردوە، بەڵام دیارە لەروی سەرچاوەوە زانیاری

سەبارەت بەئازادی کەمن و هێشتا زانیاریەکان کلیل کراون.لەو کارو توێژینەوانەدا کورد وەکو نمونەی سەرەکی بابەتەکان بەکار دەهێنرێت. لەم نمونانەدا چۆنچۆنی هەڵسوکەوت بەرامبەر نمونەکان دەکرێو ئەم نمونانە بەگوێرەی کام توێژینەوەکانی بێشکچین. هەروەها ئەم نمونانە لەلایەن زانکۆ، راگەیاندنو دادگاکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە چۆنچۆنی دەنرخێنرێن،ئایا ئەمە لەچوارچێوەی توێژینەوەکانی بێشکچیدایە؟ بۆ نمونە "ئازادی" لەمێژوی رەسمیدا پشتگوێخراوەو هەڵوێستەکانی ئازادی لەمبوارەداو بەتایبەتی هەڵوێستەکانی خالد بەگی جبرانلی ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کلیل کراونو بەقوفڵکراوی ماونەتەوە. دیارە لەم قۆناغەدا رونکردنەوەی ئەمانە بەپێی بەڵگەو زانیاری دروست کارێکی باش دەبێت. لەوانەیە لەبەر ئەوەی جەماوەر نەتوانن دەستیان بەم زانیاریانە بگات، کۆنوسەکانیان شاردبێتەوە. واتە هێشتا قوفڵیان کردون.